



خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر

**یاسین ئەحمەد زەنگەنە**

٠٧٧٠١٤٨٨٩٦٢ - ٠٧٥٠٤٣٣٨٥٨٧

yaseenzangana@yahoo.com



ڕاوێژکاران

شەماڵ موفتی د.کەریم ئەحمەد

د. سادق عەزیز خۆشناو د. ئەحمەد وەرتی

جێگری سەرنووسەر

نەوزاد سەلام خۆشناو

دەستەی نوسەران

عەلی ئیبراهیم حەسەن

ئەمیر ئەحمەد عەبدولقادر

ئیحسان برهان الدین

ئومێد مستەفا

ئیمان ناصح

تایپێست

هاوڕێ یاسین


# بەرەو

## گۆڤارێکی بواری پەروەردەو گەشەپێدانی مرۆیی گشتییە


ژمارە (14) ئازاری 2014





















ناردنی ڕیکلامو بابەت و پەیوەندییەکان
لەڕێگای سەرنووسەرەوە دەبێت.
نرخی 2500 دینارە

دیزاین گۆڤاری بڕیار



# برەو لە وەرزی نوێدا!

* وا ژمارەی تازەی گۆڤاری برەو لە وەرزی بەهاری دڵڕفێنو قەشەنگدا بەچەپکە گوڵێکی جوانو ڕەنگاو ڕەنگ کەوتە بەر دیدی خوێنەران و هەوادارانی بواری گەشەپێدانی مرۆیی، لەم ژمارەیەدا چەند گۆڕانکاریەك هاتۆتە ئاراوە، لەوانە گۆڕینی خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکەیە، لەم ژمارەیەوە بەندە وەك سەرنووسەر ئەرکی خاوەن ئیمتیازیشم لە ئەستۆ گرتووە. خوای گەورە یارو یاوەر بێت هەوڵدەدەین ئەم مینبەرە بەردەوام بێت و لە خزمەت پێشڤەچونی بواری پەروەردەو گەشەپێداندا بێت. دڵسۆزی و خەمخۆری خوێنەران و هەواڵ پرسینی بەردەوامیان بۆ دەرچوونی گۆڤارەکە هاندەری راستەقینەمانە بۆ بەردەوام بوون و زاڵ بوونمان بەسەر ئاستەنگەکاندا.

* لەم ژمارەوە هەوڵ دەدەین هەر جارەی باسێك یان زیاتر وەك تەوەرەی سەرەکی بخەینە روو بۆ ئەم جارەش بابەتی (دەروازەیەك لەمەڕ پلانی ستراتیژی) و (پرۆژەی بچووك هەنگاوێکە بۆ نەهێشتنی بێکاری) مان هەڵبژاردووە، پشتیوان بەخوا لەسەر ئەم رەوتە بەردەوام دەبین.



سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

ژمارە: 461
رۆژ: 2014/02/11

## تۆماری یاسایی

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 کە لە 2008/9/22 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری( برەو ) گۆڤارێکی دوو مانگ جاریکەو خاوەن ئیمتیازی( یاسین احمد عبدل ) سەرنووسەرەکەی ( یاسین احمد عبدل )، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە. لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی ( 461 ) تۆمارکرا.

ئازاد حەمەدەمین
نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر: 2014/02/11

# کــــواڵیتی ژیـــان

شەماڵ موفتی

لە باسەکانی پێشوودا بۆمان دەرکەوت کە کواڵیتی ژیان پرسێکی (فرە لایەنە) ڕوویەکی پەیوەستە بە خودی تاکەوە (بیرکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری، ئامانجەکانی سروشتو خووەکانی، ئارەزووەکانی گوزەرانی، پێداویستییەکانی... هتد)، ڕوویەکیشی پەیوەستە بە بارودۆخی کۆمەڵگاکەیو دابونەریتو شوێنگەو ژینگەکەی، واتە کواڵیتی ژیان زۆر فراوانترە لەبازنەی تەندروستیو بارودۆخی ئابوری، بۆمان دەرکەوت کە بنەماکانی کواڵیتی ژیان بە کورتی ئەم خاڵانەی لای خوارەوەن:

١- فرە ڕەهەندەو پێوانو نرخاندنی کواڵیتی ژیان دەبێ گشت ڕەهەندەکان بخوێنێتەوە.

٢- لایەنی جەستەو دەرونو کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.

٣- پێوەرەکانی کواڵیتی ژیان بۆ هەموو تاکێکە ساغو کەم ئەندامو بێ توانا، پیرو گەنجو منداڵ، واتا کەم ئەندامی کواڵیتی ژیان زیادو کەم ناکات.

پاول لاوتن: (١٩٢٣-٢٠٠١) پسپۆڕێکی بەناوبانگە لە کواڵیتی ژیانی مرۆڤی پیرو بەساڵاچوو.

لاوتن دەڵێ: ئەو کەسانەی دەیانەوێ کواڵیتی ژیان بپێون دەبێ حاڵیبن لە (٤) مۆدێلی کواڵیتی ژیان:

١- ڕادەی چێژ وەرگرتن لە ئەگەرە گرنگەکانی ژیانی ئەو کەسە.

٢- ڕووە مرۆییەکانی ژیانی ئەو کەسە.

٣- پێداویستییەکانی ئەو کەسە (فیزیکی، دەروونی، ڕۆحی).

٤- بوونو هەستکردن بە ئینتماو تەحقیقی زات.

* بـوون: لە ڕووی جەستەییو ئەقڵیو دەرونـیو ڕۆحییەوە.

* ئینتما: بۆ ئاینو عەشیرەتو کۆمەڵگاو نەتەوەو خاکو فیکر.

ئـاوات: ئاواتی شەخسی (کـار، پێکهێنانی خێزان، هاوڕێیان، چالاکیو هەڵسوکەوتی ئازاد...)

لاوتـن، کواڵیتی ژیان دەکاتە (٢)بەشەوە، بەشێکی شەخسی، (کات، هاوڕێیان، خێزان، تەندروستی، دەروونی) بەشێکی بابەتی: (چێژ وەرگرتنو هەڵسوکەوتی ئازادو کواڵیتی شوێنگەو پێکهاتەو پرۆسەی چاودێریکردن).

لێرەدا کۆمەڵێك پرسیار دروست دەبن وەك:

مەبەست لە پێداویستی، ئایا(تەندروستی)یە یان (خۆشی)یان (مانو نەمردن)ە؟

ئەگەر پرسیاری (پێداویستی) بکەیت ئەم وەڵامانە کۆ دەکەیتەوە:

پێویستم بە: (کار، ئاوی پاك، نیشتەجێ، ئاسایش، خوێندنگە، پزیشكو دەرمان، هاوڕێی، گەشتکردن، هەوای پاك، جلوبەرگی نوێی، بروانامە، کارەبا، جێگەی گەرم، خواردن، موچەو داهات.

ئەگەر گرنگترین (٦) پێداویستی هەڵبژێرین، ئەم شەشەی لای خوارەوە دەبن:

((ئاوی پاك، خۆراك، هەوای پاك، ماڵ (نیشتەجێ)، کارەباو گەرمی، خێزان)).

بـەم شـێوازە کواڵیتی ژیانمان بۆ ڕونـبـووەوە کە پرسێکی ڕێژەییە، بەڵام مرۆڤەکان لە پێداویستییە سەرەکییەکاندا هاوبەشن.






د. ریدار محەمەد ئەمین

پسپۆڕی نەخۆشیە دەروونیەکان


# باوکم چی بۆ جێهێشتم؟

زۆرێک لە منداڵان بەمجۆرە گلەیی لە باوانیان دەکەن، مەبەست لەو گلەییەی ئەوان ئەوەیە، کە باوکیان هیچ سەروەت و سامانێکی بۆ جێنەهیشتوون تا لەبەری بحەسێنەوە! وەك ئەوە وایە تاکە ئەرکی باوك ئەوەبووە بە درێژایی تەمەنی تەنها سامان بۆ کورەکەی کۆ بکاتەوە! لای ئەوانیش سامان بریتیە لە ماڵ و پارەو پول، تا کوڕەکەی هیچی تر خۆی ماندوو نەکات! لە راستیدا ئەرکی هەر باوکێکە کوڕەکەی بکاتە خاوەن سامان، بەڵام چ سامانێك؟ ئەحمەد ئەمین، گەورە نووسەری میسری لە پەخشانێکدا بەم شێوەیە ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات (گرنگترین ئەزموونی ژیانم ئەوەبوو کە وتنی راستی و پابەندبوون پێی، وبەدوا کەوتنی دادوەری و کار کردن پێی، هەندێك خاسیەت دەدەن بە مرۆڤ کە بەهاکەی لەبن نایە، لە پێناو گەیشتن بەمە هەندێك ئازارم چەشت، هەندێك کەسم لێ تووڕەبوون، هەندێك بەرژەوەندیشم لە کیس چوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سوودم لەم هەڵویستەم زیاتر بوو لە زیانەکانم، بە هۆی ئەمەوە ویژدانم ئاسوودە بوو، هەروەها متمانەی خەڵکم بەدەستهێنا لەوەی دەیکەم و دەیڵێم، هەروەها خەڵکی زەنی باشیان پێبردم ئەگەرچی هۆکارکەشیان نەزانی، لە ڕووی مادیەوەش من زیاتر سوودمەند بووم لە کەسانیتر، لەوانەی کە پابەند هەقبێژی نەبوون و راستگۆ و دادپەروەر نەبوون، من لەگەڵ زۆرێك لە چین و توێژەکان ژیاوم، هاوڕێیەتی کەسانێکم کردووە لە هەوڵی ئەوەبوونە سەروو خۆیان ئاسوودە بکەن نەك ویژدانیان، ئەوە بڵێن کە خەڵکی پێی سەرسامە نەك خۆیان باوەڕیان پێیەتی، لە پێناو سامان و پلە و پایەدا زوڵم بکەن ، لەگەڵ ئەمانە هەمووی ئەوانە زۆریان دۆڕاندو کەمیان بردەوە، ئەوانە چاکەکاریان دۆڕاندو ویژدانیان لە دەستدا، ئەوانە هەندێك دەستکەوتی کاتیان بردەوە و، بۆ هەتایەش خۆیان دۆڕان، ئەگەر تۆش بە وردی حسێبی ئەوە بکەیت من چیم بردەوەو چیم دۆڕاند، ئەوانە چیان بەدەستهێنا و من چیم لە

کیس چوو، ئەوا دەبینی من زۆر بەختیار تر وخۆشگوزەرانترم لەوان، ئەگەر تۆش دەتەوێت ئەزموونی من دووبارە بکەیتەوە،پابەندی هەقبێژی، راستگۆیی، دادپەروەری، ئەگەر ئەنجامەکەیان هەر چۆنێك بێت) لێرەدا ئەحمەد ئەمین تەواوی سەرمایەی خۆی لە راستگۆیی وهەقبێژی و دادپەروەری بۆ کورەکەی جێدەهێڵێت، ئەو سەرمایەی کە هەمیشە لەبن نایەتو رۆژ لە دوای رۆژ برەوتر دەبێت، لە بەرامبەر ئەویشدا کورەکەی سەرمایەیەکی دەستدەکەوێت بەرهەم رەنجی باوکیەتی و، نەوە دوای نەوە دەگوازرێتەوە، کەچی هیچ کام لە مندالان لە بەهای ئەم سەرمایە نازانن، پێیانوایە ئەگەر پارەوپولیان هەبێت، هەموو شتێکی تریان بۆ دەستەبەر دەبێت، ئەوان درك بەو راستیە ناکەن، کەوا گۆڕستانەکان پرن لە پیاوی دەوڵەمەندو، کەسیش ئێستا یادیان ناکەن، لە بەرامبەر ئەوانیشدا مێژوو پڕە لە پیاوانی وەك ئەحمەد ئەمین و، هەمیشە سامانێکی لەبن نەهاتوون بۆخۆیان و کەسانیتریش، ئەو مندالەی پێی وایە دابینکرنی دوارۆژ بە پارەوپولە، کە گەورە بوو هەمان هەڵە دووبارە دەکاتەوە! بۆیە تەنها مندالان نین ئەم تێڕوانینە هەڵەیان هەیە، بەڵکو هەندێك لە باوکانیش ئاوا لە ژیان دەروانن، ئەو باوکانەش دوو جۆرن، یەکەمیان ئەوانەن کە خۆیان لە خێزانێکی پڕ دەرامەتن و، هەموو پێوەرەکانیان بە سامانە، جۆری دووەمیشیان ئەوانەن کەخۆیان بە هۆی نەداری ناخۆشی ژیانیان زۆر دیوەو، ئامادە نین منداڵەکانیشیان وەك ئەوان لە نەهامەتی ژیان بژین.

لە راستیدا بیرکردنەوەی هەردوو گروپ زۆر هەڵەیە، باوکی یەکەم کە هەر لە بنەرەتەوە پارەداربوونە، بەڵام هەمیشە کەمو کوڕی زۆریان هەبووە، چونکە پارە هەموو گرفتێکی چارەسەر نەکردووە، بەڵکو زۆرجار کێشەی سەرەکیش بووە، بۆیە باوك هەمیشە بەدوای ئەوەوە بووە کێشەی منداڵەکانی چارەسەر بکات، ئەو کێشانەی کە هۆکاری سەرەکیان دەست واڵاکردنی منداڵەکانیان بووە، لە بەکارهێنانی زیادە لە ڕادەی پارەو پولی باوکیان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەر بە پارە چارەسەرکراون! ئەو بەشەی دووەمە کە ئەمجۆرە باوك و ئەمجۆرە منداڵانە درکی پێدەکەن و، پێیانوایە پارە تەنها چارەسەرە نەك گرفت، بۆیە زادەی بیرکردنەوەیان لەم سنوورە تێپەڕی نەکردووە، سوڕانەوەی کێشەکان بە دەوری چەقی سامان، ژیانی لای ئەمجۆرە کەسانە تەسك کردۆتەوە، ئەگەر هەر بەیەکجاری بێمانای نەکردبێت! بۆیە هیچ کام لە منداڵانە لە واتا پیرۆزیەکەی ژیان تێناگەن، ئەوان پێیانوایە هەموو پەیامی مرۆڤ دابینکردنی خۆشگوزاریەکانیەتی، شتێکی سروشتیشە کاتێك دەمرن هیچ بەرهەمێك جێناهێڵن و، زوو لە یاد دەکرێن!

گرووپی دووەم لە باوکان ئەو مرۆڤە رەنجدەرو ماندووانەن، ئەوانەی کە رۆژگاری تاڵ وسەختیان تێپەڕاندووە، تا گەیشتوونەتە ئەم خۆشگوزەرانیەی ئەمڕۆ، ئەوانەی پێیانوایە بە خۆشگوزەرانی منداڵەکانیان قەرەبووی ژیانە بەشخوراوەکەی خۆیان دەکەنەوە! ئەوانەی پێیانوایە ئەگەر سامانەکەیان نەخەنە بەردەستی منداڵەکانیان، ئەوا هەمان مێژووی مەینەتی ئەوان دووبارە دەبێتەوە! ئەم گرووپەش هەر لە نائاگاییەوە منداڵەکانیان بەرەو هەڵدێرێکی سەخت دەبەن، منداڵەکانیان فێری ژیانێك دەکەن، کە خۆیان لە سەرەتا باوەڕیان پێی نەبووە، بۆیە هیچ لەم هەڵسووکەوتەی منداڵەکانیان تێناگەن، ئەوان پێیان سەیرە کە هەموو خۆشگوزەرانیەکیان بۆ منداڵەکانیان دابینکردووە، کەچی منداڵەکانیان ئەو کەسانە نین کە ئەوان دەیانەوێت! ئەوان کاتێك سامانی زۆر دەخەنە بەردەستی منداڵ و، شەو و رۆژ لەسەر یەك دادەنێن لە پێناو دابینکردنی دوارۆژی مادی منداڵەکانیان، ئەوا ئەو پەیامەیان فێردەکەن، کە ئامانجی سەرەکی ژیان کۆکردنەوەی سەرمایەیە بۆ منداڵ و، ئەویش بۆ منداڵی خۆی و دەبێت ئەم پەیامە پیرۆزە بەردەوام بێت!،کەچی لە هەمان کاتدا دەیانەوێت منداڵەکانیان لە بەها بەرزەکانی ژیان تێبگەن وکەسی رۆشنبیر و بەرهەمهێن وخاوەن پەیام بن! ئەوان بە سەرسووڕمانەوە دەڵێن(منداڵەکەم لە چی کەمە ئەوە نیە هەموو شتێکم بۆ دابینکردووە لە پارە،مۆبایل، ژوور، ئینتەرنێت، ئۆتۆمبیل)!بەبێ ئەوەی بزانین دابینکردنی ئەمانە، هیچ مانایەك بۆ ژیان ناهێڵێتەوە، جگە لە دابینکردن و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئەمانە، هیچ شتێك نامێنێتەوە منداڵەکانیان هەوڵی بۆ بدەن.بۆیە ئەوەی دەیەوێت منداڵەکەی بە پەروەردەییەکی درووست گۆش بکات،دەبێت لە خۆیەوە دەستپێبکات! خۆی لە مانا راستەقینەکەی ژیان بگات، بزانێت ئامانجی ئەو چیە لە ژیان، ئینجا بێت بە ئامۆژگاری ئەوانەش فێری منالەکانی بکات.

# وەچەی تەوەزەل

د. هەڵگورد فتح الله احمد

لە نۆرینگەکەی دانیشتبوو، سکرتێر دەرگاکەی کردەوە

جیرڕڕڕڕڕر....... دەرگاکرایەوە.

-ببورە دکتۆر، مامۆستا هەڤاڵ هاتووە.

+ مامۆستا هەڤاڵ کێ یە؟

- دەڵێ لەگەڵ دکتۆر قوتابی بوومە.

+ زۆرباشە بابفەرمووێت.

= سلام عليك دکتۆرگیان.

+ وعليك السلام ورحمة الله بەخێربێت سەرچاوان.

= سەرچاوم دکتۆرگیان زۆرسوپاس، ببورە، ڕەنگە تۆ من نەناسیت؟!...

+ نەوەڵا بەداخەوە... زۆر داوای لێبوردن دەکەم.

= زۆر ئاساییە من مامۆستا هەڤاڵم لە گوندی (م)، بیستو دوو ساڵ لەمەو بەر لەیەك قوتابخانە بووین تۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی ومنیش پۆلی دووەمی سەرەتایی.

+ یاخوا بەخێر بێیت مامۆستا گیان ئەحواڵتان، زۆر خۆشحاڵم خەڵکی ئەو ناوچەیە ببینمەوە.

= سوپاس، بەم شەقامەدا ڕەتبووم، ناوی تۆم بینی بەسەر دیوارەکە زانیم ناوەکەت دەناسم، هەروا هاتم سەردانێکت بکەم.

+ ئێستا لە کوێیت؟

= هەرلە ناوچەی خۆمانم لە گوندێکی تەنیشت گوندی م بوومەتە مامۆستا.

+ هەواڵی گوندی م چییە؟.. ئێمە لەو کاتەوە لەوێ نەماوین باوکم بە مامۆستایەتی کەوتبووە ئەو ناوچەیە، دواتر هاتینە شار وە هیچ ناسیاوی نزیك وهۆکارێکمان لەوێ نەبوو، بۆیە چیتر ڕێگەمان نەکەوتەوە ئەولایە.

= دەزانم چونکە مامۆستای باوکت مامۆستای ئێمەبوو.

+ ئەی هەواڵی گوندی م چی یە بۆم باس بکە؟؟!!!... گوندێکی زۆر خۆش وسەوز بوو.

= چیت پێ بڵێم دکتۆرگیان...... (هەناسەیەکی قوڵ و پڕ خەماوی)

ئێستا بیابانێکی ڕەش و ووشکە.

+ لەشوێنی خۆی حەپەسا واقی ورما....ڕەنگی دەم وچاوی پەڕی.

+ چ......چ.......چۆن.

= چۆنت پێدەڵێم وایە.

+ ئەی ئەو هەموو باخ وباخاتە، ئەو هەموو ڕوباروکانیاوە سازگارە ئاوو هەوایی دڵڕفێن، ئەو هەموو میوەو بەرهەمە.

= ئێستا گوند چۆڵ وهۆڵە، کەسی لێ نیە، هەموو خەڵکەکەی باریانکرد بۆ شارۆچکە، تەماتەو میوە دەکڕن.

+ ئێ خۆ دارتووەکە، تەمەنی سەدان ساڵ بوو.... دارگوێزەکان.......

= هەمووی وشکبوون..... مرێنران.

+ چۆن لەبەرچی؟؟!!!...

= وشکە ساڵی چەند ساڵێکی خایاند، کەس گوێی پێنەدا، خەڵکەکە خۆیان ماندوو نەکرد، هەموو ماڵیان بارکرد، باخەکان گشتی لەتینوان خنکان ووشك بوون، شەوێك بەشۆرتی کارەبا ئاگرلەدارە ووشکەکان بەربوو، ڕەگو



ریشەیان سووتا.

+ئێ خۆ بەعس گوندی خاپورکرد، خەڵك ماڵیشیان لەوێ نەبوو، باخەکان هەر ووشك نەبوون.

= ئـەوە سـەردەمـی بـاوانـمان بـوو، ئەمان لەرقی بەعس، باشتر خزمەتی باخەکانیان دەکرد، بەخۆشەویستیەوە، بە پەنهانی، لەترسی بەعس، بەشەو خۆیان دەگەیاندە باخەکان ئاویان لەناویان بلاودەکردەوە، زۆرماندوو دەبوون، نەشیاندەتوانی بەرهەمەکەی هەڵگرنەوە، تەنها مەبەستیان ئەوەبوو باخەکان ووشك نەبن، هیممەتی ئەوان بەرزبوو. بەڵام ئەوەی دوای ئەوان هات، بەشێنەیی، لەخۆشی و بەبێ ترس و لەرز، دایانە تەمبەڵی نەیانتوانی ئاوی باخەکان بدەن ووشکیانکردن.

+ بەراستی کارەساتە، دڵتەزێنە، بەخۆمان پلانی بەعس بەجێبگەیەنین، ئەو ئەوەی دەویست باخەکان ووشکبن بیانسوتێنی، بیابان دروستبکات، باوان خۆیان ڕاگرت نەیانهێشت، ئێستا لە ئازادی نەوەی نوێ نەیتوانی باخەکان ئاوبدات.

= ئێستا خەڵکی گوندی گشتی مووچەخۆرە، بۆخۆی لەماڵ پاڵی داوەتەوە مووچەی خانەنشینی یان پێشمەرگایەتی یان شتی تری بۆ دێتە ماڵ. چۆن دەتوانێت خۆی ماندوبکات ئارەق برێژێت، باخداری بکات. نرخی میوەش هەرزانە سوودێکی باش ناگەیەنێت، لە وولاتانی دەوروبەر بۆمان دێت.

گوندی (م) گوندێکی دڵگیر، دڵرفێن، خۆش زۆر زۆر خۆشی ئەم کوردستانە خۆشەویستەمان بوو.... با بۆتانی باس بکەم ئـەوەی بـەچاوی سـەر بینیومە بیست ساڵ بەر لە ئێستا چۆن بوو.

ڕووبارێکی زۆر گەورە بەژێر گوندەدا ڕەتـدەبـوو، هـاژەهـاژی ئـەم نـاوچـەی کـەڕدەکرد، منالان ماسی بچوکیان لێ ڕاودەکـرد. چوار جۆگەلە ئاو گوندیان پـارچـە دەکـردبـۆ ئـاودێـری باخچەو کشتوکاڵ. کانیاوێکی سازگار ئاوێکی خۆش شیرین سارد لەوبەری ڕووبارەکە بوو، ئاوەخۆشەکەی هەر مەپرسە.

باخچەکان لـەسـەر تـەپۆلكەیەك هەڵکەوتبوون، لەوبەر ڕووبار سەیریان بکەیت چین لەسەرچین چنرابوون، جـریـوەی بولبولی بچکۆلەوچۆلەکە تێکەڵ بەهاژەی ڕووبار، سەمفۆنیایەکی ئاوازەی دروستدەکرد.ئەوهەموو خۆشی ونیعمەتە هەر مەپرسە، زۆر زۆر جوان بـوو، ئاووهەوایەکی سازگار بەچلەی هاوین هەستت بەگەرما نەدەکرد. حەوت باخچەی سەرەکی بوون ،هەمووجۆرە مـیـوەیـەك،دەیـان کـۆزە ئـەسپیندار، سەریان بەرزکردۆتەوە بۆکەشکەلانی ئاسمان، چەندین داربی گەورە لێواری ڕووبارەکەیان دەپاراست لە داخوران، بۆئەوەی هێرش نەکاتە سەر باخچەکان.

دارتووفەسپیێکی سپی گەورە، بەرهەم شیرین،دارێکی زۆرگەورەو بالابەرز.

دارگاتووێکی ڕەش هەم گـەورە لە بەرامبەری.

دارگـوێـز: پێنج دارگـوێـز کەهەر یەکەیان تەمەنیان سەدان ساڵ دەبوو، قاپی هەر دارگوێزێك گەر دووپیاوی پـێـکـەیـشـتـوو دەسـتـیـان لـەیـەکـتـری بگرتایە،لەودیوو دەستیان نەدەگەیشتەوە یەکتر.

حـاجـی محمد خـوای گـەورە لـێـی خۆشـبـێـت بـمـایـەو بیبینایە دارە خۆشەویستەکانی ووشك دەبن یەکسەر نۆرەی دڵ لێیدەدا.

ئەو هەموو دار هەنارە، چەند تەن هەنار بەرهەمی بوو،هەرمێ، هەنجیر، هەڵوژە جۆرێکی نـاوازەو مـزر پێیان دەگووت ماشماشۆکە، باخێکی تەواوتەنها سێو.

ماڵەدرك:درکێك بەفراوانی ٢٠٠کم دووجا زەوی داگرتبوو لەکەنار ڕووبار هەمیشە سـەوزو جوان،بەرێکی ڕەشی زۆر خۆشی دەدا کە بۆ تەندروستی زۆربـــەســـوودە. جـووتـەیـەك مـاری ڕەش ئاشقەوماشقە چەندساڵێك بوو ماڵیان لەناو ئـەم درکـە دانابوو،مارە ژەهراویەکانیان دەخـوارد خـەڵکیان لە مارپێوەدان دەپاراست.

کشتوکاڵی وەرزی: ئـاوی ئاودێری زۆربوو، برنج بەرهەمی ساڵانەی پەنجا تـەن ڕەتـی دەکـرد،هـەر لە سەرەتایی جـــۆزەردان تـاوەکـو کۆتـایـی گـەلاوێژ ڕۆژانــە یـەك پـیـکـاب تـەمـاتـەی لێ باردەکرا، سەرباری کولەکە، باینجان، خیار، کونجی گوڵەبەرۆژە.....بێستانی شوتی وگندۆرە، نۆك ونیسك وماش.... دەیان بەروبوومی تر......

ئەم دەڤـەرە یەك پارچە سەوزایی بوو،هەر زەویەك ساڵانە دوو تا سێ جار دەچێنرایەوە، تا درەنگانی پاییز کالای سەوزی پۆشیبوو.

بەعس گوندەکەی خاپورکرد لە ساڵی ١٩٨٧ خەڵکەکەی ڕاگواستە کۆمەڵگای زۆرەملـێ، خەڵکی بـەشـەرەف شەوانە لە ڕێگەی زۆر دوورەوە دەهاتن، ئاویان بەسەر باخچەکانەوە بەردەدایەوە،تاوەکو ووشك نەبن، نەشیان دەتوانی میوەکەی هەڵبگرن، چونکە هەرکەسێ لە ناو باخچەکان بگیرایە یەکسەر دەکوژرا. باخچەکانیان بەبیرو باوەڕەوە لە دەست بەعس پاراست.

بـەڵام بـەداخـەوە سـەد حەیف ئەم وەچەیە بەتەمەن داچوون، چیتر نەیان توانی، ئەرکی خزمەتکردنی باخەکان کەوتە دەستێك، کەڕێزی ئەو هەموو ماندووبوونەی باب وباپیرانی نەزانێ، مووچەیەکی ئاسان وبێ ماندووبوون وەردەگرێت، باکی بە کار کردنو ئارەق ڕشتن نیە، ناخی زەوی هەڵکۆڵێ، بنکی دارەکان بداتەوە، ئەو هەموو بەرهەمە جۆراو جۆرە بەتام وخۆشانە بەرهەم بێنێت،بەڵکو بەرهەمێکی هاوردە، وشك وبێتام وەك لاستیك: تەماتەی سووری، هەناری تورکی، سێوی ئێرانی،کاڵەکی سعودی، سێوی ئەمریکی،گوێزی شیلی و کازاخستانی...... (هەمووی کۆن ومردوو لەناو سارکەرەوە تادەگاتە دەستمان).

هەموو خەڵك دووبارە جارێکی تر بەویستی خۆیان، بێ زۆرلێکردن ڕوویان کـردەوە کۆمەڵگا زۆرەملـێـکـە، لـەوێ بەشەو پاڵدەدەنەوەو ڕادەبوێرن، بەڕۆژ دەخەون.

کەی دێت خێرۆمەندێك ئەو دارانە بروێنێتەوە، دەیان ساڵی تر تا گەورە دەبنەوە.




ئا: یاسین احمد زەنگەنە

# دەروازەیەك لە مەڕ پلانی ستراتیژی

**پێشــەکی**

* ئـەمڕۆ پرسی پـلان و پلانی ستـراتـیـژی بـە یـەکـێك لـە بابەتە سەرەکی و گرنگەکانی ئـەم قۆناغە دێـتـە ئـەژمـاردن، ئـەم پێشکەوتنە بـەرچـاوو سـەرسـوڕهـێـنـەرەی بـواری زانستی و تەکنەلۆژی و گەیاندن و.... تاد، دەرەنجامی بونی پلان و پلانی ستراتیژی کاراو کاریگەرن.

* ستراتیژی واتە هونەری مانەوە بە سەرکەوتوویی، هەربۆیە ئەمڕۆ، لەسەر ئاستی دەوڵەت و دەزگاو ناوەندو حزب و ڕێکخراوەکان، بابەتی پلانو پلانی ستراتیژی بەهەند وەردەگیرێ و ستافی پسپۆڕو شارەزا کاری تێدادەکەن.

* پلاندانان سیمای سـەردەمـە کارێکی پێویست و خـوازراوو فەرمان پێکراوە، بۆیە پێویستە لەهەرێمی کوردستاندا لەسەر هەموو ئاستەکاندا ئـاورێـکـی دڵـسـۆزانـەو بـەرپـرسـانـەو بوێرانە و شەفافانە لەم پرسە گرنگە بدەنەوە، دەزگاو ناوەندی پلاندانان دامەزرێنن لەسەر بنەمایەکی زانستی تا کارو چالاکی و ئامانج و دیدگایان بەپێی پلانێکی زانستیانە بێت و چیتر لە بازنەو چێوەی بێ پلانیدا (پلان بەمانا زانستیەکەی ) نەخولێنەوە.

گـەر تـەمـاشـای پـلانـی سـاڵانـەو مامناوەندیو ئامانجەکانی دەزگـاو ناوەندەکانمان بکەین ڕاستیەکی تاڵ بەدی دەکەین، دەکرێت بڵێین ئەوەی ناومان ناوە پلان، بنەما زانستیەکانی پلانی تێدا ڕەچاو نەکراوە.

* کارکردن بەبێ پلان جۆرێکە لە سەرەڕۆیی و بەفیرۆدانی کات، بێ پلانی دەبێتە مایەی پاشاگەردانیو هەرەمەکیو، گەیشتن بە ئامانجەکانیش کـارێـکـی ئـەسـتـەمـەو لـە حـەزێـکـی سەرشێتانە دەچێت. چونکە گەر پلان

نەبوو بۆ سەرکەوتن و گەشەکردن و گۆڕانکاری ئیجابی، بە دڵنیاییەوە پلان هەیە بۆ شکست و داڕوخان و هەرەس.

لەم دەست پێکەوە ئاماژەیەکی خێرا دەکەین بەسەر دێری گرنگترین تەوەرەکانی پلان و پلانی ستراتیژی و، بە کورتی لەسەر برگەکانی دەدوێین، بەهیوای ئەوەی بابەتەکە لە ئایندەدا ببێت بەتەوەری گفتوگۆو کار بۆ جێبەجیکردنی بکرێت.

## پـــــلان

– زاراوەی پلان یەکێکە لەو زاراوە باوانەی لەسەرجەم بوارە زانستیەکاندا بەکاردێت، لە بواری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و فەرهەنگی..... تاد.

– هەموو سیستەمە سیاسیەکان بە جیاوازی دیدو بۆچون و جیهان بینیان، بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەم زاراوە بەکاردێنن و کاری لەسەردەکەن.

– پلاندانان کارێکی مرۆڤانەیەو بەندە بەهەوڵدان بۆ دیاریکردنی وێنەی ئاینده.

پلان بونی هەیە لە ژیانی تایبەتی و گشتیدا لە ڕێکخراوودەزگا گشتیەکان و ڕێکخراوەکانی کاردا. زانایان و شارەزایانی بواری کارگێڕی گشتی پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ کردووە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین :

زانای کارگێڕی بەناوبانگ (هنری فابول ) وا پێناسەی پلاندانان دەکات و دەڵێت: پلاندانان بریتیە لە پێش بینی کردن و خۆئامادەکردن بۆ ئاینده.

دکتۆر (طماوی) دەڵێت پلاندانان بریتیە: لەو ڕێوشوێنانەی دەگیرێتە بەر بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئایندە، بەدانانی پلانێکی ڕێکخراوو پێش وادە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان.

د. عبدالفتاح حسن واپێناسەی دەکات و دەڵێت: پلاندانان بریتیە لەدیاریکردنی پێش وادەی شێوازی کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو.

## سودەکانی پلان

سودەکانی پلان زۆر و بێ ئەندازەن، لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

١- کەمکردنەوەی هەڵەو کێشەو گرفت لە پرۆژەو دام و دەزگاکاندا.

٢- لەمیانەی پلانەوە هەست بە دڵنیایی و ئارامی دەکەیت، لەبەرئەوەی پلان ئامادەیەو ڕێگاش ڕوون و ئاشکرایە.

٣- ئامادەکردنی ئامانجی دیاریکراو بۆ ئایندەو دارشتن و دانانی پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی دەرەنجامەکان و لەناوبردنی لادانەکان.

٤- پلان شتە ڕاستەکان کۆدەکاتەوەو بەدوایدا دەگەڕێت، بەرپرس و بەرپوەبەران دەپارێزێت لە بڕیاری خێراو نەشیاو.

٥- لەمیانەی پلانێکی دروستەوە ئامانجە دیاریکراوەکان لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا دێتەدی، توانا مرۆیی و دارایی و ئامێر و دەزگاکان بەشێوەیەکی باش بەکاردەهێنرێن.

٦- لەمیانەی پلانەوە پێداویستیە داراییەکان دەستنیشان دەکرێت و، پاراستنی پرۆژە لە قەیرانی دارایی و دارمان دەستەبەر دەکرێت.

٧- لەمیانەی پلانەوە پێشبینی پێداویستیەکانی داهاتوو دەکرێت، لەتوانای مرۆیی، دارایی، کەرەستەو سەرچاوە، بەدەستخستنی هەموو ئەمانە، لە کاتی گونجاوو بەنرخی شیاو و بەپێی مەرجی دیاریکراو.

٨- لە پلاندا پێوەری دیاریکردنی ئەنجامی جێبەجێ کردن و پێوانی ئەداو دەرخستنی هەڵەو لادان، یان ناهاوسەنگی دیاری دەکرێت، بە مەبەستی گەڕانەوەی هاوسەنگی و چارەسەری لادانەکان تا پلانەکان لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا بگوزەرێت.

٩- دیاریکردنی ڕەوتی کار لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا.

١٠- کورتکردنەوەی کات و کۆشش لە پرۆسەی جێبەجێکردندا.

١١- کورتکردنەوەی کات لە پرۆسەی گەشەکردندا.

١٢- پلان میکانیزمێکی کارایە بۆ بەدیهێنانی چاودێری ناوخۆیی و دەرەکی. لەماوەی جێبەجێ کردنی ئامانجەکاندا.

١٣- پلان یارمەتی دەدات، بۆ دیاریکردنی ئەو ئامانجانەی کە دەمانەوێت پێی بگەین، شیاوی ڕونکردنەوەیە بۆ کارمەندان، ئەمانەش پرۆسەی جێبەجێ کردنی پلان ئاسان دەکات.

## پلانی ستراتیژی بۆ؟؟

١- یارمەتی دەدات بۆ دیاریکردنی ڕەوتی لایەنی جێبەجێکار لەسەر پلانەکە.

٢- یارمەتی دەدات بۆ پەرەپێدانی ئەوئەنجامانەی کەبەدەست دەخرێن.

٣- بەدەست خستنی ناسنامەی تایبەتی لایەنی سەرپەرشتیار لەسەر پلانەکە، پەرەپێدانی توانا جەماوەرییەکەی.

٤- یارمەتی دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کەڕوبەڕوی لایەنی سەرپەرشتیاری پلانەکە دەبێتەوە، لە میانەی دیاریکردنی توانا ناوخۆییەکان و ئەو فاکتەرانەی کە هەن لە فاکتەری هێزو لاوازی و، هەروەها لە میانەی دیاریکردنی توانا دەرەکیەکان، لە هەل و هەرەشەکان.

٥- پلانی ستراتیژی هۆکارێکە بێ وێنەیە لە جیهانی ئەمرۆدا بۆ هەر کارێکی سەرکەوتوو.

### جیاوازی نێوان بەڕێوەبردنی ستراتیژی و بەڕێوەبردنی ئاسایی

بەڕێوەبردنی ستراتیژی، ئەنجامەکانی دورمەوداوکاریگەرە بەئاڕاستەیەکی ڕاست. دەرامەتە مرۆییەکان و بەڕێوەبردنی دارایی دەگرێتەوە لەلایەن ئیدارەی بالاّی دەوڵەت یان دەزگاوە جێ بەجێ دەکرێت.

بەڵام سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ئاسایی ئەنجامەکەی کورت مەودایە وە خاوەن لێهاتویەکی باشە، کاروبارە نێوخۆییەکانی دەوڵەت و دەزگا و بەڕێوەبردنی کەسەکان و ژمێریاری لەخۆدەگرێت.

* پلانی ستراتیژی بەشێکە لە بەڕێوەبردنی ستراتیژی، رووپێوی ژینگەیی و داڕشتنی ستراتیژی لەخۆدەگرێت.بەڵام بەڕێوەبردنی ستراتیژی سەرەڕای رووپێوی ژینگەیی و داڕشتنی ستراتیژی، جێبەجێکردنی ستراتیژی و هەڵسەنگاندنی ستراتیژیش دەگرێتەوە.

* پلانی ستراتیژی شێوازێکی نوێی پلان و سیستەمی کارگێریی کارایە، لەمیانەی ئەوەی پلانی ستراتیژی ئامانجەکان دیاری دەکات، پلان و سیاسەتەکان دادەڕێژێت، ڕێکارەکان جێبەجێ دەکات و ئەوانەی پلانەکە جێبەجێ دەکەن دادەنێت، بەمانایەکی تر پلانی ستراتیژی وەلامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە:

١- ئایا دەمانەوێت چی بەدەست بێنین؟

٢- دەتوانین چی بکەین بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکان؟

٣- چۆن ئامانجەکان بەدی بێنین؟

٤- ئەو سەرچاوانەی پێویستمانە چین؟

٥- ئایا پلانەکەمان واقیعییە؟

٦- کێ پلانەکە جێبەجێ دەکات؟

٧- کەی پلانەکە جێبەجێ دەکرێت؟

٨- چۆن بزانین کارەکان دەڕواو بەردەوامە؟

*** لەکاتی پلانداناندا پێویستە ڕەچاوی ئەم سێ خاڵە بکەین و بەهەندی وەرگرین:**

١- ئێستا ئێمە لەکوێداین؟

٢- پێویستیمان بەچییە؟

٣- توانامان چەندە؟

### مێژووی پلانی ستراتیژی

١- چەمکی پلانی ستراتیژی لە هزری مرۆڤایەتیدا بابەتێکی کۆنەو میسرییە کۆنەکان کاریان لەسەر کردووە، لە شارستانی یۆنانیشدا بەکارهاتووە، زاراوەی ستراتیژی(Strategic) وشەیەکی یۆنانیەو بەواتای ژەنەراڵناسی دێت، ژەنەراڵیش کەسێك بووە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە رەفتاری کردووە، خاوەن هەستێکی قوڵ بووە، لەکاتی پێویستدا رەفتاری کردووە. ژەنەراڵ پلان و جموجوڵە ستراتیژییەکانی بەقووڵی لێك دەدایەوەو لەکاتی گونجاودا جێبەجێی دەکرد، تا ئەنجامێکی خوازراوی لێ بێتە دی.

٢- چەمکی پلانی ستراتیژی لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەوە بەدەرکەوت و گەشەی کرد لەژێردەستی زانایانی کارگێڕی و پیاوانی کاردا، لەژێر ناوی ستراتیژی کارگێڕی، عەقڵی ستراتیژی، بیرکردنەوەی ستراتیژی. لە حەفتاکانی سەدەی بیستەوە زیاتر گەشەی کرد و هەنگاو بەهەنگاو بوارەکانی فراوان بوو.

### ڕەگەزەکانی پلاندانان

**یەکەم:** پێشبینیکردنی ئاینده.

کرۆك و کۆڵەکەی پرۆسەی پلاندانان ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١- هەوڵدان بۆ خستنەڕووی سەرجەم مەزەندەکان و ئەو شتانەی شیاووگونجاون و ئەو گریمانانەی کە چاوەڕوان دەکرێت لە ئاییندەدا بێتەدی.

٢- پێویستە گریمانەکان و ئەو شتانەی گونجاووشیاون و ڕێی تێدەچێت بێتەدی، لەسەر بنەمایەکی زانستی دیراسەکراو دانرابێت، نەك تەنها لەسەر پێشبینیو ڕاو دیدو بۆچونی کەسی.

٣- پێویستەپلاندانان لەسەر لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی تەواو دانرابێت و پشت بەداتای تەواو و وردو نوێ ببەستێت.

**دووەم: ئامادەباشی بۆ ئاینده**

١- بەس نیە بۆ دانانی پلان، کە ئامانجی دیاریکراوت هەبێت و مەبەستەکانت لە ئاییندەدا بەدی بێت، سەرەڕای ئەمانە پێویستە ئەو ئامانجانە توانای بەدیهێنان و جێبەجێ کردنی تێدابێت و واقعی بێت. بەواتایەکی تر پێویستە خاوەن پرۆژە میکانیزمی تەواو لە توانای ماددی و مرۆیی لەبەردەستدابێ، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان.

٢- دیاری کردنی سەرجەم سەرچاوەکان و توانا بەردەستەکانی ڕێکخراوەکە و دیاریکردنی چاکترین ڕێگا بۆ سود لێ وەرگرتنی.

٣- دیاری کردنی ماوەو کاتێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی پلانەکە.

### قۆناغەکانی پلاندانان

**یەکەم: دیاریکردنی ئامانجەکان و میکانیزمی جێبەجێ کردنیان :**

١- پێویستە ئامانجێك هەبێت.

٢- ڕون ودیاریکراو بێت.

٣- پەیوەست بونی ئامانجە جوزئیەکان بە ئامانجە تێکڕاییەکانەوە. ئامانجە تیکڕاییەکان دابەش دەکرێن بۆئامانجە جوزئیەکان، کە فەرمانگەو بەش و یەکەکان دەگرێتەوە.

٤- دیاریکردنی ئەو میکانیزمو ڕێگایانەی کە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە خواستراوەکان.

٥- دیاریکردنی سەرچاوە ناوخۆییو دەرەکییەکان کەدەکرێت پشتی پێ ببەسترێت.

٦- دیاریکردنی سەرچاوە دارایی و مرۆییە پێویستەکان، بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکە.

### دووەم: کۆکردنەوەی زانیاری ئامار

١- پێویستە زانیاری و ئامارەکان ورد و تازەبن، ڕەنگدانەوەی واقعی کرداری بێت.

٢- پێویستە زانیاری و ئامارەکان پەیوەست بن بەو میکانیزم و توانا مادیو مرۆییەی پێویستن، بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە.

٣- سوودوەرگرتن لە ناوەندەکانی توێژینەوەی تایبەت بە ئامارو، شارەزا لە کۆکردنەوەی زانیاری.

٤- شیکردنەوەی ئەو زانیاریانەی بەدەست هاتون، بەشێوەیەکی باش و ورد و زامن بێت بۆ گەیشتن بەدانانی پلانێکی سەرکەوتوو.

### سێیەم: دانانی کۆمەڵێك جێگرەوە و هەڵبژاردن لە نێوانیاندا.

١- گەر گریمانەکان جیاوازیەکی بنەڕەتیان لە نێواندا هەبوو، ئەوا پێویستە چەند پلانێك دانرێت، هەریەکەیان پشت ئەستوربێت بە گریمانی دیاریکراوو میکانیزمی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردن.

٢- پێویستە پلان نەرم ونیانی تێدابێت، بکرێت گۆڕانی تێدابکەیت، بەرووبەڕوبوونەوەی خواست و داخوازیەکانی ئاینده.

### چوارەم: دابەش کردنی پلانی سەرەکی بۆ چەند پلانێکی ناوەندی.

١- دابەش کردنی پلانەسەرەکیەکە بۆ چەند پلانێکی ناوەندی، بۆ هەموو یەکە کارگێری و لق و ناوەندەکان.

٢- پێویستە هەموو پلانە ناوەندیەکان، ڕەنگدانەوەی ئامانجەکانی پلانە گشتیە سەرەکیەکە بێت.

قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پلان

پێنجەم: دیاری کردنی ماوەی کاتی جێبەجێکردنی لقەکانی پلانەکەو دانانی یەکەمایەتی و ڕیزبەندی جێبەجێکردن.

١- پێویستە لەسەر داڕێژەرانی پلان، ئەو ماوەیە دیاری بکەن، کە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی هەر پلانێك لە پلانە ناوەندیەکان، تا ڕێکخستن و هەماهەنگی لەنێوانیاندا هەبێت.

٢- پێویستە لەسەر ئەوانەی پلانەکە جێبەجێدەکەن، یەکەمایەتیەکان ڕێك بخەن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی نێو پلانەکە.

### شەشەم: بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندنی پلانەکە لە نێو ڕێکخراوو دەزگاکەدا.

١- پێویستە هەر بەڕێوەبەرێك کەبەرپرسە لە جێبەجێکردنی پلانەکە زانیاری تەواوی هەبێت سەبارەت بە پلانەکە بە تێکڕایی و بەو جوزئەی کەتایبەتە بە خۆیەوە، شوێنی ئەو بەشە لەنێو پلانە تێکڕاییەکەدا.

### حەوتەم: چاودێری پلان و هەڵسەنگاندنی

١- دەزگای جێبەجێکردن لە ڕێکخراودا، هەڵدەستێت بە چاودێری جێبەجێکردنی پلان، بەواتای بەراورد دەکات لەوەی جێبەجێکراوە هەنگاو بە هەنگاو، بە پێی پێشبینیکردنی کاتی پلانەکە.

٢- لەپرۆسەی چاودێری دا پێویستە بایەخ بدرێت بە لادانی بنەڕەتی لە پلانەکە، بەواتای لادانی بنەڕەتی بە هەند وەرگیرێت. بەڵام لادانی سادەو مامناوەندی پێویست ناکات.

### فاکتەرەکانی سەرکەوتنی پلان

١- ڕاستێتی و دروستی زانیاری و ئامارەکان

پلاندانان پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێك گریمان، ئەم گریمانانەش لەسەر بنەمای کۆمەڵێك زانیاری و ئامار دادەڕێژرێت.بۆیە پێویستە گریمانەکان واقعی بن و توانای جێبەجێکردنیان هەبێت، ئامارەکان و زانیاریەکان راستو وردو تەواو بن.

٢- بەهرەو شارەزایی دەزگای کارگێری کەهەڵدەستێت بە ڕاپەڕاندنی پلانەکە.

٣- هاوبەشی و بەشداری لە ئامادەکردن و دانانی پلاندا.

٤- ناوەندێتی پلاندانان و نا ناوەندێتی جێبەجێکردن.

٥- نەرمی و ئاسانی لە پەیوەندی و بەدواداچوون.

٦- بەدەستخستنی پێویستییەکانی پلاندانان لە توانا دارایی و مرۆیی و ڕێکخستن و ئامێر و دەزگاو...هتد.

٧- بڵاوکردنەوەی هوشیاری پلاندانان

### کۆسپەکانی پلاندانان و کێشەو گرفتەکان

یەکەم: دانانی مەزندەکان و خەملاندنەکان بە وردی، کارێکی گران و ئەستەمە.

دووەم: بەربەستی سایکۆلۆجی لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئەوانەی هەڵدەستن بە پلاندانان

سێیەم: سستی و نەبزێوی ڕێکار و سیاسەتەکان

چوارەم: کورت هێنانی دارایی.

### جۆرەکانی پلاندانان

یەکەم: پلاندانان لەمیانەی دیاری کردنی مەبەست یان هۆکار :

دابەش دەبێت بۆ پلانی ئامانج و

## پلانی کارگێڕی

١- پلانی ئامانج: سیاسەتی گشتی دادەڕێژێت و، ئامانجە خوازراوەکان دیاری دەکات.

٢- پلانی کارگێڕی یان پلانی بەرنامەیی: تەنها لە دیاریکردنی میکانیزمەکانی جێبەجێکردندا خۆی دەبینێتەوە.

## دووەم: لەمیانەی بازنەو چێوەی شوێنەوە

دابەش دەبێت بۆ دوو جۆری سەرەکی: پلانی نەتەوایەتی و پلانی هەرێمایەتی

١- پلانی نەتەوایەتی: ئەو پلانەیە کە لەسەر ئاستی چێوەو بازنەی دەوڵەتدایەو هەموو هەرێمەکان لەخۆدەگرێت.

٢- پلانی هەرێمی: ئەو پلانەیە کە بازنەیەکی جوگرافی دیاریکراو دەگرێتەوە.

## سێیەم: پلاندانان لەمیانەی ماوەو کاتەوە.

دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر: دورمەودا- مامناوەند- کورتخایەن

١- پلانی درێژخایەن / بریتیە لەو پلانانەی جێبەجێکردنەکەی دەگاتە دەساڵ یان زیاتر، بەوە جیادەکرێتەوە کە ئامانجە سەرەکیەکان دیاریدەکات، بەبێ وردەکاریەکان یان میکانیزمی جێبەجێکردن.

٢- پلانی مامناوەند/ ئەمەش بوارو کات و ماوەکەی لە سێ ساڵ بۆ پێنج ساڵ دەخایەنێت.

٣- پلانی کورت خایەن/ ئەمەش ماوەی ساڵێك یان زیاتر دەخایەنێت و بریتیە لە پلانی تفصیلی و دیاریکردنی ئامانجە ناوەندو لاوەکیەکان لە خۆدەگرێت.

## سەرچاوەکان:

١- الادارة الاستراتيجية- ديفيد هاريسون- تعريب: الدكتور علاء الدين ناطورية-زهران للنشر- ٢٠٠٩ عمان- الاردن.

٢- السلسلة الاداريـة اللحديثة- التخطيط- الدكتور شادي علي الفقيه- دار نوبليس- بيروت لبنان- الطبعة الاولى- ٢٠٠٥.

٣- محاضرات وورشات العمل حول التخطيط الاستراتيجي.

# هەستێکی ئازار بەخش

ئا: برەو



هەستێکی ئازار بەخشە: کاتێك یاریزانێك، هونەرمەندێك بکەینە پێشەنگ، بەڵام هیچ شتێکی وا دەربارەی پێغەمبەری خوا (د.خ) نەزانی.

هەستێکی ئازار بەخشە: کاتێك چەندین بەستەو گۆرانی لەبەر دەکەیت بەڵام چەند ئایەتێکی قورئانت بۆ لەبەر ناکرێت.

هەستێکی ئازار بەخشە: ساتەکانی تەمەن بە فیرۆ دەڕواتو ئەو ئەرکانەی لە پێناویدا دروستکراویت فەرامۆشت کردووە.

هەستێکی ئازار بەخشە: بەرتیلو سوو زینا وخواردنی ماڵی حەرام لە نێو مسوڵماناندا بڵاوبۆتەوە.

هەستێکی ئازار بەخشە: کەسوکارو هاوڕێکانت دوورن لەخواو تۆش بێباکانە ئامۆژگارو ڕێنوێنیان ناکەیت.

هەستێکی ئازار بەخشە: لۆمەو سەرزەنشی کەسێك بکەیت، کە شایستەی سەرزەنشت کردن نیە.

هەستێکی ئازار بەخشە: بە تەنها ڕووبەڕوی ناخۆشیو کۆسپەکان بیتەوە، ئەوانەی دەووربەریشت تەماشات بکەن.

هەستێکی ئازار بەخشە: کاتی تاقیکردنەوە کۆتایی دێتو پەراوەکەت لێوەردەگرنو تۆش هیچت نەنووسیوە.

هەستێکی ئازار بەخشە: ئەوەی بەرگری لە ئاینەکەی دەکات بۆتە کەسێکی نامۆو ڕیزپەڕ.



ئا: عەلی ابراهیم حسن

# پرۆژەی بچوك هەنگاوێكە بۆكەمكردنەوەی بێكاری

پێشەكی:

كەرتی گشتی (حكومەتو دامووەزگاكانی میری) بە تەنها ناتوانێ هەموو هاوڵاتیان دابمەزرێنێ ودەرفەتی كاریان بۆ بدۆزیتەوە، وە شتێكی نەگونجاوە هەموو هاوڵاتیەك فەرمانبەری حكومی بێت.

لێرەدا ڕۆڵی(CSR) بە ڕپرسیاریتی كۆمەڵایەتی كۆمپانیاكانی كەرتی تابیەت زیاتر بەرجەستەو ئاشكرادەبێت كەهەڵسێ بەلەخۆگرتنی ئەوكەسانەی بێكارن وهەلی دامەزراندن وكاركردنیان لەپرۆژەكاندا بۆ برەخسێنێ. پرۆژەی بچوك باشترین ڕێگایە بۆ دۆزینەوەی هەلی كارو بەبڕبڕەی پشتی پرۆژە گەورەكانیش دادەندرێت، و زۆربەی پێداویستیەكانیان دەستە بەر دەكات، چونكە پرۆژەی بچوك ئەنجامدانی ئاسانەو پێداویستی زۆر گەورەو قورسی پێویست نیە (واتە پارە تێچووكە زۆری ناوێت).

هەروەها پرۆژەی بچوك شانسی گەورەبوون وفراوانبوونی زۆرە بۆ ئەوپەری لوتكە بۆ نموونە چێیشتخانەی (ابو شهاب)لەهەولێرو پرۆژەكانی بنەماڵەی (احمداسماعیل نانەكەلی) وكۆمپانیای جیهان(حاجی یحیی باجگر)و سەدان نموونەی تر. لەئاستی جیهانی بۆ نموونە لە وڵاتی ژاپۆن پرۆژە بچوكەكان بە شداری لە بەرهەمی پرۆژە گەورەكاندا دەكەن بەرێژەی٧٢٪ لەپیشەسازی كانزایی و٧٦٪ لەپیشەسازی كەرستەو دەزگاكان و٧٧٪ لەپیشەسازی هۆیەكانی گواستنەوە.(د. ايمن علي عمر، ادارة المشروعات الصغيرة، مدخل بيئي مقارن ص٢١-٢٢)

هەروەها پرۆژە بچوك وناوەندیەكان لە زۆربەی وڵاتانی وەك كۆریاو ئەڵمانیاو فەرنساو ئەمریكا زیاتر لە ٩٠٪ی ژمارەی دامەزراوە ئابوورییەكان پێك دەهێنن، وبەرێژەیەكی بەرزیش بە شداری دەكەن لەبەگەڕخستنی دەستی كار، كۆمپانیای (جەنەرال مۆتۆرز) لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەگەڵ (٢٦)هەزار بەرهەمهێنی بچووكدا گرێبەستی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی كەرەستە وپارچەی پێویست، هەوەها كۆمپانیای(فۆرد) بۆئوتومبیل سەرەتا میكانیكیەكی سادەبوو، یەكەم ئوتۆمبیل لە (وەرشە) یەكی ئاسنگەریدا دروستكرد،دۆنالدۆ گلاسیش سەرەتا لە دۆكانێكدا دەستی پێكرد،كەبە (١٠٠٠) دۆلارلەتەنیشت سەرتاشخانەیەك بەكرێگرتبوو، یان كۆمپانیای زەبەلاحی (كۆكا كۆلا) سەرەتا لە ساڵی١٨٨٦ دالەلایەن دەرمانسازێكەوە بە چەند هەزار دۆلارێك دامەزرا، كەئێستا بووەتە كۆمپانیایەكی زەبەلاحی جیهانی.

(* د. خالید حیدر، المشروعات الصغيرة وأهميتها الاقتصادية، گۆڤاری ئابووری سیاسی، ژمارە١٧ ساڵی ٢٠٠٧، ص١٣٧)

پێناسەی پرۆژەی بچووك

وەزارەتی پلاندانانی عێراقی فیدراڵ پێناسەی ڕێكخراوی كاری نێودەوڵەتی پەسندكردووە كەپرۆژەی بچووك وادەناسێنێ كە (ئەو پرۆژانەیە كە ژمارەی دەستی

کار له(١٠)کەس کەمتره، یان پێناسەی تری بۆکراوه کەبریتیە لەوەبەرهێنانی سەرمایەیەکی بچووك وسنوردار لەلایەن کەسێکی بێکار له ناوچەیەکی دیاریکراوکه ژینگەی ئابوری وکارکردن تیایدا ڕەخساوه. یان پرۆژەی بچووك ئەوپرۆژانەن که لەلایەن خاوەنەکەیەوه بەرێوەدەبرێ ، ئەمەش بەواتای تێکەڵاوی کارگێریی وخاوەنداریەتی، بەو واتایەی پەیوەندییە کەسیەکان (شخصیەکان) هەژموندارن لەبری پەیوەندی ڕەسمی ودامەزراوەیی، هەوەها به گوێرەی پێوەرەکانی ودەستی کارو سەرمایە قەبارەکەی بچووکەو بەشداری یان پشکی له بازاڕ سنوورداره، یاخود سنوری چالاکیەکانی ناوەخۆییەو تارادەیەکی زۆر لەو ناوچەیە دایە که کاری تێدادەکات. یان وا پێناسە دەکرێ کە پشت بە کەرستەی سەرەتایی وکاری دەستی ناوەخۆ و تە کنە لۆژیای ساکاردەبەستێ.( *جهاد عبدالله عفاف و قاسم موسى ابوعبيد، اداره المشاريع الصغيرەص١٣-١٤)

**پێوەرەکانی دیاریکردنی قەبارەی پرۆژه بچووکەکان:**

١- پێوەری ژمارەی دەستی کار.

٢- پێوەری سەرمایە.

٣- پێوەری به شداری بازار.

*پێوەری ژمارەی دەستی کار

بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی وهەریەك له وڵاتانی هیندستان وسعودیە ومەغریب سەبارەت بەژمارەی دەستی کار کۆکن له سەر ئەوەی کە ژمارەی کرێکارانی پرۆژەی بچووك له (٥٠) کەس تێپەرناکات ، بەڵام ڕێکخراوی گەشەپێدانی پیشەسازی (١٠٠) کرێکاری دیاریکردووه، وڵاتی ئە ندەنوسیا(١٩) کرێکارو بەرازیل(٩٩) کرێکاری دیاریکردوه.

***پێوەری سەرمایە**

بڕی سەرمایەی بەگەڕخراو وەك پێوەر بۆناساندنی پرۆژەی بچووك لەلای بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی گەشەپێدانی نێودەوڵاتی بریتی یە له (٢٥٠-٣٠٠)هەزار دۆلارو لەلای ڕێکخراوی کاری نێودەولەتی (٣٥٠) هەزار دۆلار، له هەریەك لەوڵاتانی هیندو پاکستان (٢٠٠)هەزار دۆلار وماليزيا(٩٦٠) هەزار دۆلار ، مەغریب (٦٢٥) هەزار دۆلار، بەڵام له وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا له سەرەتای ساڵی (٢٠٠٥)پێوەرەکانیان ڕێکخستووه به م جۆره که پرۆژەی بچووك ژمارەی کرێکارەکانی تیایاندا (٥٠) کەس تێناپەرێت وکۆی داهاتی ساڵانەیان له (١٠) ملیۆن یۆرۆ زیاتر نیه.

لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش له ئۆکتۆبەری (٢٠٠٢)بە پێوەرێك کاردەکرێت که جیاکاری له نێوان جۆری چالاکی پرۆژەکاندا دەکات بۆنمونە ژمارەی دەستی کارله پرۆژەی بچووکدا بۆپیشەسازی ماست وپەنیر(٥٠٠) کرێکاره، بەڵام بۆپیشەسازی شەکر(٧٥٠)کرێکار.

***پێوەری بەشداری بازار**

پێوەرێکی تره به کاردەهێنریت بۆ دیاریکردنی قەبارەی پرۆژەکان، ئەویش له ڕێگەی دیاریکردنی بەهای بەرهەم وفرۆشراوەکانیه وه وەك نیشاندەرێك یان ڕێنماییەکی دارایی بۆ بەراوردکاری وەرگرتنی ڕێژەی پشکداری وتوانستی لەداپۆشینی بازاری کاڵاوخزمت گوزارییەکاندا.

***بایەخی پرۆژەبچووکە کان له هه رێمی کوردستان**

راستە پرۆژه گەورەکانی بواری نەوت وغاز له لایەن کۆمپانیا زەبەلاح وگەورەکان وەکو ئیکسۆن مۆبیلو توتاڵو گازپرۆم وشفرۆن خاوەنی بایەخی ستراتیژی و سەرچاوەی ڕاکێشانی سەرمایەی بێگانە و مایەی دابینکردنی هێزی سیاسی و ئابورین بۆ ئێستاو داهاتووی هەرێمی کوردستان. بەڵام نابێ بایە خی پرۆژه بچوکەکانیش لەبەر چاو نه گیرێت وکاری جیدی له سەرنه کرێت. چونکه پرۆژه بچووکەکان خاوەن بایەخی ئابووری تایبەتن ودەتوانرێ له ڕێگەیانەوه پێداویستی سەرەکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دابین بکرێت، له کاتێکدا هەرێمی کوردستان خاوەنی ڕادەی پێویستی هێزی کاره بۆ ئەم جۆره پرۆژانه هەروەك زانیاریه سەرەتاییه کان ئاماژەی بۆ دەکەن که ٦٠٪ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان له تەمەنی گەنجیدان و پێوستە له پرۆژەکانی بەرهەمهێنیان و چالاکیه جۆراو جۆره ئابووریەکاندا سودیان لی وه بگرێت، چونکه له هەرێمی کوردستان کەرستەی سەرەتایی و پێداویستیەکانی بەرهەم هێنان وهێزی گەورەی کارهەیە، بەڵام بەهۆی ناهاوسەنگیەکی مه ترسیداری تەرازووی بازرگانی وپشت به ستن به هاورده کردنی کاڵاوخزمەتگوزاری له دەرەوەی هەرێم کەزۆربەیان دەتوانرێ لەرێگەی پرۆژەی بچووك و خۆماڵییەوه بەرهەم بهێنریت، له کاتێکدا که شکستی ئابوری هەرێمی کوردستان له گەیشتن به کەمترین ئاستی خۆ بژێوی هەرەشەیەکی مەترسیداره له سەرئاستی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان و گەورەترین لەمپەریشه له پێش سەربەخۆیی کوردستان.

ئاماری پرۆژەی بچووك و مامناوەندەکان ئاماژه بەوه دەکەن که

ڕێژەی ٩٠ لە ٪ی کۆی پرۆژەکان پێك دەهێنن لەئابوری جیهاندا وە لەئاستی جیهاندا ڕێژەی( ٥٠٪)ی بەرهەمی ناوەخۆیی دابین دەکات وەرۆڵی هەیە لە کەمکردنەوەی بێکاری بەرێژەی( ٤٠٪تاکو ٨٠٪) بۆیە لە هەندێك وڵات وەزارەتیان بۆ تەرخان کردووە وەکو (فەرنساومالیزیا). بەگوێرەی ئامارەکان تە نها لە بە غدا (٨٠٠٠) هەزار پرۆژەی بچووك هەیە بەبری ((٣٠))ملیون دۆلار ولە پاریزگاکانی تر (٣٥٠٠) پرۆژەیە بە بری( ٧٢) ملیۆن کە (٢٥٠)هەزار هەلی کاری دروست کرد.

## بنەماکانی سەرکەوتنی پرۆژەی بچووك

١- دارشتنی یاساو ڕێنمایی گونجاو کەژینگە یەکی یاسایی هاندەر دروست بکات وەکو ئاسانکاری ڕێوشوێنەکانی (دامەزراندن و مۆڵەتی پرۆژەی بچووك وبەخشینی لەباج وگومرگ وپاراستنی بەرهەم لە کێبرکێی کاڵای هاوردە........هتد).

٢- سازکردنی زەمینەی گونجاو لە بواری ژێرخانی ئابوری ودابیکردنی سەرچاوە وکەناڵەکانی دەستەبەر کردنی وزە بە نرخی گونجاو وهۆیەکانی گواستنەوە وگەیاندن.

٣- بڵاو کردنەوەی هۆشیاری کاری ئازاد وگۆرینی ئارەزوی دامەزراندن لە کەرتی حکومی وموچەخۆری وفەرمانبەریتی حکومی بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت بە فەرام کردنی زەمینەی لەبار بۆکارکردن لە کەرتی تایبەت و ژمارکردنی ساڵانی خزمەت ودابینکردنی خانەنیشینی تادوایی.

٤- ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر پێداویستیەکانی بازارو ڕێنماییکردنی خاوەن پرۆژە بچوکەکان.

## گرفتی پرۆژە بچوکەکان

١- گرفتی کارگێری.

٢- گرفتی بازارکردن.

٣- گرفتی تەکنیکی بەرهەمداری.

٤- گرفتی دارایی.

ڕۆڵی کەرتی تایبەت لەدامەزراندنی پرۆژەی بچوك وکەمکردنەوەی بێکاری:

لەیاسای (ئارسەرئۆکۆن) کەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تێکرا(معدل)ی بێکاری بەسەرجەمی بەرهەمی خۆجییەتیەوە گرێداوە و هاتووە، کە ئەگەر هە ستاین بە دابەزاندنی (کەمکردنەوەی)ڕێژەی بێکاری بە ئەندازەی (١٪)ئەوا سەرئەنجام دەبێتە هۆی زیادبوونی سەرجەمی بەرهەمی خۆجییەتی بەئەندازەی( ٣٪)، کەواتە پیویستە کەرتی تایبەت بەهاوکاری حکومەت کاربکات بۆ دۆزینەوەی هەلی کارکردن بۆبێکاران بەرەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ کەرتی تایبەت لە ڕێگەی هەموار کردنەوەی یاسای کار بەو شێوازەی کەلە خزمەت بەرژەوەندی گشتیدا بێت و حیساب بۆ بەرژەوەندی خاوەن کارو کرێکار بکات ورێگاش لە قۆرخکاری بگرێت وهەروەها ماف وبیمەی تەندروستی وکۆمەڵایەتی وخانەنیشنی بۆئەوانەی لەو کەرتە گرنگەدا کار دەکەن دابین بکات.

ئەگەرکەرتی تایبەت ژینگەی لەباری بۆ برەخسێتو هانی پروژە بچوك وناوەندیەکان بدرێت ئەوکات ڕۆڵی دەبێت لە کاراکردن وجوڵاندنی ڕەورەوەی ئابووری ناوەخۆیی، ئەوەش لە ڕێگەی دەستە بەرکردنی زیاتری هەلی کاربۆ دەرچوانی پەیمانگاو زانکۆکان وبێکاران بە گشتی، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی داهاتیانو بەرزبونەوەی ئاستی گوزەرانیان ودەستەبەر کردنی خۆشگوزەرانی بۆیان، وهەروەها ڕۆڵی دەبێت لە کەم کردنەوەی ڕێژەی بێکاری وهەژاری، لە ئەنجامدا ئەگەر یاساو ڕێنماییە داراییەکان وچاودێری دارایی ودەستەی نەزاهە کارابن، دەتوانرێ ڕێژەیەکی بەرچاو باج ودەرامەت بۆ حکومەت کۆبکرێتەوە، دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی دراو لەخەزێنەی دەوڵەتدا، بەمەش ڕۆڵی دەبێت لەکەمکردنەوەی ئاستی کورت هێنانی بودجە وبەرتەسککردنەوەی قەبارەی قەرزەکانی وڵات چ ناوەخۆیی بێت یان دەرەکی، هەروەها بۆی هەیە ببێتە زێدە دارایی وسەرمایە بەپلانێکی تۆکمە سوودی لێ وەربگرێت لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان وپەرەپێدان لەبواری پیشەسازی وبازرگانیو کشتوکاڵیو گەشتوگوزار ووزەو گەیاندنو نیشتەجێکردنو بانکەکانو هۆتێلو ڕیستورانتەکان...هتد.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:


١- د. هوشیارمعروف، دراسات في التنمية الاقتصادية، (استراتيجات التصنيع والتحول الهيكلي)، دار الصفاء للطلباعةو النشر التوزيع، ٢٠٠٥، ص٦٦.

٢- د. عبدالفتاح دياب حسيني، دليل رجل الاعمال لادارة المشروعات الصغيرة، الجزو الاول ١٩٩٩،ص١٤٩

٣- د. سعيد امين الادريسی، گۆڕینی ئارستەی بیرکردنەوەی وەبەرهێنان لەکوردستان، هەفتە نامەی گوڵان، ٢٠١٠/١٠/٢٠.

٤. جیهانگیر سدیق، پروژە بچووکەکانو بایەخی ئابوورییانە، گۆڤاری وەرزی ئابووری سیاسی، ژمارە٣٣، ساڵی پانزەهەمی ٢٠١٣.ص٥٩.

٥. د.خاليد حيدر، المشروعات الصغيرة وأهميتها الاقتصادية، گۆڤاری ئابووری سیاسی، ژمارە١٧ ساڵی ٢٠٠٧، ص١٣٧.



# بیربكەرەوەو ئامانج دیاری بكە..

د. ئەحمەد وەرتی

ژیار و شارستانێتی هیچ گەل و نەتەوەیەك بەرهەمی تەنیا نەوەیەك نییە، بەڵكو نەوە دوای نەوە و هەموان تیایدا پشكدار دەبن وماندوو دەبن، رادەی پێشكەوتن و دواكەوتنی هەر گەل و نەتەوە و كۆمەڵگایەكیش بەندە بە ژمارەی بیرمەندەكانی و بەوەی بیركردنەوە و ژیرییان بۆ گەشەكردنو پەرەپێدانی كۆمەڵگەكەیان لە باشەوە بەرەو باشتر و لەچاكەوە بەرەو چاكتر و لە گەشەكردنەوە بەرەو گەشە و پێشكەوتنی زیاتر بخەنە كار، لە قورئانی پرۆزدا ئایەتگەلێكی زۆر باس لە سەربردە و بارودۆخ و رابردوو و چارەنووسی گەل و نەتەوەكانی پێشوو دەكەن بەمەبەستی بیرخستنەوەی مرۆڤ وهاندانی بۆ بیركردنەوە لەو بارودۆخ و رووداوانەی نەتەوەكانی پێشوو تێیدا ژیاون بۆ پەند وەرگرتن و سوود لێ وەرگرتن و پایەندبوون بەلایەنە باشەكان و دوور كەوتنە لەلایەنە خراپەكانیان،وەك خودای گەورە دەفەرموێ (لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي الأَلْبَابِ) سورەتی یوسف/١١١. بە واتای: بێگومان لە چیرۆك و بەسەرهاتی ئەواندا پەند و وانە هەیە بۆ ئەوانەی خاوەنی ژیرین. هەر لەبەر گرنگی بیركردنەوە بۆ گەیشتن بەبەختەوەری هەردوو دونیا خوای میهرەبان لە زیاتر لە (٨٠) ئایەتی قورئانی پیرۆزدا فەرمانی پێكردووە و هانی مرۆڤەكانی داوە لەسەری، لەوانە ئایەتی ٢١٩ لە سورەتی بەقەرە كە دەفەرموێ (.. كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ) بەواتای : بەم شێوەیە خوای گەورە نیشانەو ئایەتەكانی خۆی بۆتان روون دەكاتەوە بەشكم بیر بكەنەوە.

وەك جەخت كردنەوە لە سەر ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە پێغەمبەری خودا (د.خ) دەفەرموێ (لَا تَكُونُوا إِمَّعَةً ، تَقُولُونَ : إِنْ أَحْسَنَ النَّاسُ أَحْسَنَّا ، وَإِنْ ظَلَمُوا ظَلَمْنَا ، وَلَكِنْ وَطِّنُوا أَنْفُسَكُمْ ، إِنْ أَحْسَنَ النَّاسُ أَنْ تُحْسِنُوا ، وَإِنْ أَسَاءُوا فَلَا تَظْلِمُوا) صحيح الترمذي بشرح ابن العربي – باب البر والصلة: ٨/ ١٧٠، بە واتای: لەو خەڵكانە مەبن كە هەر لەگەڵ دەرۆن و لاساییكەرەوەن و بڵێن ئەگەر خەڵكی چاكەیان كرد ئێمەش چاكە دەكەین و ئەگەر ستەمیشیان كرد ئێمەش ستەم دەكەین ، بەڵكو خۆتان وا رابێنن و وا كار بكەن ئەگەر خەڵكی چاكەیان كرد ئێوەش چاكە بكەن و ئەگەر خراپیشیان كرد ئێوە ستەم مەكەن.ئەم ئایەت و فەرموودانە و هی تریش رادەی گرنگیدان و بایەخدانی ئیسلام دەردەخەن بە بیكردنەوە و بەكارخستنی راو ئیجتیهاد و كۆششی عەقڵی.

بێگومان بیركردنەوەی راست و دروست و ئیجابیانە هۆكارێكی گرنگی دیاریكردنی ئامانجە، ئامانجیش پێداویستی سەركەوتنە وەك چۆن هەوا پێویستی ژیانە و بۆ بوونی ئامانجی روون و ئاشكرا ئەستەمە هیچ كەسێك بتوانێت بە مەبەستەكانی بگات و سەركەوتووبێت لە ژیاندا،كەوابوو پێش ئەوەی مرۆڤ بە هەر كارێك هەڵسێت ، دەبێ ئامانجی خۆی دیاری بكات، ئەمەش پێویستی بە بیر كردنەوەو بەگەڕ خستنی بیرو هۆش و ژیری هەیە، گەرنا مرۆڤ لە سەرگەردانیدا دەمێنێتەوەو نازانێت چی دەوێت و چۆن رێگا ببرێت و سەركەوتن بە دەست بێنێت.

بەڵام وەك ئاماژەمان پێدا دیاری كردنی ئامانج پێویستی بە بیركردنەوەی راست و تەندروست و ئیجابیانە هەیە، و بۆ ئەوەی بیركردنەوەكەت سەربكێشێت بۆ ئەنجامی پێویست،دوور بكەوە لەو شتانەی بیركردنەوەكەت لێڵ دەكەن یان دەیكەنە بیركردنەوەیەكی نێگەتیف ، بۆ ئەوەش ژینگەی تەندروست و هێمن و دوور لە جەنجاڵی ، كاتی گونجاو ، نەبوونی خەم و تورەیی و نائومێدی، ماندووبوون و كاركردنی بەردەوام و هەست نەكردن بە ئاسوودەیی.. كاریگەریان هەیە لە سەر بیركردنەوەت، بۆیە دەڵێم: بیربكەوە بە بیركردنەوەیەكی تەندروست و لە كەشێكی ئارام و بە بیرو هۆشێكی ئاسوودەو چالاكەوە ئامانجی ژیانت دیاری بكەو سەركەوتن بەدەست بێنە.



# چۆن بابەتێك دەڵێیتەوە؟

عبدالحکیم زراری

**رەگەزەکانی باسەکە:**

ئەو کارانەی دەبێ بەر لە وتنەوەی بابەتەکە رەچاو بکرێن.

ئەو کارانەی دەبێ لە میانەی وتنەوەی بابەتەکە رەچاو بکرێن.

**کارە هونەرییەکان.**

**ئاماژەکان.**

**ئامۆژگارییەکان.**

**یەکەم:** ئەو کارانەی دەبێ بەر لە وتنەوەی بابەتەکە رەچاو بکرێن.

دڵسۆزی:

فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای گەورەی لەسەر بێت) لەم رووەوە زۆرن لەوانیش: (من تعلم علماً مما يُبتغي بها وجه الله لا يتعلمه إلا ليصيب به عرضاً من الدنيا لم يجد عرف الجنة يوم القيامة) واتە: ئەوەی زانستێك فێربێت کە جێی رەزامەندی خوای گەورە بێت، کەچی فێری نابێت مەگەر بۆ ئەوەی لە دونیادا خۆی پێ دەرخات، ئەوا ئەو کەسە لە رۆژی دوایی بۆنی بەهەشت ناکات». هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: (من طلب العلم ليباهي به العلماء أو ليماري به السفهاء أو ليصرف وجوه الناس إليه فهو في النار) واتە:هەر کەسێك زانستێك فێربێت بۆ ئەوەی زانایان شانازی پێوەبکەن یان بۆ ئەوەی گەمژەو هیچ و پووچەکان مشتومڕ و دەمەتەقێی بێ سوودی لەگەڵ بکەن یان بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی رابکێشێت ئەوا ئەو کەسە لە ئاگری دۆزەخدایە».

خوای گەورەش لەم بارەیە دەفەرموویێت ((ليبلوكم أيكم أحسن عملا)) واتە: بۆ ئەوەی تاقیتان بکەینەوە کامەتان کاری چاکتر دەکەن، فوزەیلی کوڕی عیاز لەمەڕ چەمکی (أحسن عملا) فەرموویەتی مەبەست لێی راسترین و دلسۆزترینیانە.

**هەڵبژاردەیەکی تەندروست:**

بەجۆرێك کرۆکی ئەو بابەتەی هەڵیدەبژێریت، کۆنتاکتێکی راستەوخۆی هەبێت بەواقعی ژیانی کۆمەڵگا، هەڵبەت ئەمەش پێویستی بەم دوو پرسەوە هەیە:

بابەتەکە گرێدراوبێت بە هەردوو کایەی خێر و شەڕ.

تێڕوانین و خوێندنەوەی خۆی هەبێت بۆ ئەو جەماوەرەی کە گوێ لە بابەتەکەی رادەگرن، پێغەمبەری

خوا لەم بارەیەوە دەفەرموویت:
(حدثوا الناس بما يعقلون أتحبون أن يكذب الله ورسوله).

واتە:(( ئەو خەڵکانە بدوێنن کە بیردەکەنەوە ئایا حەزدەکەن خوا و پێغەمبەرەکەی بە درۆ بخرێنەوە)).

ئامادەکردنێکی باش:

بەتایبەتی ئەگەر بابەتەکە تێکچڕژاو و پەڵدار یان ورد و قووڵ بێت، هەروەها ئەگەر وانەبێژەکە لە قۆناغی سەرەتایی بووبێت و پێشتر مومارەسەی وانەوتنەوەی نەکردبێت، بۆیە کەسی خەیاڵپلاو خەیاڵی ئەوە ناکات کە ئامادەکردنی پێشوەختە بۆ ئەو بابەتەی کە بڕیارە بیلێتەوە نابێتە لەکەو کەموکوڕی لەسەر توانای وانەبێژەکەو هەمدیس لە توانست و لێهاتووی کەم ناکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێویستە لەسەر وانەبێژەکە دیراسەیەکی تێرو تەواو و گشتگر بۆ بابەتەکەی بکات بەجۆرێك پەڵبهاوێژێت بۆ توخمە زەقو سەرەکییەکان، ئەو هەنگاوە ڕۆشنانەش بگرێتە بەر تاوەکو لە دەرەنجامدا بتوانێت ئەڵقە دوای ئەڵقە بیگەیەنێت بە گوێگرانی.

مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی کە دەیلێی ئەنجامی بدەیت :

هەموو زانستێك مەبەستەکەی وەرگێڕانییەتی بۆ دونیای پراکتیزە کردن، هەڵبەت دیارە سەرکەوتنو سەرفرازیش لە جێبەجێکردندایە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموویت: ((قد أفلح من زكاها)) واتە: بەڕاستی ڕزگاری بوو ئەو کەسەی کە نەفسی خۆی پاك کردەوە.

بۆیە پێغەمبەرمان موحەممەد(درودی خوای لەسەر بێت) خۆی لەو زانستە بە دوور خستۆتەوە کە هیچ سوودێك ناگەیەنێت وەکو لە دوعایەکیدا دەفەرموویت (خوایە پەنات پێدەگرم لە زانستێك کە سوودی نییە..)، بۆ ئەم مەبەستەش خەڵکی چاویان بڕیوەتە کەسانی بانگبەر کە ڕۆڵی پێشڕەوایەتی ببینن هەوەکو خوای گەورە دەفەرموویت: (كنتم خير أمة اخرجت للناس تأمرون بالمعروف و تنهون عن المنكر و تؤمنون بالله) واتە: ئێوە (موسلمانان) باشترین گەلێك بوون بۆ خەڵکی هێنرابێتە دی، فەرمان دەدەن بە چاکەو جڵەوگیری دەکەن لە خراپە و بڕوا دەهێنن بە خوا..

هەر لەم بارەیەوە سەید ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت دەفەرموویت: (بانگەوازی کردن بۆ خێرو چاکە و پاشان سەرپێچی کردن لێی لەڕێی ڕەفتاری بانگبەرانی ئەم بانگەوازە، بریتییە لەو کارەساتەی کە هەر بە تەنها دووچاری بانگبەران نابێتەوە بەڵکو سەردەکێشێت بۆ خودی بانگەوازەکان، بەمەش سەر لە خەڵکی دەشێوێنن و تووشی جۆرێك لە دردۆنگییان دەکەن، چونکەلەیەك کاتدا گوێبیستی قسەی جوان و بریقەدار دەبن و کردەوەی قێزەونیش دەبینن، ئەمەش بێگومان دەیانخاتە باری دۆشداماو لە نێوان قسەو کردەوەدا، بە شێوەیەك ئەو گڕەی کە بەهۆی بیروباوەڕەوە لە نێو گیان و ڕۆحیان داگیرساوە خامۆش دەبێتەوە ئەو ڕووناکییەی کە دڵەکانییان بە تیشکی باوەڕ ڕووناك کردبۆوە دەکوژێتەوە، بەمەش چیتر متمانەیان بۆ ئەم ئایینە ناگەڕێتەوە دوای ئەوەی کە متمانەیان نەما بە پیاوانی ئایینی.

ئیبن قەییم ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت دەفەرموویت:(ئەوانە ئەو زانا خراپانەن کە لەبەر دەرگای بەهەشت دانیشتوون و بە قسەکانیان خەڵکی بۆ بانگهێشت دەکەن و بە کردەوەکانیشیان بۆ دۆزەخ بانگەوازییان دەکەن، جا لەبەر ئەوە هەرکاتێك قسەکانیان بۆ خەڵکی وەرنە بەهەشت بووبێت ئەوا کردەوەکانیان بەخەڵکەکە دەڵێت گوێیان لێمەگرن ئەگەرچیش ئەوەی بانگەوازیشی بۆ دەکەن ڕاست و ڕەوا بێت، بێگومان ئەوانە کەسانێکن خۆیان لەسەر شێوەی پیاو چاك نیشان دەدەن کەچی لەراستیدا کەسانی ڕێگرن لە بەردەم چوون بۆ بەهەشت)، هەروەکو شاعیر دەڵێت:

يا أيها الرجل المعلم غيره
هلا لنفسك كان ذا التعليم
تصف الدواء لذي السقام
وذي الضنا كيما يصح وأنت سقيم

ئەی ئەو پیاوەی خەڵکی فێردەکەی ئایا دڵو دەروونی خۆت فێرکردووە، دەرمان ئەدەی بەوانەی نەخۆشن کەچی خۆت نەخۆشی وچۆن نەخۆش چاك ئەکەیتەوە

دووەم: ئەو کارانەی دەبێ لە میانەی وتنەوەی بابەتەکە ڕەچاو بکرێن:

پێشەکی:

پێویستە وانەبێژ لە دەروازەی وتنەوەی بابەتەکەیدا، ئەم باسانەی خوارەوە نادیدە نەگرێ و بە بایەخەوە هەڵوەستەیان لەسەر بکات:

دەستپێك:

لە بەرایی هەموو کارێکدا یادی خوای گەورە بکەوەو سوپاس و ستایشی بکە، پاشان سەڵات و سەلامی پەروەردگاریش بنێرە بۆ سەر پێغەمبەرمان موحەممەد(درودی خوای گەورەی لەسەر بێت)، هەروەکو لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا هاتووە

کە: ((هەر کارێکی بە کەڵك و نرخ بە ناوی خودا - لە ریوایەتێکی تردا بە سوپاسکردنی خودا — دەستپێنەکات، ئەوا ئەو کارە بێ بەرەکەت دەبێ و نابێتە جێی رەزامەندی خوای گەورە.

باسکردنی فاکتەرەکانی خستنە رووی ئـەم بـابـەتـە، و بـایـەخ و گرنگییەکەشی لەم رووەوە پێویستە بخرێتە بەر باس و خواس.

قسەکردن دەربـــارەی واقیـع و گرێدانی بە بابەتەکەوە، ئەمەش لە پێناو ئەوەی کاریگەرییەکی باش و بەپیرەوەچونێکی شایستەی هەبێت.

بە زەوق خستن و خۆشکردنی بابەتەکە:

علوان دەڵێت:..... هەست و سۆزە مرۆییەکان چەند ماڵێکی داخراون، قورئانی پیرۆزیش لێمان قەدەغە دەکـات بچینە نێو ماڵێك کە ماڵی خۆمان نییە تاوەکو مۆڵەت وەرنەگرین و سەلام لە خاوەن ماڵەکە نەکەین.

پیشاندانی رەگەزەکانی بابەتەکە:

ئەویش باسکردنی بابەتەکەیە بەشێوەی سەرە دێڕ، لە پێناو ئەوەی بیرۆکەکە لەلای گوێگر تێرو تەواو و پێرفێکت بێت.

لە کۆتایی وانـەکـەدا پێویستە تـەواوی بابەتەکە بۆ چەند دێڕێك کورت و پوخت بکرێتەوە، بۆ ئەوەی گوێگرەکان زۆر بە ئاسانی بتوانن ئیحتیوا و ئیستیعابی بکەن و لە مێشکیاندا پەسمەندە بکرێت.

## سێیەم: کارە هونەرییەکان:

ئاخافتن بە زمانێك کە گوێگر لێی تێبگات:

ئـەمـەش بـۆ هـێـنـانـەدی ئـەو بـنـەمـایـەیـە کـە قـورئـانـی پـیـرۆز بانگەوازی بۆ دەکات ((وما أرسلنا من رسول الا بلسان قومه ليبين لهم)) واتە: هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە مەگەر بە زمانی گەلەکەی نەبێت، بۆئەوەی بۆیان روون بکاتەوە.

جا بـەم شێوەیە روونـکـردنـەوە دەبێتە بناغەی ئاخاوتن و سوود لێبینینی، هەروەها پێویستە بیروهۆشی گوێگران و هەستەکانیان بزانرێت، بۆ ئەمەش پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموویت: (فەرمانم پێکراوە لەگەڵ خەڵکی بدوێم بە ئەندازەی بیروهۆشیان)

ب- شێنەیی لە قسەکردندا:

عائیشە رەزای خوای لەسەر بێت دەفەرموویت : (( قسە گێڕانەوەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) وەکو ئەو گێڕانەوانەی ئێوە نەبوو، چونـکـە ئـەوە کـە فـەرمـوودەیـەکـی دەگێڕایەوە زۆر بە ئاسانی وشەکانی هـەژمـار دەکـــرا)) ئیسماعیلی لە ریوایەتەکەی خۆیدا ئـەوەش زیاد دەکـات (( بەڕاستی فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بەجۆرێك بـوون هەر زوو کـاری لە دڵەکان دەکرد و لێی تێدەگەیشتن)).

ج- هاوسەنگی لە دەنگ :

دەنگی وانـە بێژ نابێ سنووری کـۆڕو مەجلیسەکەی ببەزێنێت، هەمدیس نابێ کورتیش بهێنێت بە جۆرێك نەگاتە گوێچکەی گوێگرانی ئامادەبوو.

د- نزیکبوونەوە لە ئامادەبووان:

بـەشـێـوەیـەك هـەر تـاکـێـك لە ئامادەبووان هەست بـەوە بکات کە وانەبێژەکە گرنگی پێدەداو حیسابێکی تایبەتی و جیای لەگەڵدا دەکـات، ئەوا ئیحساسێکی نـاوازەی لادروست دەبێت، لە عومەری کوڕی عاسیان گێڕاوەتەوە رەزای خوای لەسەر بێت کە فەرموویەتی: ((پێغەمبەری خوا (درودی خـودای لـەسـەر بێت) بە رووخـــسـارو بـە ئاخاوتنەکانی لە خراپترینی خەڵکی نزیك دەبوویەوە و رووی لێ دەنـان، بەمەش ئاشتی دەکــردنـــەوە، بەجۆرێکیش رووی لەمن دەناو لێم نزیك دەبوویەوە وا گومانم دەبرد کە من لە باشترینی خەڵکەکەم، لە بەر ئـەوە وتم ئەی پێغەمبەری خودا: من باشترم یان ئەبو بەکر؟ فەرمووی: ئەبو بەکر، وتـم ئـەی پێغەمبەری خـودا: من باشـتـرم یـان عـومـەر؟ فـەرمـووی: عومەر، وتم ئەی پێغەمبەری خودا: من باشترم یان عوسمان؟ فەرمووی: عوسمان، جا هەرکاتێك پرسیارم لە پێغەمبەر دەکـرد و ئەویش رووی لێ وەردەگێرام، لەبەرئەوە خۆزگەی ئەوەم دەخواست کە ئەو پرسیارانەم لێ نەکردبا)).

ه- جووڵاندنی هەردوو دەست:

ئەمەش بۆ زیاتر روونکردنەوەی بیرۆکەکەیە هـەروەکـو ئـەوەی کە پێغەمبەرمان موحەممەد(درودی خوای لەسەر بێت) ئەمەی کردووە، هەروەکو لەم فەرموودەیەدا دەردەکەوێت ((من و بەخێوکەری هەتیو وەکو ئەم دووە واین)) ئاماژەی بە پەنجەی شادەنوێژ و ئەویتریانی کرد.

و- نوێکاری لە شێوازەکان:

بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

پەیڕەو کردنی شێوازی گێڕانەوەی چیرۆك:

وەکو چیرۆکی ئەو سێ کەسەی کە چوون بۆ ئەشکەوت، هەروەها چیرۆکی ئیبراهیم (سەلامی خوای گەورەی لەسەر بێت).

پەیرەوکردنی شێوازی گفتوگۆ و هێنانە قسە:

وەکــو ئــەوەی پـێـغـەمـبـەرمـان دەفەرموویت: (( ئایا دەزانـن مایە پووچ کێ یە؟))، ((بینیوتانە ئەگەر رووبارێك.....

پەیڕەوکردنی شێوازی فێرکردن بە پێشڕەویکردن:

بۆ ئەم مەبەستە پێغەمبەر دەفەرموووێت: (نوێژ بکەن وەکو ئەوەی کە منتان بینیوە نوێژ دەکەم..)، (لە حەجەکانتان پەیڕەوی لە شێوازی من بکەن).

پەیڕەوی کردنی شێوازی نموونە هێنانەوە:

وەکو: کەشتی کۆمەڵگا، نموونەی ئەو بڕوادارەی کە قورئان دەخوێنێت...

پەیڕەوکردنی شێوازی گاڵتەوگەپ کردن:

وەکو لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە کە ((بەساڵاچوو ناچێتە بەهەشت...))

پەیڕەوکردنی شێوازی قۆستنەوەی بۆنەکان:

ئایا زانیوتانە هیچ ئافرەتێك منداڵەکەی خۆی فڕێداتە ناو ئاگر...

پەیڕەوکردنی شێوازی ئاوڕدانەوە لە گرنگترین:

کەی ڕۆژی دوایی دێت....

هێنانەوەی بەڵگەو قسەی نەستەق و بەسەرهات و هونراوە وتن.

وریا بوون لە دووبارەکردنەوەی ئەم گوزارشتانە بۆ نموونە: واتە، بەلێ، بێگومان،...

نووسینەوەی بابەتەکە هەر هەمووی، و پشت نەبەستن بە لەبەرکردن تەنها لە وتنەوە نەبێت.

چوارەم: ئاماژەکان:

دەستگرتنەوە لە ئاخاوتن و قسەکردن، بە دەستپێکردنی گرنگترینیان پاشان گرنگ.

خۆ دوور گرتن لە قسەی ڕەق و توندوتیژی و زمانی زبر وپڕ لە جنێو لە کاتی قسەکردندا:

بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پابەندی پێغەمبەرمان بین کاتێك خوای گەورە وەسفی دەکات و دەفەرمووێ: ((فبما رحمة من الله لنت لهم ولو كنت فظا غليظ القلب لانفضوا من حولك)) واتە: بەهۆی بەزەیی خواوەیە بۆ ئەوان نەرم و نیانی بووی، ئەگەر تۆ بەدخوو قسە ڕەق و دڵ ڕەق بووتایە ئەوە هەموو بڵاوەیان دەکرد.

هەروەها ئەمەش ئیبراهیمە سەلات و سەلامی خوای لەسەر بێت بە باوکی دەڵێت ((ئەی باوکی شیرینم..)).

لاواندنەوەی ئامادەبووان و قسەی خۆش بۆ کردنیان، تاوەکو هەست بە بێزاری و وەڕس بوون نەکەن.

بەهێزی تێبینی کردن و پەی پێبردن:

مەبەست لێی زانین و ئاگادار بوونە بە بارودۆخی گوێگران لە میانەی ئاخاوتندا، ئایا ئەوان لەگەڵ من بەردەوامن لە وەرگرتنی بابەتەکە، بۆ ئەوەی درێژەی پێبدەم و پێیان بگەیەنم، یاخود لەگەل من پچڕاون و بەرەو ئاقارێکی تر ڕۆیشتوونە.

زمان پاراوی:

ئەمەش نایەتەدی مەگەر وانە بێژەکە خودان ڕۆشنبیرییەکی فراوان و گشتگر بێت، و خوێندنەوەی ویژەیی زۆری هەبێ لەگەڵ ڕاهێنان و مومارەسەکردنی بەردەوام.

پێنجەم: ئامۆژگارییەکان:

پۆزش مەهێنەوە بۆ خراپی ئامادەکردنی بابەتەکە، نە پێش ئاخاوتن نە دوای ئاخاوتنەکە

فەتوا نەدان و خۆ لێ پاراستن.

دوور کەوتنەوە لە نیشاندانی پلەوپایەی مامۆستایەتی و خۆدەرخستن لەوەی کە بە زمانێکی پاراو و خاراو ئەدوێ ی.

نیگەران نەکردنی گوێگران بەو پرسیارانەی کە ناتوانن وەڵامیان بدەنەوە.

خۆدوور گرتن لە جووڵە جووڵی زۆر.

ڕێك پۆشی و ڕووخسارێکی جوان.

کورت و پوختی لە وەڵامدانەوە و پەلە نەکردن لێی.

ئامادەباشی بۆ هەر کارێکی کتوپڕ و لە ناکاو.



# یەکسانی لە نایەکسانیدایە



ئا: ئاسۆس ئەنوەر سلێمان

ئاشکرایە وشـەی یەکسانی ئەگەر لـە چوارچێـوەی چەمکـی ئەرێنی خۆیـدا پەیڕەوبکرێـت، بێگومـان کارێکی قبووڵکراوە بەپێی هەر پێوەر و لە هەر ئاستێکدا بێـت، ئەوکاتە کۆك دەبێت لەگـەڵ بەها بەرزەکانی ئاییـن و یاسـاو کۆمەڵگـە و ....هتد، بۆ نموونە: لە ئاسـتی یاسـادا: سزای تاوانکـردن یـان کەموکورتـی دەبێ هەمـووان بگرێتەوە و هەندێك کەس لەسـەرووی یاسـەکەوە نەبـن، وەك چۆن بەپێی بنەمای پاداشـت و سـزا لە ئاییندا، جیاکاری نەکراوە لەنێوان مرۆڤەکان، پاداشـت و سزای تایبەت بەرامبەر هەموو کردەوەکان بەڕوونی ئاماژەیـان پێکراوەو بەبـێ جیاکاری لەسەر هەموویان وەك یەك جێبەجێ دەکرێت ، هەر ئەمەشـە وای کردووە "یەکسانی" وەك وشەیەکی زۆر جوان دەرکەوێـت و ببێتـە هوتافی هەموو مرۆڤێکـی خـاوەن دڵ و ویـژدان، وایکـردووە بـە پەرۆشـەوە هەوڵـی بەدیهێنانی لەلایەن خەڵکەوە بدرێت، بەهیـوای ئـەوەی سـنووری بەهـا جوانەکان نەبەزێنرێت، کۆمەڵگەیەکی ئاسوودە و داتپەروەر بێتە ئارا .

"یەکسـانی" ناسـاندنێکی جوانی بۆ کراوە، کەچی دەبێ ئەوە بزانرێت مانـای ئـەوە ناگەیەنێت کـە دەبێ هەمـووان بەقەدەر یەکتر بەخشـش وەربگـرن و پاداشـت بکرێـن، یـان بەیەکەوە سـزا وەربگرن، وەك چۆن بەداخـەوە لە زۆربەی کایەکانی ژیان لـە کۆمەڵگـەی ئێمەدا بـە بیانووی بەکارهێنانـی یەکسـانی، جـا چ لـە نەزانین و ناهۆشـیارییەوە بێت، یان هـۆکاری تـر...... زۆر کات و لەسـەر ئاسـتی جۆراوجۆر و شوێنی جیاواز ، هەڵەی گەورە کراوە و دەکرێت، وەك ئەو نموونانەی خوارەوە:

- هەندێـك جـار تـەواوی فەرمانبـەران لـە وەزارەتێـك یـان فەرمانگەیەکـدا کتابـی سـوپاس و پێزانینیـان بـۆ داوادەکرێـت وەك پاداشـتێك بۆ کارەکانیـان لە ماوەی ڕابردوودا!! من دەپرسـم ئایا بڕواتان وایـە هەموویـان ئاسـتی کارکـردن و خۆماندووکردنیـان وەك یەکتـر بووبێـت؟! کـە گومانـی تێدانییـە جیـاوازی تاکایەتـی دیاردەیەکـی گشـتییەو بەتایبەت لە وڵاتی ئێمەدا

ئاستی کارکردنی فەرمانبەران بەچاوی خۆمان دەبینییـن وەك یەکتر نییە، هەندێکیان بەراستی شایەنی سوپاس و پێزانینن، لەکاتێکـدا فەرمانبەری وا هەیـە شـایەنی ئـەو سـوپاس و پێزانینـە نییەو پێدانـی بە هەڵە و ناداتپەروەری لە قەڵەم دەدرێت.

بۆیە دەبێ ئەوە بزانین ئەم جۆرە یەکسانییە ، خۆی لە خۆیدا ئەوپەڕی نایەکسـانییە، لەبری ئـەوەی ببێتە هاندان بۆ ئـەدای کارکردن... دەبێتە مایەی سـاردبوونەو سستی کارکردن، چونکە نائومێدی بـۆ فەرمانبەرانی چـالاك و بـاش دروسـت دەکات و خواسـت و هەوڵی کێبرکێ ناهێڵێت یاخود لاوازی دەکات.

- هەندێکجـار لـە خوێندنگەکانـدا بەتایبـەت ئـەوەی لەسـەر ئاسـتی خوێندنـی بـالادا دەبینرێت، مامۆستای هەندێك وانە، نمرەی کۆششـی سـالانە بۆ تەواوی قوتابیانـی قۆناغێـك وەك یـەك دادەنێـت... واتە بـۆ هەموویان "١٠" نمـرە دادەنێـت و دەڵێ چی بکەم پارمەتیـم داوون، لەکاتێکدا بەبڕوای مـن دەبێ ئـەو مامۆسـتایە نەڵێت پارمەتیـم داون بەڵکو بڵێت "پشـتم شکاندوون"، چونکە هیچ مانایەکی بۆ وشـەی زیرەکی نەهێشتەوە هەروەك چۆن مانایەکی بۆ هەوڵ و کۆششـی سالانەی قوتابیش نەهێشـتۆتەوە.... کەچی ئەو نمرەیە خۆی بۆ "کۆششی سالانە" دانراوە!!؟؟

ئەگەر بەپێی بنەماکانی چەمکی یەکسانی، سەرنجی ئەم دوو نموونەی سەرەوە و چەندین نموونەی دیکەی هاوشـێوەی ئەوانە بدەیـن، دەبینین لەژێر ناوی "یەکسانیدا" نایەکسانی کـراوەو خوێندنـەوە بۆ جیـاوازی تواناکان و ئاسـتی زانسـتی و هەوڵ و کۆششـی جیاوز نەدراوە ، هاوکات مانایـەك نەماوەتـەوە بـۆ هاندانی فەرمانبـەران و چاودێریکردنـی کارەکانیان و دەستخۆشـی کردن یان سزادانیان بەپێی ئاستی کارکردنیان.

لەکۆتاییـدا دەڵێـم: ئێمـە دەبێ پەیڕەوی"نایەکسـانی"بکەین تاوەکـو "یەکسـانی" بهێنینـە ئـارا، واتـە دەبـێ هەر کەسـەو بەپێـی چالاکی و ئامادەباشـی بۆ ژیـان و کارکردن پاداشتی خۆی وەربگرێت، پاداشتەکە بۆ هەرهەموویان نەبێت، ئەوانەی لێ بێبەش بکرێت کە شایەنی وەرگرتنی نین، سەبارەت بەسزادانیش بە هەمان شـێوە، ئـەو کاتـە دەتوانیـن بڵێین "یەکسـانی" هاتۆتـە ئاراو ، کەشـی کێبرکێ دروستکراوە بۆ هەموو کەس.


تۆڕێکە بایەخدەدات بە بـواری پـەروەردە و گەشەپێدان، بەشێوازێك کـە ڕەسـەنـایـەتـیو پابەندبوونو میانەییو نوێگەری لەخۆ بگرێت، خزمـەت بـە کۆمەڵگا بکاتو ئاشتیکۆمەلایەتی دەستەبەربکات.

AYA

تۆڕی ئایـە بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

شـبكة آيــة للتربيــة والتنمــية

# ژیان وا فێری کردم



رابەر ئەحمەد وەرتی

ژیان وا فێری کردم

ئەوانەی ڕەخنەم لێ دەگرن، زیاتر خۆش دەوێن لەوانەی کە ستایشم دەکەن! چونکە ئەمان زیاتر بەرەو سەرکەوتنم دەبەن.

ژیان وا فێری کردم

لەگەڵ ئەوەی خودا مرۆڤەکانی لە قوڕ دروست کردووە، بەڵام چاکی و خراپی قوڕەکەو شێوازی گەشەکردنی بەدەستی مرۆڤەکانە.

ژیان وا فێری کردم

ئێمە کە منداڵین ئاوات دەخوازین ببین بەلاو، کە لاوین تەمەنەکە زۆر زوو دەگوزەرێ، کە پیریش دەبین ئاوات دەخوازین هەر منداڵ بووینانە!

ژیان وا فێری کردم

خۆشەویستی دڵێکی پاکی دەوێت، کاتێکیش خۆشەویستی دەگاتە ئاستی تاوان کردن: مانای ئەوە دەدات کە دڵەکان پاك نەبوون! کەواتە بەوەش ناوترێت خۆشەویستی.

ژیان وا فێری کردم

من بەهێزم.. چونکە بەلاوازییەکانی خۆم دەزانم،

من سوپاسگوزارم.. چوون لە درزەکانی خۆم ئاگادارم،

من چاو نەترسم.. چونکە فێری ناسینەوە و خەیاڵ ڕاستەقینەکان بوومە،

من ژیرم.. چوون لە هەڵەکانی خۆم فێردەبم،

من شەیدام.. چونکە هەست بە رق لێ بوونەوە دەکەم،

من دەتوانم پێبکەنم.. چوون خەم و خەفەت دەناسم. (وەرگێران)

ژیان وا فێری کردم

بەختەوەری هاوسەرە پڕ لە خۆشەویستییەکان زیاتر لەبەر ئەوەیە یەکیان دەوێ چونکە بێ یەك ناتوانن بژین نەك لەبەر ئەوەی لەگەڵ یەکتری دەتوانن بژین! عاشقی یەك نین لەبەر ئەوەی پێویستییان بەیەکە، پێویستیان بەیەکە چوون عاشقی یەکن!

ژیان وا فێری کردم

ئەو کەسانەی بە ئاشکرا پێدەکەنن و بزە دەکەن، زۆربەیان لەوانەن کە بەنهێنی دەگرین و فرمێسك دەڕێژن!

ژیان وا فێری کردم

پێویستە لە شکستەکانمان ئەزموون وەرگرین، لەسەرکەوتنەکانیش هیوا، دەکرێ هەردووکیان ببنە قوتابخانەی پەندو وانە بۆ ئایندەی ژیانمان.

ژیان وا فێری کردم

ئەوەی کە دروستی کردووین دوو گوێ و یەك دەمی پێداوین، کەواتە پێویستە دووجار گوێبگرین و جارێك قسە بکەین.

ژیان وا فێری کردم

ئەگەر هاوڕێیەکەم بەهۆی خەمێکیەوە گوێی لە ئاوازی بێ دەنگی گرتبێت، هەرچەندە لەوانەیە نەتوانم لەم خەمە ڕزگاری بکەم، بەڵام پێویستە بەلانی کەم بچم لەبەرامبەریدا بەبێ دەنگی دابنیشم بۆ ئەوەی تێ بگات کە خەمی ئەو خەمی منیشە..

ژیان وا فێری کردم

ئەوانەی منیان خۆش دەوێت من زیاتر خۆش دەوێن، ئەوانەشی ڕقیان لێمە من ڕقم لێیان نابێتەوە، چونکە ئەوەی بە نەرم و نیانی دێتە دەست بە رق و بێزاری بەدەست نایەت.

ژیان وا فێری کردم

هەروەکو چۆن رووناکی بە تاریکی لەناو دەچێت نەك ڕووناکی، بەهەمان شێوەش تووڕەیی بە ئارامگری و بەخشندەیی لەناو دەچێت نەك تووڕەیی.


كۆمپانیای الاذكار
بۆ حەج و عومرە
بەسەرپەرشتی: حاجی عدنان
ناونیشان: هەولێر
ژمارەی مۆبایل: ٠٧٥٠٤٨٥٥١٠٣

# زەڕەنگەری زەمان

# Zaman goldsmith

## بەسەرپەرشتی: حسێن بازرگان



بۆ زانین: کڕینو فرۆشتنمان بەپێی نرخی ڕۆژو ئۆنسەی جیهانییە

ژمارەی مۆبایل: ٠٧٥٠١٥١٠٠٩٠ - ٠٧٧٠١٥١٠٠٩٠ - ٠٧٧٠١٥٨٧٥٩٥

## سلێمانی - بازاڕی نەورۆز



ناصح برزنجی

# حەوت تایبەتمەندی پێشڕەوانی کار!

**١) بیرکردنەوەی داهێنەرانە:**

ئەنیشتاین ئەڵێت: (جیهانێك کە دروستمان کردووە بەرهەمی بیرکردنەوەی ئێمەیە)، هیچ شتێك لە داهاتوودا بە بێ ڕێگەکانی بونیادی تازە ئەندێشی ناگۆڕێت، ئەگەر بمانەوێت جیهانێکی نوێ دروست بکەین پێویستە سەرەتا بیرکردنەوەو زەمینەی فیکرمان بگۆڕین، ٪٨٠ ی خەڵك کرداری بیر ئەکەنەوە ، ئەوان هەوڵ ئەدەن تا کێشەیەك چارەسەر بکەن ،٪٢٠ ی تر بیریارانی داهێنەرن، ئەوان کار ئەکەن تا شتێك بەرهەم بێنن و دروستی بکەن.

بیریارانی داهێنەر لەو پرسیارەی کە ئەڵێت : هەلی چ شتێك هەیە؟ پێش دەکەون ، بیریارانی کرداری ئەپرسن، چ کێشەیەك هەیە؟ یاخود چ کەسێك سەرزەنشت بکرێ؟ بیریارانی کرداری لە کردار و وەڵامدانەوەی ژینگەی دەوروبەر ژیان دەبەنە سەر، بیریارانی داهێنەر زیاتر لەو ژینگەیەی کە هەیە بیر ئەکەنەوە.

**٢) ئامادەبوون بۆ گۆڕانکاری:**

کەسێك کە ئامادەیی بۆ گۆڕانکاری تێدا بێت، پێشوازی لە گۆڕانکاری ئەکات، ئەو کەسە لە قۆناغەکانی گۆڕان و جۆنیەتی کاریگەرییەکانی لە سەر دەوروبەر شارەزایی هەیە ، هەندێك لە کەسەکان لە بەرامبەر گۆڕان بەرگری ئەکەن جونکە ناچارن لە گۆشەی ژیانی وەستاو بێنە دەرەوە، ئەوان هاوکاری کەسەکان ئەکەن کە بە دەرکی هاوبەشی رابردوو بگەن و هۆی گۆڕانکاری بزانن، دواتر بە پیشاندانی وێنەیەکی جوان لە داهاتوو لە ڕێگەی ئەو چالاکیانەی کە پەسەندی هەموو لایەکە هاوکاری دۆزینەوەی ڕێگەی دروست بن.

**٣) پێشڕەوی کار مامۆستای دیدگا دوورەکانە:**

ئەمە ئەرکی ئەوە کە ژینگەیەکی زیندوو دروست بکات کە بریتییە لە فەرهەنگ و کەلتوور ، فەرهەنگ ڕۆحی بەلێندانە ، پێشڕەوی یەك خاوەن فەرهەنگی شارەزایە ، ئەو هەیکەلی ژینگە ساز ئەکات ، کارمەندان هان و بانگێشت ئەکات تا باشتر لەوەی کە هەیە هەبن ،پێشڕەوی مامۆستا ئەزانێت کە توانای دروستکردنی ژینگەیەکی عەقڵانی و پاڵنەر بۆ گەشەی کارمەندان زۆر گرنگترە لە هەر توانایەکی تەکنیکی.

**٤) پێشکەوتنی بەردەوام:**

پێشرەوی ئەمرۆ بە شێوەیەکی ڕێك و پێك لە گەڵ شێوازی کۆن تووشی گرفت دەبێتەوە، و سەبارەت فێر بوونی ئەو شێوازە لە جیهانی ئەمرودا گەرم و گورە، ئاسایی ئەپرسێت: چ کەسانێك شتێك جیاوازتر لەوەی کە لای من هەیە ئەنجام دەدات و چ شتێك ئەتوانم لەوانەوە فێر بم؟

**٥) پێشڕەوی کاری نوێ خاوەن کەسایەتیە:**

ئەوەی کە ئێوە چ کەسێکن و چۆنن هێندەی ئەوەی چی دەزانن گرنگە، خۆتان لە سەرووترین ستاندەردەکان ببینن، ئەوەی لە خۆت چاوەڕێ ئەکەی لە کەسانی دیکە چاوەڕێ مەکە، دۆستی ڕاستیەکان بن و ڕاستی بڵێن ، بەڕێزترین پێشڕەوان ئەوانەن کە لە تەواوی کارەکانیان ڕاستگۆ ترو شەفافترن.

**٦) ڕاهێنەر:**

پێشرەو ئەبێت ڕاهێنەر بێت نەك ئامۆژگاری کەر، ئەو پێویستە ژینگە بۆ ئەو ڕوداوانەی کە ڕوئەدات بە کراوەیی بهێڵێتەوە، ئەوترێ کاتێك پێشڕەوان کارەکەیان بە باشی ئەنجام ئەدەن ، کارمەندان بروا ئەکەن کە کاری خۆیان ئەنجام داوە، پێشڕەوان پێویستە هاوکاری کارمەندان بن تا بابەتەکان لە گۆشەیەکی ترەوە سەیر بکەن ، پرسیار گەلێك بخەنە ڕوو کە کارمەندان بۆ فێر بوون هان بدات.

**٧) پێشڕەو مروڤێکی دووربینە:**

بە ئاشکرا دیارە کە پێشڕەوانی دووربین لە یاریدەی خزمەتی مرۆیی سەرکەوتوون، کەسێکی دووربین بۆ خەرجکرنی ووزە مەرکەزییەت دروست ئەکات، بە ئامانجی ڕوون و لە چوارچێوەی دیاریکراودا کارمەندان بۆ بڕیاردان و کوشش ناچار ئەکات.

ئەمرۆکە نیازمان بە شێوەی نوێ لە پێشڕەوی بە شێوەی ڕوون هەست پێ ئەکرێ، بە شیوە و ڕێگەی خۆتان بە ووردی سەیری بکەن و بزانن کە ئایا بۆ ژیان و پێشڕەوی لە ژیانی ئێستا ئامادەن یان نا.

# پشـــووی بـــرەو

## دایکی هـاوڵان

* دایەگیان فرمێسکەکانیشتم خۆشەوی ، بەڵام روخسارت بە خەندەوە میهرەبان ترە.

* راستە هەژاری و پارەت نیە، ئەی نازانی خاوەنی هەستێکی دەوڵەمەندی.

* چاوت بە فرمێسک مەشۆرەوە بۆکەسێک، کەئەولەدوری تۆفرمیسکی شادی ئەرێژێ.

* بۆگەیشتن بە خەونەکانت پێویستت بە قوربانی زۆر هەیە بۆیە کۆڵنەدەر بە.

* هەمیشە هەوڵبدە خۆت بە دوربگری لەوکەسانەی کە نائومێدن بەرامبەر خەونەکانیان.

* لە زانینی نهێنی خەڵکی خۆت بە دووربگرە، بۆپاراستنی نهێنیەکانت.

* هەوڵی فرین مەدە، لەکاتێکدا کە بێباڵی.

* زۆرکەس بۆگەیشتن بە دەسەڵات، درۆی زۆر گەورەتر لە دەسەڵات دەکات.



# کەبوومە چـــــل ساڵ

ابراهیم برهان

کاتێك گەیشتمە تەمەنی چل ساڵی ، بەرلەدەستپێکی ساڵێکی نوێ هەستێکی زۆرسەیرم لەلا گەڵاڵە بوو، هەرکە بەرەو ساڵی تازەی ژیانم دەچووم، بەجۆرێکی تر سەیری ژیانم دەکرد، کە ناتوانم بەنوسینیش گوزارشتی ئەم هەستە بکەم کە لەناخمەوە پەنگی خواردبۆوە، هەموو گیانمی داگرتبوو تەنانەت خامەش نەیتوانی بەسەریدا گوزەر بکات و هەڵوەستەو گوزارشت لەوهەستەم نەکات ، وام ئەزانی دونیای من بەرەو کۆتا ئەچێ، لەتەمەنی چل ساڵیمدا هەستم دەکرد چەندین ساڵ و ڕۆژم تێپەڕاندووە، کە نەم توانیوە وەکو پێویست سوود لەم هەژموونە زۆرەی ژیانی ڕابردووم وەربگرم و وەبەری بهێنم بۆ دوای چل ساڵیم، چونکە لەم تەمەنە دەبێ ئەزمونی ژیانی ڕابردومان بگوازینەوە بۆ ئەمرۆ، بۆیە هەژار موکریانی لەکتێبی **(چێشتی مجێور)** دا دەڵێ: پیاو لەژیانیدا دوو عومری لازمە لەیەکیان ئەزموون کۆبکاتەوە و لەعومرەکەی تردا ئەم ئەزموونانە بەکاربهێنێ، وەك دەڵێن پێویستمان بەبیست ساڵە تاوەکو ببین بەگەنج، پێویستمان بەبیست ساڵی ترە بۆئەوەی بەسەر گەنجێتیمان زاڵبین، خوای گەورە لەتەمەنی چل ساڵیدا سروشی بۆ پێغەمبەران ناردوە ئەمەشیان بێ حیکمەت نیە، تەنانەت لەزۆربەی دەستورو یاساکانی وڵاتانی جیهاندا هاتووە ئەوانەی پۆستی سەرۆکایەتی وەردەگرن دەبێ چل ساڵیان تەواوکردبێ، لەبەرئەوەی لەم تەمەنەدا دەگەنە کامڵ بوون و هێزوژیری خۆیان، خوای پەروەردگار لەیەك شوێن لەسورەی ئەحقاف، باسی لەوتەمەنە کردووە هەروەك دەفەرموێ:- (حَتَّىٰ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَالِدَيَّ وَأَنْ

أَعْمَلَ صَالِحًا تَرْضَاهُ وَأَصْلِحْ لِي فِي ذُرِّيَّتِي إِنِّي تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّي مِنَ الْمُسْلِمِينَ) (الاحقاف: ١٥)

واته مرۆڤ كەدەگاتە كامڵ بوون و هێزو ژیری خۆی، وەگەیشتە تەمەنی چل ساڵی دەبێ باش وخراپەی خۆی لێك جیابكاتەوە ، بەچاكی ڕووبكاتە خوای پەروەردگارو بڵێ خوایەگیان ڕامبێنە لەسەر:-

- شوكرانەبژێی كردنت لەسەر ئەوناوزو نیعمەتەی بەمن ودایك وباوكمت بەخشیوە

- كارو كردەوەیەكی واوئەنجام بدەم لێی ڕازی بیت

- ئەوەو منداڵەكانیشم بۆساڵح بكە.

- خوایەگیان لەهەڵەكانی ڕابردوم پەشیمانم لێم خۆشبە

لەم ئایەتە پیرۆزەی خوای پەروەردگاردا، ئەوە فێردەبین كاتێك مرۆڤ دەگاتە كامڵ بوون و هێزو ژیری درك بەوە بكات دووای هەمووتەواویەك لە كورتیدانێك هەیە.

خوێنەری خۆشەویست ئەم بابەتە ئەوەند كاریگەری خستە سەرژین وژیانم بەجۆرێك نەمدەتوانی ئەم هەستەی ناخم بشارمەوە خۆم ببوێرم هەروا بەشاراوەیی بیهێڵمەوە، بۆیە زۆر جار ئامۆژگاری دۆست وهاوڕێ نزیكەكانمم دەكرد دەمووت بەرلەوەی بەم قۆناغەدا تێپەڕن، كەمێك بیرلە خۆتان بكەنەوەو بەخۆدابچنەوە ئەم كاتەو ئەم هەناسەیەی دیدەن بەهەلو دەرفەتێكی زێرینی بزانن، دڵنیابن نەدەگەڕێتەوەو نەدەشتوانین قەرەبۆی بكەینەوە.

مرۆڤ كەدەگاتە تەمەنێك ئیتر ناتوانی بۆ دواوە بگەڕێتەوە ژیانی هەریەكێكمان لەنێوان (دووكەوانەدایە)، واتە سەرەتاو كۆتایی هەیە ،كەواتە چیمان بۆ نێوانی ئەم دوو كەوانە پێشكەش كردوە كەدەكاتە تەمەنی هەریەكێكمان ، ئایا دەستكەوتمان چیە؟چیمان لە هەگبە دایە بۆ پێشخستن وبەرەوپێشەوەبردنی كۆمەڵگەكەمان ، ئومێددەكەم كاتێ دەگەنە ئەم تەمەنەی من كۆمەڵێك هەنگاوی گەورەتان هەڵێنابێت.

ئەم پرسیارە لەخۆم دەكەم بەرەو چل ساڵی دەڕۆم بۆدوای چل ساڵیم چ پەیامێكم هەیە، دەبوو ئێستا لەقۆناغی بەخشین بام نەك لەسەرەتای قۆناغی وەرگرتنی زانست، دە بوو تائێستا خاوەنی چەندین پرۆژەو سەرچاوەو نوسینی خۆم بام، دەبوو ئێستا خاڵی بەهێزم زیاتربایە لەخاڵی لاواز.

دەی ئەگەرلەم تەمەنە زێرینەی گەنجێتیمان ئەسپی خۆمان تاونەدەین گورزێكی گەورە نەوەشێنین كە ڕێڕەوی ژیانمان بگۆڕێ ئەی كەی ئەم بریارە بدەین، ئەسپێك بەچل ساڵی فێربكرێ و بەكارنەهێنرێ دەبێ لەمەیدانی قیامەت دەست بەكاربێ؟ ئەگەر سەیرێكی پێشەوا ئیمامی ئەوەوی بكەین لەگەڵ ئەوتەمەنە كورتەی ژیانی بەڵام چ دەستكەوتێك وسەرمایەیەكی لەدوای خۆیدا جێهێشت كەتا دونیا مابێ هەر بەدرەوشاوەیی ئەمێنێتەوە، خوێنەری خۆشەویست ئایا دەزانی لەچ تەمەنێك وەفاتی كرد، لە تەمەنی چل ساڵیدا، تەنانەت نەپرژاوەتە سەر ئەوەی ژن بهێنێ بەهۆی سەرقاڵی زۆری بەزانستو زانیاریەوە ، بەڵام بۆچ ئامانجێك ژیا چ هیواو ئاواتێكی هەبوو !!؟؟ هەموو موسڵمانێك بەجیاوازی چینایەتی و ئاستی بیركردنەوەیان وایان لێبكات سوننەتەكانی پێغەمبەریان لەلا خۆشەویست بكات، هەڵسا بەدانانی پرۆگرامێك كەبگونجێ بۆ هەمووئاست و تەمەنەكان.

- هەڵسا بەدانانی نامیلكەیەك بەناوی چل فەرموودەی پێغەمبەر (الاربعین النوویة) بۆ قۆناغەكانی سەرەتایی.
- وەدانانی كتێبی (ریاض الصالحین) كەهەموومان شارەزایمان هەیە لەم پەرتووكە بۆقۆناغەكانی ناوەندی و دواناوەندیی
- وەكتێبی سێیەمی شەرح وراڤەی (سەحیحی موسلیم) بۆزانایان وبیرمەندان، واتەخوێندنی باڵا تا لەسەر ژیان بوو توانی ئەم خەون وئاواتەی بەدی بهێنی، لەپاڵ ئەمەچەندین كتێبی تر بنوسێ.

لەكۆتاییدا ئەم پەیامەی من بۆ ئەوكەسانەیە كەلەوپەری گەنجێتی دان تازە خۆیان دەناسن بەدوای دۆزینەوەی خۆیانەوەن هێشتا ماویانە بگەنە ئەوتەمەنەی من ، بەخۆبكەون دەست وبازوی لێ هەڵ بكەن ، لە هەموو بوارەكانی ژیانیان خۆیان بەرەو پێش ببەن، تا وزەو توانا شاراوەكانی خۆیان بدۆزنەوە،، هەروەك رۆجیە گارودی دەڵێ: "لەناخی هەرئینسانێك هونەرمەندێك هەیە پێویستی بەدۆزینەوەو كەشف كردنە"، بزانن ئەوگەنجێتیە بەردەوامنابێت، لەدوایشدا پەشیمانی دادمان نادات، وەك دەڵێن: "ڕۆژان ڕۆژی لەدوایە ئەمرۆخۆشیەو سبەی هەرایە».

یەك لەزاناكان دەڵێ:- " هەریەكێ تەمەنی گەیشتە چل ساڵی كردوەی چاكی زاڵ نەبێت بەسەرخراپەكانی، كەسێكی زەرەرمەندە.



ڕابەر ئەحمەد وەرتی

# نەخێر.. هێشتا هەر خۆشم ئەوێی!

کوڕێکـی لاو و جـوان هەیـە، لـە کۆتاهەمیـن قۆناغـی خوێندنیدایـە، کەسـایەتییەکی جوان و بەڕێزی هەیە.. بەهۆی کاروبـاری زانکۆیەوە، ڕۆژێکیان کچێکـی ڕێـك و پێك و جـوان دەبینێ کە لە قۆناغی دووەمی زانکۆدایە و سـێ ساڵ لەو بچووکترە، ئیدی دەکەوێتە نێو دەریای خۆشەویستی کچەکەوە! شەوگار و ڕۆژگارەکان دێـن و دەڕۆن بەڵام ڕێگە بەخـۆی نادات کە پێی بڵێ هەسـتێکی وام هەیـە! ئەمە لەکاتێکدایە کچەکەش لای خۆیەوە هەستێکی بۆ دروست بووە چونکە کوڕێکی هەم جوان و هەمیش بە ڕەوشـت و ڕێك و پێکە، کەچی ئەمیش ناتوانـێ ڕێگـە بەخۆی بـدات.. کچەکە لەهەوڵی ئەوەدایە خۆشەویستی یەکەی ڕاگرێت سابەڵکو لەدەستی ڕزگاری بێت، بەڵام زۆر هەوڵ دەدات و ناتوانێت، ئیدی خۆشەویسـتییەکە زێتـر لای کوڕەکەوە پەرەی سەند و گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە بەشێکی دەربـبڕدرێ.. کوڕەکە دەیەوێت بەجۆرێـك تێی بگەیەنێت کە خۆشـی دەوێ و دەیەوێ ژیانێکی بەختەوەرانەی لەگـەڵ بنیـات بنێـت، هەوڵـی داوەت کردنـی کچەکە دەدات لە پارکێکی دوور لە زانکۆ، بەبێ هیچ ناونیشانێکی دیار و بەبیانووی کێشەیەکیەوە تا ئەو یارمەتی بدات، کچەکـەش بەسەرسـوڕمانێکەوە بـەدەم داوەتەکەیەوە چـوو.. بیری بۆ هەموو شـتێك دەچوو جگـە لەوەی کە ڕوویـدا! کوڕەکـە بابەتەکـەی کردەوە، بـەردەوام بـوو لەقسـەکانی، کچەکەش بەتاسەوە گوێی لێ گرتبوو، بەزۆر نەبێ نەیدەتوانـی تەماشـای کوڕەکـە بکات.. پێش ئەوەی کوڕەکە بگاتە سەر ڕستەی دیاریکـراو و ئامانجی داوەتەکە، کچەکە ووتی: کێشەکەت چی یە؟! چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟ کوڕەکە ووتی: کێشەکەی من ئەوەیە کە ناتوانم.. ناتوانم بژیم..! ناتوانم بژیـم بەبێ تۆ!! کچـە لێدانی دڵی زیـادی کرد، کوڕەکـەش لە ووتنی پەیڤە شـاراوەکانی ناخ و دڵی بەردەوام بـوو و لەکۆتاییەکـەی هـەر لەوێـش خوازبێنـی لێ کـرد، لەکاتێکدا کچەکە خۆی گرتبوویـەوە دەنا ئەو لەمێژ بوو داوای لـەو دەکرد کـە بێتە داوای! یانی کۆتایی ئەم قسـانە سەرەتای بەدیهاتنی خەونێکـی هاوبەشـی هەردووکیـان بوو، بـەڵام کچەکە ڕاسـتەوخۆ جوابی نەدایەوە چـوون نەیدەتوانی و، گووتی دواتر جوابت دەدەمەوە.

ئەوە بوو دواجارکوڕەکە وەڵامی بەڵێ ی وەرگـرت و بوون بە دوو هاوسـەری جوان و حەڵاڵی یەکتری، زۆر بەختەوەر بوون و شـانازیان بەیەکترییەوە دەکرد، خۆشەویستییەکیان هەبوو کە لەدوو دڵدا جێگای نەدەبوویەوە، تەواوی کارەکانیان بەسەریەکدیدا دابەشکردبوو، بەیەکەوە بـەدوای ڕەزامەنـدی پەروەردگاریـان دەگـەڕان، زۆر شـادوومانانە دەژیـان.. سـاڵێك تێپـەڕی کـرد، بـەڵام هیـچ منداڵێکیان نەبـوو! بەو کارەی خوداش ڕازی بـوون و دەیانـووت جارێ خـوا ڕەزامەندی لەسـەر نی یە، لەسەر ئەمە هیـچ یەکێکیـان ئەوەی تـری بە هیچ جـۆرێ تاوانبار نەدەکرد بە شـێوەیەك دەریبڕێ کە ئەو نەخۆشییەکی هەیە و ڕێگرە لەمنداڵ بوونیان..

ڕۆژێکیان پیاوەکە لەدەوام و ژنەکەش

بەتەنها لەماڵەوە دەبێت، لەناکاو تەلەفۆنێکی بەپەلە بۆ پیاوەکە دەکرێت و پێی ڕادەگەیەنن کە ماڵەکەیان بەهۆی شۆرتی کارەباوە گڕی گرتووە! زۆر بەخێرایی دەگەڕێتەوە ماڵ و، دەبینێ ئەوکات ئەمبوڵانسەکە دەکەوێتە ڕێ بەرەو نەخۆشخانە کە هاوسەرەکەی ئەوی تیابوو، دڵی زۆر بەخێرایی لێی دەدا، نەیدەزانی بەدەم ماڵەکەوە بچێ لەکاتێکدا ئاگرکوژێنەرەوەکانیش لێرەن یان بچێ بۆ نەخۆشخانەکە بەدەم هاوسەرەکەیەوە..ئەوەبوو بەپەلە بەرەو نەخۆشخانە کەوتەڕێ، ئەوەندە بەپەلە بوو دوور نەبوو ئەویش تووشی ڕووداوێکی نەخوازراو ببێ! گەیشتە نەخۆشخانە، بەڵام ڕێگەی نادەن بچێتە لای هاوسەرەکەی چونکە تەندروستی زۆر خراپە و لەژێر نەشتەرگەری دایە! کاتێ نەشتەرگەریەکە تەواو دەبێ دەچێتە لای و دەبینێ سێ لەسەر چواری لاشەی سووتاوە! هەموو سەروەت و سامان و بوون و نەبوونی ئەم هاوسەرەی بوو، ئەویش دەبینێ کە چی بەسەرهاتووە! دوای چەند ڕۆژێ خێزانەکەی بەهۆش خۆی هاتەوە، چوو بۆ لای، خێزانەکەی ووتی: ئەزیزەکەم.. تۆ باشی؟! هاوسەرەکەی دەستی کرد بەگریان، دەبینێ لە چ حاڵێکدایە کەچی ئەو لەم دەپرسێ! لەبەر گریانی زۆر نەیتوانی جوابی بداتەوە، ئەوە بوو باسی خەم و پەژارە و شەونەخەوتن و گشت ڕووداوەکانی تری بۆ کرد ، پاش چەند ڕۆژێکی تر خێزانەکەی لەنەخۆشخانە دەرکرا، ووتی: هاوسەرە بەوەفاکەم، ماڵەکەمان ماوە؟ ئەی ئەویش نەسووتا؟ ئێستا بۆ کوێ دەچین! هاوسەرە بەوەفاکەی ووتی: خانوویەکی ترم بەکرێ گرتووە، دەچینە ئەوێ.. بۆ ماوەیەکی باش ژیانیان بەشێوازێکی زۆر جیاوازتر لەپێشان دەگوزەراند، ئەم پیاوە بەردەوام هەر خزمەتی هاوسەری خۆی دەکرد، هەروەکو چۆن ڕۆڵە بەوەفاکان خزمەتی جوانی دایك و باوکیان دەکەن، ئەویش بەو شێوەیە خزمەتی هاوسەرەکەی دەکرد، دوای ماوەیەك ئافرەتەکە ووتی : ئازیزەکەم! نازانم چیت پێ بڵێم، یەك شت هەیە دەمەوێ باسی بکەم، من تا ئێستاش ناتوانم گوزارشت لەو خۆشەویستییە بکەم کە بۆتۆم هەیە، بەڵام..بەڵام من ئیتر چاك بوونەوەم مەحاڵە، چونکە هەر چی سامانیشمان هەبوو لەگەڵ خانووەکە سووتا، ئێستا زۆر هەژارین، منیش هەر دەردەسەریم بۆ تۆ، هەمیشە بەهەموو تواناتەوە خزمەتم دەکەیت، تا ئێستاش هیچ منداڵێکمان نەبووە، داوات لێ دەکەم و ڕەزامەندیم لەسەرە، کە بچیت ژنێکی تر بهێنیت! بەڵکو بتوانی تۆزێ بحەسێیتەوە و ببیت بەباوکیش...

لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو تا هاوسەری شیرینی قسەکانی پێ ڕاگرت و گوتی: نەخێر بەهیچ جۆرێك، هێشتا هەر خۆشم دەوێی، هیچ شتێك ناتوانێ خۆشەویستی تۆم پێ ترك بکات یان ئافرەتێکی دیکە تێکەڵی ژیانمان بکات، با سامانمان نەبێت، با منداڵمان نەبێت، گرنگ ئەوەیە ئێمە خۆمان هەین، من دڵی تۆم هەیە و تۆش هی من، من لەم دونیایە هیچم نەویستووە لەوەتەی تۆم ناسیوە جگە لەتۆ، چێژی ژیان لەتۆ دەکەم، چاوم لە ئاست کچانی دونیا کوێرە، خاتوونەکەم! تۆ هەموو هێز و سامانی منیت، من بەس تۆم هەبێت بەسمە، ئەی بیرت نایە لەسەر ئەوە تۆم خواست کە نەمدەتوانی بێ تۆ بژیم؟ ئەوکاتە وابووبم ئێستا چۆن دەتوانم! بەیەکەوە دەژین تا دەگەینە ئەو دونیایەی تر، لەوێش هەر بەیەکەوە دەبین و چیمان ویست داوای دەکەین.. قسەکانی خۆی پچڕاند لەبەر بینینی فرمێسکەکانی خێزانەکەی کە بەهەردوو دەستەکانی فرمێسکەکانی سڕیەوە و پێی وت: فرمێسکەکانت ڕاگرە، ئەی ئەوە نی یە من بۆتۆ لێرەم؟ تا هەتایە خۆشم دەوێی.. دەی ئێستا بخەوە و ئیسراحەتێك وەرگرە، بڕیاریشە بەیانی کەس و کارەکەت بەشێك لەسامانی خۆیان بهێنن بۆ کڕینی دەرمانەکان و چارەسەرییەکانی ترت..

بەیانی کە دەچن بۆ لای بەمەبەستی هەڵساندن و شتنی دەم و چاوەکانی تا بەیەکەوە نانی بەیانی بخۆن، دەبینێ ئەو ڕۆژە هاتووە کە هەمیشە نزای دەکرد پێی نەگات!! ئەو ڕۆژەی هەڵبستێ و ببینێت ئەوی تیا نییە! ئەوە بوو چەند بانگی دەکرد، چەند دەستە میهرەبانیەکانی دەجوڵاند بەڵام هیچ جوابی نەبوو! تاکە کچەکە کە لەم دونیایەدا عاشقی بوو و ماڵی لەگەڵ پێکهێنا مردو بەجێی هێشت! بەرگەی ئەو ئازارانەی نەگرت کە بەهۆی شۆرتی کارەباکەوە ڕوویدا..! ئەوە بوو بەخاکیان سپاردو مێردەکەی تەنها مایەوە، ئەویش دوای چەند مانگ بەسەر کۆچی خێزانەکەی بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆوە گیانی دەکێشرێ و دەگەڕێتەوە لای پەروەردگاری.. هەردووکیان گەڕانەوە لای یەك!

ئەم دووانە نموونەیەکی جوانی خۆشەویستیان پیشانی ئێمە دا، پێناسەی خۆشەویستییان بۆ کردین، بۆیان ڕوونکردینەوە کە خۆشەویستی هەموو کوڕو کچێك دڕۆیە تا هەنگاوی هاوسەرگیری نەنێن، بۆیان ڕوونکردینەوە خۆشەویستی لەنێو دڵان دایە و هیچ مەرجێکیش بۆ بوون یان مانەوەی خۆشەویستییەکە نییە، تەنها دوو دڵی پاك و خوازراوی دەوێت و بەس.. دەبا چیتر ووشەکانی نێو دڵانمان حەشارنەدەین، دەبا لەوانەوە فێری هەموو جۆرە خۆشەویستییەك ببین، دەبا هەموو کوڕ و کچەکان کە یەکیان خۆش دەوێ و ڕاست دەکەن، داوای هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتری بکەن، دەبا هەموو هاوسەرە ژیرەکان، هاوسەرەکەیان بە هیچ شتێك بەراورد نەکەن و نەگۆڕنەوە و بە تاقیکردنەوەیەکی پەروەردگار ماڵی خۆیان وێران نەکەن..



زانا ناصح
ڕاهێنەری بواری گەشەپێدانی مرۆیی

# ئەوە کێیە خۆشیو شادیەکانمان لێ داگیر دەکات؟

هەموو کەسێك لە ساتی دوای لە دایك بونیا، کەسێکی کامڵ و ڕێك و ڕاستە لە هەموو ڕوەکانەوە (جگە لە هەندێك حاڵەتی کەمئەندامی) ئەگەر ڕابمێنین لەم منداڵە یان مرۆڤە دەبینین کەسێکی زۆر شاد و خۆشحاڵەو ئەوپەڕی خۆشی و شادیەکانیشی بە گریان دەردەبڕێت چونکە لە ناڕەحەتی ژیانی تەنگ و تەسکی ڕەحمی دایکیەوە دێتە ناو ژیانی گەورەو بەرینی دونیاوە، لەگەڵ زۆربون و زیادبونی تەمەنی ئەم کەسە، خۆشی و شادیەکانی پێشوتری وەك پلەی گەرما بەرز و نزم ئەکات لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر لە تەمەنێکی دیاریکراوەوە بۆ تەمەنێکی تر، زۆرجار نەمان و کەمبونەوەی خۆشی و شادیەکانمان دەبەستینەوە بە دەوروبەرو بارودۆخێکی دور لە خۆمان، هەمیشە پەنجەی گلەییمان ڕودەکەینە حکومەت، ماڵەوە ،خزم و کەس، برادەر، بەڕێوەبەر، ناو ڕێگاوبان و کاروباری ناو فەرمانگەکان نەشیاوی بارودۆخەکان ... وە خۆمان بیردەچێت و خۆمان ئەخەینە دەرەوەی گلەییەکانەوە . کاتێك سەفەر ئەکەیت لەگەڵ هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستتدا دادەنیشی لە شوێنێکی زۆر خۆش و دڵڕفێندا و تام و چێژێکی زۆر خۆش لەم ساتەی ژیانت ئەبینیت یان کاتێك دایکت یاخود باوکت لە ڕوداوێکی ڕێگاوباندا وەردەگەڕێت و لە نەخۆشخانە حاڵی زۆر خراپ ئەبێت و ئومێدی ژیانی زۆر کەم ئەبێت بەڵام کە پزیشکەکە دێتە دەرەوەو پێت دەڵێت مەترسی مردنی نەماوەو حاڵەتی جێگیرە یاود ئەکاتەی ئامانجێکت هەیەو ئەوە ئێستا ساتی بەدەستهێنانیەتی و بەدەستت هێنا یان ... چ خۆشی و شادیەك سەراپای جەستەت داگیر ئەکات و لە تەوقە سەرتەوە تا نوکە پێیەکانت پێکەنین و گریانی دڵخۆشی داگیرت ئەکات و هەست ئەکەیت خۆشی ئەم ساتانە لە ڕۆژ و مانگ و ساڵەکاندا دوبارەبونەوەی زۆر کەمە، بەپێچەوانەشەوە سەردەمی منداڵی زۆربەی کات و ساتەکانی بریتی

بوون لەم جۆرە خۆشیانە و هەندێك كاتی كەم نەبێت كە توشی دڵگیران و ناخۆشی دەبیت. باشە ئەم ساتە خۆشانە چی لێهاتووە بۆ بزر بووە؟

ئەزانن ئەو كەسە كێ یە كە خۆشی و شادیە دەرونی و دەرەكیەكانی وەك سەرەتای منداڵیمان ئەدزێ؟ ڕقو كینەو دڵگیران بێزاربونمان بۆ ئەكاتە دیاری؟

ئەوە خۆمانین! بەڵی خودی خۆمان . چونكە نازانیین بەشێوەیەكی دروستو ڕێك و پێك مامەڵە لەگەڵ (ناخ) ی خۆماندا بكەین، نازانیین یان ناتوانیین هاوسەنگی لەنێوان هەستو سۆزەكانماندا ڕاگرین و بەرمەجەو ئیدارەیان بكەین بەشێوەیەكی باشو چاك. بابزانیین چۆن ئەم هاوسەنگیە ڕاگیر ئەكرێت.

**یەكەم: لێبوردن.**

هەر لە ئێستاوە بەینی خۆتو خوا لە دڵەوە لە هەموو ئەوكەسانە خۆشبە كە ڕۆژێك لە ڕۆژان قسەیەكی ناشرین، ڕەفتارێكی ناقوڵا، زوڵمێكی گەورەیان بەرامبەرت كردووە بڵێ ئەوە من لەبەر خاتری خوا لە هەموتان خۆشبووم چیتر شوێنێك لە دڵما نییە كە جێگەی ڕقو كینەی ئێوەی تێدا ببێتەوە.

**دووەم: بەهانە هێنانەوە.**

ئەوە خۆمانین كە خۆشیو شادیەكانمان كوێتو بەند ئەكەینو ئەیانخەینە زیندانی (نەزانینی چۆنیەتی مامەڵەكردن) لەگەڵ خۆمان پاشان دەورووبەر. كاتێك لە بازاڕ یان هەر شوێنێكی تر ئەدەیت بەلای كەسێكی ناسراوتدا یان برادەرێكتو سەلامی لێدەكەی بەلام ئەو وەڵام ناداتەوە، لەو كاتەدا یەكسەر پەنجەی گومانی خراپی بۆ درێژ ئەكەیتو دەڵێیت باشە فلان كەس بۆ وەڵامی سەلامەكەمی نەدایەوە؟ دیارە گەورەبووە نەوەڵا ڕەنگە من عەیبێكم هەبێتو بەم عەیبەمی زانیبێ نە بەخوا لەوەئەچێ فلان كەسی برادەرم بە خراپە باسی منی كردبێت لای ئە... كۆمەڵێك گومانو بیركردنەوەی خراپی تر.

بەم بیركردنەوانە خۆی نوقمی ناو گومانو ناخۆشیو نارەحەتی دەرونی ئەكات و دەوروبەرەكەشی بێزار ئەكات لە كاتێكدا ئەتوانێت پێچەوانەكەی پیشان بداتو بارودۆخەكە بەجۆرێكی زۆرباش بهێڵێتەوە، لێرەدا ئەتوانیین بە هۆی (بەهانە هێنانەوە) بۆ خۆمان كارەكە بە ئاسانی تەواوبكەینو فێرببین كە بڵێین وەڵڵا ڕەنگە فلان كەسی برادەرم یان خزمم كە وەڵامی سەلامەكەمی نەدایەوە لەبەر ئەوەبوبێت كە منی نەبینیبێ یان گوێی لە سەلامەكەم نەبوبێت نەخێر ڕەنگە كێشەیەكی خێزانی یان تایبەتی هەبوبێتو هەر بەجەستە لێرەبوبێت... بەمشێوەیە ئەتوانیین وا لە خۆمان بكەین كە تورەنەبینو زاڵبین بەسەر هەستو سۆزەكانماندا و ڕقو كینەش دروست نەكەین لەدڵماندا، بەڵێ بەمشێوەیە ئەتوانیین بە ناخی خۆمان بڵێین ئارامبە فلان كەس هەڵە نییە بەڵكو بارودۆخێك وایكردوە كە وەڵامی من نەداتەوە.

**سێیەم: هاوكاریكردنی ئەوانی تر.**

هەركاتێك كە بێزاربویت هەستە بڕۆ هاوكاری كەسێكی لێقەوماو بكە بە ماڵو سامان ئەگەر هەتەو وەزعت باشە، نەخۆشێك كەلە سەر جێگادا كەوتووەو پێویستی بە دووقسەی خێرو خۆشە یان دڵنەوایی بكە یاخود دراوسێیەكتان كە كارێكی قورسی هەیەو پێویستی بەیارمەتیو هاوكاری تۆ هەیە بڕۆ یارمەتی بدە گیانی هاوكاری زیندوبكەوەو خۆت خۆشحاڵ بكە.

**چوارەم: دانانی بەرنامە بۆ ڕۆژەكانی ژیانت.**

هەر مرۆڤێك خاوەن بەرنامەو ئامانجی خۆی نەبێت كەسێكی دۆڕاوو شكست خواردوە لە ژیاندا،هەروەك چۆن كەسێكی نابینا بخەینە ناو بیابانێكەوە چارەنوسی بریتی ئەبێت لە تیاچونو نەمان. ئەگەر تۆ گەنجێكی بەشانو شەوكەتیت ،خاوەن پارەو سامان و جەستەیەكی ساغیت و كاتت هەیە بۆ هەر شتێك كە بتەوێت ئەنجامی بدەیت بەلام ئامانجێكت نەبێت لەپاڵ ئەمانەدا ئەوە ئەم خۆشیو نیعمەتانە ئەبنە بەڵاو نەهامەتیو دەردەسەری بۆتو دواجار كەسێكی خەمۆك و بێ زەوق دەرئەكەویت ،كەواتە هەرلە ئێستاوە كۆمەڵێك ئامانجی ستراتیجیو گەورە بۆخۆت بنوسەو پێوەی پابەندبە تا خۆشیەكانت بەردەوام بێت، لەبەرئەوەی ئێمە لەسەر ڕوی ئەم زەویە بە ناونیشانی جێنشینی پەروەردگار نیشتەجێبوین كەواتە بۆ كاری گەورە دروست بوین بۆیە ئەبێت بەردەوام لە گەشەپێدانی تواناكانی خۆماندابین و زاڵبین بەسەر هەستو سۆزەكانماندا تابتوانیین خۆشیو شادی ناخمان هەمیشەیی بێتو دونیا ئاوەدان بكەینەوە وە لە دەوروبەریشماندا هەركێشەو گرفتێك كە ڕودەدات یان ڕوبەڕومان ئەبێتەوە با بە عینوانی فرسەتێك وەریبگرین كە ڕەنگە خۆشحاڵمان نەكات بەلام خۆ وامان لێدەكات كە باشتر لە ژیان تێبگەین.



ئارام نەبی مەحموود

# گوێچکەت بێنە بابەچرپە پێت بڵێم

گوێچکـەت بێنە با بـە چرپە پێت بڵێـم... لەخۆت ببـورە و لەگەڵ خۆتدا ئاشت بەرەوە، دەست هەڵگرە لە دژایەتی کردنـی خـۆت، واز لەسـەرکۆنەکردنی خـۆت بێنە، تـا هەتایە ئـەو دەنگ و بیرۆکـە نەرێنیانەی نـاو ناخت کپ و بێدەنگ بکـە، بەتایبەتی ئەو دەنگانەی کە هەسـتکردنت بە تاوان و پەشیمانی بۆ دروسـت دەکات، چوون بڕیارە تۆ لە ئاینـدە ژیانێکی تر بژیـت، جیاواز لەو ژیانەی پێشووت!!.

گوێچکـەت بێنە با بـە چرپە پێت بڵێـم... زسـتانت خۆشـبوێت!، چوون هۆکاری جوانی بەهارە، تا زستان سەختر و سـاردتر بێـت، وەرزی بەهار جوانتر و گەشـاوەتر و دڵگیرتـر دەبێت، کاتێ دەبینیت سروشـت بە گـوڵ و گوڵزاری جـوان و ڕەنگاو ڕەنـگ ڕازێنراوەتەوە، ئـەوا بزانـە لەپێشـدا سروشـت بـە زسـتانێکی دژواری پـڕ لە با و بۆران و پڕ لەدەنگی گرمەی هەور و تریشـقەی بروسـکە تێپەڕیوە، واتە سەختی زۆری کێشـاوە! مرۆڤەکانیش بە هەمان شێوە، هەرگیـز ناگەن بە پلەی بـاڵا، هەرگیز ئەزمـوون وەرناگرن، فێرنابـن، تاوەکو سـەختی و ئازاری ڕێگەی ژیان پەسەند نەکـەن، ناکرێ مرۆڤ ببێـت بە دانا و حەکیم گەر دەستاری ژیان نەیهاڕیبێت، دەبێت شـوێنەواری ڕووداوەکان بەسەر ڕوویەوە دیاربێت!!. دەبێت ناخۆشـی و هەژاری و نەهامەتی بکێشێت!.

گوێچکـەت بێنـە بـا بـە چرپـە پێـت بڵێـم... دەتوانین بـۆ بەدبەختی خۆمـان، بۆ ڕابـردووی خراپمـان، بۆ شکسـت و دۆڕانەکانمان، دەسـتەوئەژنۆ دابنیشـین و بگریـن، دەشـتوانین بـە هەمـوو هێـز و توانامانـەوە بەوپەڕی متمانەبەخۆبوونەوە هەستینە سەرپێ!!.

گوێچکـەت بێنە با بـە چرپە پێت بڵێـم... ببە بە ئاوێنە بـۆ هاوڕێکانت!، ڕێك وەکو ئاوێنەبـە، هەڵەکانیان وەکو خـۆی بـۆ دەربخـە، بـێ گەورەکردن و لەدەنگـدان، ئەمانـەت پارێزبـە و کەموکـوڕی و هەڵەکانـی هاوڕێکانـت بەکەسـی تر مەڵێ، سەرەڕای ئەوەی کە هەڵەکانیـان بۆ دەردەخـەی، گەورەیی بنوێنـە باسـی چاکـە و خورەوشـتە بەرزەکانیـان بکە، ئەوەتـا پێغەمبەری خۆشەویست (درودی خوای لەسەربێت دەفەرموێـت: "بـاوەڕدار ئاوێنـەی باوەڕدارە".

گوێچکـەت بێنە با بـە چرپە پێت بڵێم... بەرپرسـاریەتی ژیانت لەئەستۆ بگرە و بڵێ: " من بەرپرسـیاری ژیانی خۆمم، من بەرپرسیاری تەواوی گوفتار و ڕەفتارەکانمم، من بەرپرسـیاری ئەو بارودۆخـە دەگرمە ئەسـتۆ کـە تێیدا دەژیم"! هەر ئەوەندەی کە ئەمە بڵێیت، ئیتـر تـۆ دەبیتـە مرۆڤێکی تـر، زۆر جیاواز لەوەی پێشووتر، دەی ئاخر خاڵی جیاکـەرەوەی نێوان کەسـی نەرێنی و ئەرێنی هەر ئەوەیە "بەرپرسیاریەتی"!!.

گوێچکـەت بێنە با بـە چرپە پێت بڵێم... هیچ کەسـێ لە جیهاندا ناتوانێ بتگۆڕێـت، هیچ کەسـێ بەبـێ مۆڵەتی خۆت ناتوانێ کاریگەریت لەسەر دابنێت، هیـچ کەسـێکیش نیـە بتوانـێ بەبێ مۆڵەتی خۆت وات لێ بکات بەشێوەیەك ڕەفتاربکەیـت کە ئـەو دەیەوێت، هەر کارتێکەرێکی دەرەکی بگریت، بە مۆڵەتی خۆت دەتوانێ کارت لێ بکات.

گوێچکـەت بێنـە بابەچرپـە پێت بڵێـم... تـۆ مرۆڤێکـی سـەرکەوتوو و پاڵەوانیـت، ئەوەتـا (ویـن دایەر)یش دەڵێـت: "تـۆ خـۆت بۆخۆت هـەر لە سـەرەتای لەدایك بونتەوە کەسـێکی سـەرکەوتوو پاڵەوانیـت، چونکە سـەد تۆو(سپێرم) لەشێوەی دڵۆپەی بچووکدا لە پێشـبرکێیەکی مەلەوانیدا بەوپەڕی تواناییانەوە شـوێن هێلکەیەك کەوتوون، تـۆش بەرهەمی جووتبوونی تەنها یەك تـۆوی براوەیت لەگەڵ ئـەو هێلکەیەدا، کەواتـە تۆ براوەی پێشـبرکێیەکیت کە چانسی سەرکەوتن تیایدا یەك بە چەند ملیارد بووە".

سـەرچاوە: ژیانت بگۆڕە تۆ شایەنی باشترینی



دیـــار بەكر

# گومان هەنگاوێك بەرەو تاریكی

سروشـــتی زۆرێك لە مـــرۆڤ بەو شـــێوازەیە هەمیشـــە لەبەرامبـــەر هەرجۆرە ڕووداو یاخود هەڵویستێكدا كـــە لـــە دەوروبـــەری دا ڕوودەدەن هێمایەكی پرســـیار دادەنێت، هەمیشە وێڵـــە بـــەدوای دۆزینـــەوەی ڕاســـتی یەكاندا، بێگومـــان یەكێك لە پاڵنەرە ســـەرەكی یەكانیـــش لـــە پشـــت ئەم جـــۆرە ڕفتارەوە بریتی یە لە حەز بۆ زانینی ڕێژە و كاریگەری ئەو مەترسی یانـــەی كە لـــە ئەنجامـــی دەربڕینی ئـــەو هەڵویســـتە جۆراوجۆرانـــەوە دێنە كایـــەوە لەلایـــەن دەوروبەرەوە ڕووبـــەڕووی دەكرێنـــەوە، بەم جۆرە هەڵـــس و كـــەوت و بیركردنەوەیەش دەوترێـــت (گومان) هەڵبـــەت هەموو مرۆڤێـــك مافی خۆیەتـــی كە گومانی لەسەر شتەكان هەبێت، بەڵام پێویستە گومانەكان ئیجابی بن و هەربابەتێك بە پێ ی قورســـایی و كاریگەری خۆی ســـەیربكرێت، لەهەمانكاتدا پێویستە گومانـــەكان تەنهـــا ئەوجۆرەكارانـــە بگرنـــەوە كەپەیوەندی ڕاســـتەخۆیان بە خودی كەســـەكەوە هەیـــە، تائێرە ئـــەم جـــۆرە لە گومـــان زۆر ئاســـایی یـــە و هەركاتێك كەســـێك ئەم جۆرە هەستەی هەبوو ئەوا كۆمەڵگە جۆرێك لـــە ڕەوایەتی پێ دەدات و ئەو مافەی لێ زەوت ناكات.

بەڵام ئەوەی كە زۆر مەترسیدارە و جێگـــەی نیگەرانـــی و هەڵوێســـتە لەسەر كردنە جۆری دووەمی گومانە كە ئەویش بە (بەد گومان) ی یاخود گومانی سلبی ناو دەبرێت، ئەم جۆرە هەستە كاتێك لە دەروونی كەسەكەدا سەرهەڵدەداتو گەشە دەكات، دەبینین كاریگەری نیگەتیڤ دەكاتە سەری، تا دواجارئەم كاریگەری یانە لە قۆناغی بیركردنـــەوەوە دەچنـــە قۆناغێكـــی دیكە كـــە دەبنە مەترســـی، ئەویش قۆناغی كردەیی یە، واتە ئەم هەستە لـــە ناخی كەســـەكە دێنـــە دەرەوە و

مرۆڤەکە ناچار بە هەڵسوکەوتی نەشیاو دەکات لەگەڵ دەوروبەری دا، گومان خراپترین و مەترسی دارترین هەستە کە لە ناخدا دروست دەبێت و دەیان و سەدان دەرەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، چونکە گومان بەر لەهەرکەس دەروونی مرۆڤ بەرەو داڕووخان دەبات و قەڵای بەرزی متمانە بەخۆ بوون لەلایەك و دەوروبەریش لە لایەکی دیکەوە هەرەس پێدێنێت، هەمانکات وەك دیوەزمەیەکە و هەموو چرکە ساتێك کەسی گومانکار بەتەنها لە چوار ڕیانی چاوەڕوانی و دڵە ڕوکێیدا بە جێدێڵێت، هەروەها دەرونەکان دەکاتە تاریکستان، جگە لەوەش ئەو مرۆڤانەی ئەم جۆرە هەستەیان هەیە بێ بەشن لە ئاسودەیی دەروونیان چونکە هەمیشە ناخیان بۆتە بەستەڵەك و وێران بووە و بەردەوام گیرۆدەی ئەو ئازارەن، هەروەها بێ بەشن لەو خۆشی یانەی کە لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن، چونکە یەکێك لە سلبی یاتەکان کەڕووبەڕوی کەسەکە دەبنەوە ئەوە یە هەمیشە هەست بە تەنهایی دەکات لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا بەهۆی ئەو گومانە بەردەوام و گشتگیرانەی لەسەر بابەتەکان هەیەتی، هەروەها لاوازبوونی پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکان چونکە گومانبەر بەچاویلکەی ڕەشبینی و تەم و مژاوی یەوە بۆ هاوڕەگەزەکانی دەڕوانێت و هیچ مرۆڤێك بە هاوشانی خۆی نازانێت، لەبەر ئەوە دەبینین بەردەوام لە دوورکەوتنەوەیەکی شاراوەدایە، بەڵام کارەسات لەوەدایە کە هەست بە دروست بوونی ئەم بۆشایی یە ناکات کەلە نێوان خۆیی و دەروروبەریدا دروست بووە، تا ئەو ساتەی هەنگاوە نارێکەکانی کە لەئەنجامی بیرکردنەوە هەڵەکانی هاتوونەتە ئاراوە دەیدەن بە زەویدا و بەتەنها دەمێنێتەوە، لەم بارودۆخەشدا هیچ کەسێك ئامادە نی یە دەستی هاوکاری بۆ درێژ بکات لەپێناو دووبارە هەستانەوەیدا.

کەواتە بەڕێزان تائێرە توانیمان لانی کەم پێناسەیەکی کورتی (گومان) بکەین، بەڵام پێویستە بۆ ڕووبەڕووبونەوەش لەگەڵ ئەم دیوەزمەیەدا بەدوای ڕێگە چارەی گونجاودا بگەڕێین، بۆ ئەوەی ئەگەر نەشمان توانی بەتەواوەتی خومانی لێ قوتار بکەین، لانی کەم ڕێگە نەدەین کاریگەری تەواوی هەبێت لەسەرمان و کۆنترۆڵمان بکات، بۆ ئەوەی لە گرێ ی دەروونی و کێشەکۆمەڵایەتی یەکانی پەیوەست بەم بابەتەوە ڕزگارمان بێت.

چارەسەر: لە سەرەتاییترین چارەسەر و وەك هەنگاوی یەکەم بۆ ئەم بابەتە پێویستە لەسەر هەرتاکێك تەرازووی ژیری بکاتە پێوەری ڕاستەقینە بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە ژیانیدا ڕوو دەدەن و پەیوەستن بەخۆیەوە نەوەك پێوەری حەزوو ئارەزووەکانی، بەم شێوازە مرۆڤ دووردەکەوێتەوە لە گومان بردن بە هەر بابەت و کەسێك، لەلایەکی دیکەوە پێویستە لەسەرتاك بەرامبەرەکانی وەك ئەوەی کە هەن بناسێت و کەسایەتی و هەنگاوەکانیان شیکاربکات پاشان بڕیار بدات، چونکە بڕیاری پێشوەخت هەڵەیەکی گەورەیە و مرۆڤ ناگەیەنێت بە هیچ جۆرە ئەنجامێکی خوازراو جگە لە ئاڵۆزبوونی ڕێگاکانی بەردەمی، هەروەها یەکێکی دیکە لەڕێگە چارەکان بریتی یە لە وێناکردن و تێڕوانینێکی دروست بۆ بابەتەکان، وەکو شێوە ڕاستەقینەکەی خۆی نەوەك تێڕوانینی هەڵە و تەفسیرو خوێندنەوەی نا لۆژیکی، هەروەها گە شبین بوون بەهەر کردەوەیەك کە لەلایەن دەورووبەرمانەوە ئەنجام دەدرێن، چونکە یەکێك لە کێشە سەرەکی یەکانی کەسی گومانبەر بریتی یە لە ڕەشبینی، بەمانایەکی دیکە تێڕوانینی گومانبەر هەمیشە پێچەوانەی سروشتی شتەکانە، بۆ نمونە جوانی یەکان بە ناشرین دەبینێت و تەواوی ڕەنگەکان لە سۆمای ئەودا ڕەشن، کە ئەوەش گرفتێکی گەورەیە و دەردێکی بێ دەرمان وکوشندەیە.

کەواتە خوشەویستان با لە ئێستاوە بوێرانە بڕیار بدەین و لەگەڵ دەروون و هەستە نەرێنی یەکانماندا بکەوینە ململانێ چونکە هەر ئەو هەستە شاراوانەن کە زۆرکات بەئەسپایی داگیرمان دەکەن و دوچاری ئەم نەخوشی یە دەروونی یەمان دەکەن، ئەگەر بەوشێوازە مامەڵەمان کرد، بێگومان پارێزراو دەبین و هەمیشە لە جیاتی ڕق و کینە خوشەویستی پەخش دەکەین، هاوکات لەجیاتی کەنارگیربوون و دوورکەوتنەوە و خۆپەراویزخستن دەستی هاوکاریمان هەمیشە کراوە دەبێت و خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەین، بەمەش دەبینە مرۆڤێکی مرواری ئاسا بە شیوەیەك شەوق و ڕووناکی و جوانی یەکانمان بۆ هەمووان دەبێت بێ جیاوازی و هەمیشە درەوشاوە دەردەکەوین، دواجار دەبینە جێگەی ڕەزامەندی خودا لە ئاسمان و بە دیهێنراوەکانی خودا لە سەر زەویدا.



# خۆتت خۆشبوێت!!

## بڕوا وریا بایز

خۆتت خۆشبوێت خۆشویستنی خۆت وا دەکات ڕێگاکانی بەختەوەری بە ڕووت دا بکرێنەوە، قەت چوویتە بەر ئاوێنەو جارێك تەنها یەك جار بەخۆت بلیت ئازیزم یا بلێی خۆشم ئەوێیت کێشەی سەرەکی ئەوەیە خۆشنەویستنی خۆت بۆتە بەهانەیەك دنیایەك کوێرەوەری بەسەرتدا جێهێشتوە ئێمە لێبوردەی و خۆشەویستمان بۆ بەرامبەرەکەمان هەیە بەڵام ڕۆژێ نەبووە لەخۆمان ببورین لێبوردەیی بەرامبەر بەخۆمان دەربرین زۆرێك دەڵێن ئێمە مەجالی ئەوەمان نیە بە شان و باڵی خۆمان دا هەڵبدەین ئێمەش وامان نەوتووە دەڵێین خۆتت خۆش بوێت ژیانت خۆشتر دەبێت تا خۆتت خۆش نەوێت نازانی ژیان چەند ئاڵ و والأیە بۆت تا خۆتت خۆش نەوێت نازانی چەند خەندەو بزە بەرووت دا دەکرێنەوە تا خۆتت خۆش نەوێت نازانی دەرگاکانی بەختەوەری چەند زۆر و فراوانن ئەوەی لەسەر تۆیە خۆشەویستنی خودی خۆت بکەیتە بنچینەی ژیانی خۆت، (با ئامانجت ئەوە بێت لە پێشدا بەباشی لەخۆت تێبگەی، خۆت هێمن بکەرەوە هەولبدە بۆ ناسینی خۆت و کەسێتی و کێشەو ترس و نەخۆشیەکانت، چونکە تۆی مرۆڤ خاوەنی ڕوحێکی کە پڕییەتی لە ڕووناکی و وزەو خۆشەویستی و هێزێکی تێدایە کەوا دەکات بژیت، ژیانێك بە هەموو ماناو ئامانجەکانیەوە، تۆی مرۆڤ پێویستت بەوە هەیە لە هەموو قۆناغەکانی تەمەن و لە هەموو کاتەکانی ژیاندا خۆتت خۆشبوێت ،لە منداڵی، لە هەرزەکاری، لە گەنجی، لە بەساڵدا چوونیشدا، لە ڕابردوو، لە ئێستا، لە داهاتوودا، لەکاتی ئازارو ناخۆشیەکاندا لە کاتی خۆشی و شادییەکان دا بەڵام نەکەیت خۆت لەبیر بکەیت) ئاگاداری ژیانێك بە کە بە پێکەنین و خەندەوە پێشوازیت لێ دەکات هەوڵبدە لەدەستی نەدەی، پەنجەرەکانی هیواو دەرگاکانی میهرەبانی بەڕووی دا واڵا بکە هەمیشە بە خەندە پێشوازی لێ بکە نەکەی خەمباربی چونکە خەمباری تۆ دەبێتە هۆی خەمباری ئەو تۆ چۆن خۆتی بۆ ئەدا بکەی ئەویش بەو جۆرە خۆتت پێشان ئەدا، خۆشت بوێت خۆشی دەوێی دڵنیام تۆش حەز دەکەی پەنجەرەی هیوا و خۆشی بە ئاوەڵایی بەڕووت دا ئاوەڵا بێت دڵنیام حەز ئەکەیت چۆن خۆت خۆشحاڵ و بەختەوەر بژی ئاوهاش حەز دەکەی بەرامبەرەکەت خۆشحاڵ و بەختەوەر بژی ئەوانەی خۆیان خۆش دەوێت بەم جۆرە بیر دەکەنەوە بەم جۆرە بەرنامەڕێژی ژیان دەکەن کە پێیان وایە خۆشبەختی خۆیان نایەتە دی تا خۆشبەختی بەرامبەرەکەیان دەستەبەر نەکەن، ئەمەش بە خۆشەویستی خودی خۆت دەستەبەر دەبێت چونکە تا خۆتت خۆش نەوێت ناتوانی خۆشبەختی بۆ دەوروبەرەکەت دروست بکەی ئاگاداری یاسای ژیان بە ژیان چۆن بی بۆی ئەویش بەم جۆە ڕەفتارت لەگەڵدا دەکات ژینێك بژی بە سەرکەوتنی هەمووان خۆشحاڵ بیت، لە شکستە هێنانیش هاوکاریان بی بۆ سەرکەوتن دڵنیاش بە لەوەی سەرکەوتن هەر لەخواوەیە . هەرگیز نەکەی لەخۆت زویر ببیت بەهۆی کەوتێك یا نشوستێك، هەمیشە وا لەخۆت بگەیەنە کە کەوتن ئەزموونە و پێش سەرکەوتن دەکەوێت ، بەخۆت بلێ بەڕێزم پلانی کارەکەت کەم و کوڕی تێدایە پێویستە چاکی بکەیت، خۆشت هەستە بە چاکردنی پلانی ئازیزترین و خۆشەویسترین کەسی ئەو کەسەی کە بە مسقالە زەرەیەك ئازاری پێ بگەیەنن دێیتە جواب لەسەری ئەم کەسەش خودی خۆتی، جار جارە گوێرایەڵی بکە، بۆیە دەڵێم وریابە خۆت زویر نەکەی سەرەتا خۆت ئەوجا ئەوانی دی.

# مـــاڵ ئاوایی لە خەمەکانت بکە!



د.عائض القرنی: کتێبی لاتحزن
و. عەلی فاروق ساڵەیی

پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی بە دوای دڵ خۆشـــی دەگەڕێن. پابەندی ســـێ بڕیاری چارەنووس ساز بدەن و بەوردی و بە جددی کاری پێ بکەن.

بڕیـــاری یەکـــەم : لەبیرکردنـــی رابـــردوو، بەڵـــێ داخســـتنی هەموو مەلەفەکانـــی رابردووو لـــە زیندانی ئیهمالیـــدا .و هەرگیـــز بیـــری لـــێ نەکاتـــەوە و نەیکاتـــەوە و نەیخوێنێتەوە. هەرچی کارەســـاتێك روویدابێـــت لەبیـــری کـــە و پەندی لێوەربگـــرە نەك خەفـــەت بخۆیت و دووبـــارەی بکەیتەوە. واهەســـت بکە کە تۆ ئێستا هاتویتەتە دونیاوە هیچ پەیوەندیت نیـــە بە دوێنێوە. ئەوەی دوێنـــێ روویدا (خـــوا عافووی کات). چونکـــە وەبیرهێنانـــەوەی رابـــردوو و خەفـــەت خـــواردن لێـــی کارێکـــی گەمژانەیـــە . هەمووومـــان مرۆڤین و هەڵە دەکەین. بۆیە نەفرمێسك و نە شیوەن میلی کاتژمێرەکان ناگەرێنەوە دواوە و مردووەکانیش لە گۆڕەکانیان نایەنـــە دەرەوە .کەمێـــك بیرکەرەوە ئایا دروســـتە ئـــەم کارە .ئیتر بۆچی بیر لـــە رابردوو دەکەیتـــەوە (خۆت وەڵامی خۆت بدەرەوە ).

بڕیـــاری دووەم: وازهێنـــان لـــە داهاتوو هەتاکو خۆی دێت. مێشـــکی خۆت ســـەرقاڵ و جەنجـــاڵ مەکە بە رۆژانی داهاتـــوو ئایا چی ئەبێت یان چی نابێـــت ئەوە زانســـتی غەیبە و کەس نازانێـــت جگە لە خوای تاك و تەنها، لەوانەیە نەگەیت بەو رۆژە !

ئەگەر تۆ لە داهاتـــوو بژیت واتا تۆ شـــەڕ لەگـــەڵ تاریکـــی دەکەیت . پەندێکی ژاپۆنی دەڵێت:

(بەســـەر پردێـــکا تێمەپـــەرە تا ئەیگەیتـــێ) ئەمـــە راســـتە چونکـــە لەوانەیـــە هەر نەگەیتـــە پردەکەش لەوانەشـــە پردەکـــە بروخێـــت پێش ئـــەوەی پێـــی بگەیـــت لەوانەشـــە بەسەلامەتی تێپەری بەسەر پردەکە کەوابـــوو خـــۆ خەریـــك کـــردن بە داهاتـــوو وازهێنان لە کاتی (ئێســـتا) (ئەو رۆژەی تۆتییێدا دەژیت).

مانای بـــە فیرۆدانی کات و هەلی ئێســـتایە لـــە ئیشـــکردن و بەرهـــەم .مانای ئەم قســـەیە ئـــەوە نیە خۆت ئامادەنەکەیـــت بۆ داهاتـــوو چونکە کەسی ســـەرکەوتوو لەم رۆژەدا خۆی بەباشـــی ئامادەکردووە بۆ داهاتووی خـــۆی و بەرنامـــەی رێـــك و پوخت دادەنێت.

بڕیاری ســـێهەم: (لە سنوری ئەو رۆژەی خـــۆت بـــژی) وا دایبنێ تەنها ئەمـــرۆ دەژیت وژیانی تۆ تەنها یەك رۆژە .کەواتە دەبێت پلان دابنێیت بۆ ئەمرۆ و ئیشـــی بۆ بکەیت وهەرگیز کاتـــی خـــۆت بـــە فیـــرۆ نەدەیـــتو کارەکانت بە تـــەواوی ئەنجام بدەیت ! هەســـتی رق و کینـــە لە دڵی خۆت بســـرەوە و هەرچی خـــەم و خەفەت هەیـــە لەدڵـــدا دەری بێنـــە. پابەند دەبیت بە هەر خولەکێك لەم رۆژە

کـــە تەنهـــا موڵکی تۆیـــە چونکە رابردوو رۆشـــت ئیتـــر ناگەرێتەوە و داهاتـــووش لە زانســـتی غەیبە جگە لـــە خوای گەورەی تاك و تەنیا کەس نازانێت چ روودەدات .

بۆیـــە لەســـەر دیـــواری دڵـــت دروشمێك بنووسە (رۆژت – رۆژتە). لـــە ناو ژوورەکەتدا و لـــە قوتابخانە .زانکۆ .نوســـینگەکەت .کارێکی جوانە تاکو فێربیت کـــە تۆ تەنها یەك رۆژ دەژیت.

لە فەرموودەیەکدا هاتووە: (ئەگەر رۆژت کردەوە چاوەڕێی ئێوارە مەکە، ئەگەر ئێوارەت کرد چاوەڕێی بەیانی مەکـــە) کەواتە باشـــتر بیربکەوە و باشترینیان هەڵبژێرە.



و: لێزان ئەحمەد

# وتو وێژ لەگەڵ پیاو چاکێک

لەخەوما بینیم کە لەگەڵ پیاوچاکێکی زۆر خۆشەویست قسە دەکەم! لێمی پرسی: ئایا دەتەوێ شتێکم لێ بپرسیت؟ گوتم: ئەگەر کاتت هەبێت.. خەندەی کرد و ووتی: ئەو (کات) ە رەحمەتی بەسەردا دەبارێت کە بۆ کاری چاکە سەرف دەکرێت،چ پرسیارێك لەمێشکی تۆیا بۆ من هەیە؟ پرسیم چ شتێك لە رەفتاری مرۆڤەکانا هەیە کە جێگەی سەرسامیت بێت؟ وەڵامی دایەوەو ووتی "ئادەمیزادەکان لەمنداڵ بوونیان ماندوو دەبن،پەلەیانە گەورەببن، پاشانیش حەزدەکەن جارێکی تر بۆ سەردەمی منداڵی بگەڕێنەوە، سەلامەتی خۆیان بۆ بەدەست هێنانی سەروەت و سامان لەدەست دەدەن، پاشان سەروەت و سامانی خۆیان لەپێناو بەدەست هێنانی سەلامەتی دووبارەیان سەرف دەکەن.. و بە ئالۆزی بیر لە ئایندە دەکەنەوە، کە لە ئێستا بێ ئاگا دەبن بەشێوەك کە نە لە ئێستادا دەژین و نە لە ئایندە، ئەوانە بەشێوەك ژیان دەگوزەرێنن کە هەرگیز نەمرن، وە بەجۆرێك دەمرن وەك بڵێی هیچ کات نەژیاون..

ئێمە بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بووین..پاشان من پرسیم " تۆ وەکو باوکێك، کام وانەی ژیان حەزدەکەیت منداڵەکانت فێری ببن؟" وەڵامی دایەوە" فێر ببن کە ناتوانن ئەوانی تر والێ بکەن کە خۆشیان بوێن! بەڵام دەتوانن بەشێوەیەك هەڵسوکەوت بکەن کە ببنە جێی هۆگری و خۆشەویستی خەڵکانی تر، فێرببن کە خۆیان لەگەڵ خەڵکانی تر بەراورد نەکەن، فێرببن کە خەڵکانی تر ببەخشن بە خوگرتن بە بەخشندەیی،

فێرببن کە تەنها چەند چرکەیەك درێژە دەکێشێ تا برین لەدڵی کەسێکدا کە خۆشتان دەوێت دروست بکەن،کەچی چەندەها ساڵی دەوێ تا برینەکە سارێژ بکەن! فێرببن کە مرۆڤێکی دەوڵەمەند ئەو کەسە نی یە سامانی زۆری هەیە، بەڵکو کەسێکە کە کەمترین خواست و داواکاری هەیە! فێرببن کەسانێك هەن ئەوانیان لە قووڵایی دڵەوە خۆشدەوێ، بەڵام نازانن چۆن هەستی خۆیان لە بەرامبەریان دەرببڕن! فێرببن و بزانن کە دەشێ دوو کەس لە یەك شت بروانن، بەڵام لێکدانەوەیان بۆی جیاواز بێت! فێرببن بەس نی یە کە ئەوان تەنیا خەڵکانی تر ببەخشن، بەڵکو مرۆڤەکان دەبێ بتوانن لێبوردەبن و خۆشیان ببەخشن..

پاشان سوپاسی ئەم پیاو چاکەم کرد و ووتم " ئایا شتێکی دیکەش بوونی هەیە کە حەز بکەی منداڵەکانت بیزانن؟ "

زەردەخەنەی کردو ووتی: تەنها ئەوە کە بزانن خودا لێرەوە بۆ هەمیشەلەگەڵ ئەواندایە!.

# ئـــامانجو كاریگەری لەژیانی مرۆڤدا

# ئـــامانج چـیە؟



بەختیارئەحمەد
توێژەری دەروونی

پێناسەی زۆر وجۆرا وجۆر بۆئامانج كراوە، بەردەوام بەپێی پێشكەوتنی ژیاری كۆمەڵگاكان پێناسەی ئامانجیش گۆڕانی بەسەرداهاتووە، هەرتاكو ڕێكخراوو كۆمەڵگایەكیش بەپێی بیروبۆچوونو بەرژەوەندیەكانی خۆی پێناسەیەكیان بۆئامانج داناوە،كورت كردنەوەی پێناسەی ئامانج لەبوارێك یان لەلایەنێكدا واتا دانانی سنورێكە بۆ ژیانو گەشەسەندنو سوڕانەوەیەلەخولگەی سوڕی مت بووندا، بوونی ئامانجی زۆرو جۆراوجۆرو یەك لەدوای یەك ژیان ڕەنگاڵەترو پڕماناتر دەكات، بەمەرجێك بۆ هەر ئامانجێك پلان وكاتی دیاری كراو هەبێت، بەبۆچوونی ئێمە:

ئامانج:- بریتیـیە لەو مەبەستو نیازوخەون و هیوایانەی كە هەر تاكێك یان ڕێكخراو وكۆمەڵگەیەك هەیەتیو ئارەزووی دەستەبەركردنیەتیو بەردەوام هەوڵدەدات بۆگەیشتن پێـی، ئەو ئامانجانە ئایینی یان كۆمەڵایەتی یان ئابوری یان سیاسیو یان زانستیو هتدن.....

هەروەك ئاشكرایەئامانجەكان زۆروجۆراوجۆرن بۆنمونە:

- ئەگەركەسی هەموو ژیانی تەرخان كردبێ بۆ كاروباری ئاینیو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە ئەوە ئەوكەسە ئامانجی ئاینی هەیە...

- ئەگەر كەسێ هەموو تواناكانی لەبنیاتنانی كارگەیەكدا چڕبكاتەوە ئەوا دیارە ئەو كەسە ئامانجی ئابوریانەی هەیە....

- ئەگەر كەسێ هەموو ئامانجی تەنیا بەدەست هێنانی بڕوانامە بێت بەتەواوكردنی كۆلێژێ یان پەیمانگایەك ئەوا ئامانجی زانستیانەی هەیە...

- ئەگەر كەسێك مەبەستی گۆڕانكاریو داهێنان بێت ئەوا دیارە كەئامانجی نوێگەریو بەرەوپێش چوونی وولاتەیان هەندێ جار بۆناو بانگدەركردنە..

- ئەگەركەسێ ئامانجی ئەوەبێ ببێ بەزانایان گەیشتن بەسەرۆكایەتیو پلەی بەرز ئەوادیارە كەئامانجی بەرزو پیرۆزن، بەڵام دەبێت بزانین كە ئەركەكانیان گرانترە لەئامانجەكانی تر...

هەموو ئەمانە ئامانجی گرنگن، بەڵام ئەمانە بەیەكەوە ژیانێكی بەختەوەرتر بۆ مرۆڤ دەستەبەردەكەن نابێت لەپێناوی یەكێكیان ئامانجەكانی ترفەرامۆش بكەین، بەڵكوخاڵی گرنگ ئەوەیە دەبێت هەر ئامانجەو لەكات وشوێنی خۆیدا كاری بۆ بكەین، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی تریشەوە دەبێت لەوكاتەی سەرقاڵی بەدەستهێنانو كاركردنین لەسەر ئامانجێك هەموو تەركیزێكمان چڕبكەینەوە بۆئەو ئامانجە، ناكرێ لەیەك كاتدا كارلەسەر چەند ئامانجێك بكرێت چونكە پێگەیشنتنیان ئەستەمە، ئەگەر بەدەستیش بێن ڕەنگە ناكاملْ بنو دەروونو ویژدانمان پێیانو ئاسوودەنەبێت، هەروەك چۆن ڕاوكردنی چەند نێچیرێك لە یەك كاتدا چ لەلایەن ڕاوچیەوە چ لەلایەن گیانەوەرە دڕندەكانەوە واتا نەگەیشتن بەهیچیان!!

بۆنمونەئێمەكاتێ ئامانجمان نان خواردنە پێویستە هۆشو بیرمان لەسەرنان خواردنەكەبێت ئەگیناچێژی لێ وەرناگرین وسودیشی كەمتر دەبێت، هەر بۆیە خوالە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (فَلْيَنْظُرِالطَعَام مِمًّالخُلِق) واتە: ڕامێنن لەو خواردنە بزانن چۆنو لەچی دروستكراوە؟

پێویستەكاتێ دەخوێنین بخوێنین نەك ئاگامان نەلەخوێندن بێتو نەلەوكارانەی تر كەسەرقاڵی كردووین... بەداخەوە زۆرێك لە قوتابیانمان لەكاتی خوێندندا سەرقاڵی شتی لاوەكیو كات بەفیرۆدانن كەئەمەش دووریان دەخاتەوە لەئامانجە سەرەكیەكەیان كەخوێندنە...



# چیت پێخۆشە بیبەخشە تا باشتر لەوەت پێ ببەخشرێتەوە!

ڕۆشناساڵح

پەندێکی کوردی هەیە ئەڵێ (چی بچێنیت ئەوە ئەدروێتەوە یان دروێنەی ئەوە ئەکەیت).

گەر گونجاو بێت وێنەیەك مورادیفو هاوشانی دابنێم ئەوە ئەڵێم چیت پێ خۆشە بیبەخشە تا باشتر لەوەت پێببەخشرێتەوە، مرۆڤەکان بەفیترەت کۆمەڵایەتی دروستکراون‌و ناتوانن تەنهاو گۆشەگیر بژین، کەواتە پێکەوە بونمان مانای پێویستبونمانە بەیەکتری، بەوماناییەی ئەبێت کۆمەکی یەکتر بکەین‌و هاوکاری یەکبین ناتەواوییەکانی یەکتر تەواو بکەین.

گەرسەرنجی ژیانی هەرکەسێك بدەین ڕازو نیازو خۆزگەو خولیاو غەم‌و پەژارەی هەیە،ئاتاجە بەکەسانی تر تاهاوکاری بن لەپڕکردنەوەی کەلێنە مادی‌و مەعنەوییەکانیدا، بۆئەوەی ئاسودەبێت لەژیان. گەر سەرنجی ژیانی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) بدەین دەبینین هەریەکەیان بەتەواوی باوەڕو متمانەیان بەکردگارییان هەبووە، بەڵام ئەسبابو هۆکاریان گرتۆتەبەر بۆسەرخستنی پەیامەکەیان لەڕێی داواکردنییان لەخوای گەورە تا نزیکانییان هاوکاری‌و دەستبارییان بکەن بۆ سەرکەوتن پێغەمبەر موحەمەد (د.خ) دەپاڕایەوە لەخوا تا ئیسلام بەمسوڵمان بوونی (عومەرو حەمزە) بەهێز بکات پێغەمبەر(موسی) سڵاوی خوای لەسەربێت، داوا لەخوای گەورە دەکات کەڕێنمایی هارونی برای بکات تاهاوکاری بێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی کەواتە زۆر گرنگە داوا لەخوا پاشان کەسانی دەوروبەر بکەین تا بۆ ئەنجام دانی کارەکانمان یارمەتیمان بدەن لەهەمان کاتدا پێویستە خۆشمان ببینە فریاد ڕەس‌و هاوکاری کەسانی دەوروبەرمان بکەین لەکاتی پێویستیدا، ئەوکاتەی هاوکاری کەسێك دەکەین چەندە دەرونمان ئاسودە دەبێت وەدڵنیابە دەرگای خێرو چاکەو هاوکاریت بۆ خۆت کردۆتەوە چۆن ئەوە قەولی خوای گەورەیە کەپاداشتی کەسەکان بەباشترین شێوە دەداتەوە، کاتێك دەبینیت کەسێك پێویستی بەشتێکە بالاشت خۆشەویست بێت تۆپێی ببەخشە دڵنیابە خوای گەورە باشتر لەوەت پێ دەبەخشێت بەجۆرێك هەرگیز چاوەڕێی نەبویت، ئەوکاتەی وەفا بەرامبەر دۆستانت ئەنوێنیت ئەوکاتەی فرمێسکی ڕوخساری کەسێك ئەگۆڕیت بۆ خەندە، ئەوکاتەی سەردانی نەخۆشێك ئەکەیت ئەوکاتەی دوعا نزا بۆ کەسێك دەکەیت ئەوکاتەی بۆ ئاسودەکردنی کەسانی دەوروبەر تێدەکۆشیت، ئاسودەییەکی ڕۆحی وات بۆ فەراهەم بێت بەهەموو سەروەت‌و سامانی دونیا ناکڕدرێت کەواتە هاوکای دەورو بەربن، ژیان بەهاوکاری‌و تەبایی‌و پێکەوەبوون‌و خۆگونجاندن لەگەڵ هەموو بارودۆخێکدا مانای هەیەو جوانە.



و: شەیما یاسین

# با هاوەڵی چاك هەڵبژێرین!

هاوەڵی خراپ كاتێك دەكەویتە نێو كێشەیەكەوە یان توشی كارەستاتێك دەبیت ئەوكات دەستبەردارت دەبێتو وازت لێدێنێت، بەدوی كەسانی تردا دەگەڕێن.

كاتێك تۆ ناتەوێ بكەویتە نێو بازنەی گوناهو حەرامەوە ئەوان هەوڵدەدەن سەرەنجت رابكێشن و گوناهو تاوانت لا برازێننەوەو توشت بكەن، ئەوەتا خوای كاربەجێ لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: (وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَاءَ فَزَيَّنُوا لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَحَقَّ عَلَيْهِمُ الْقَوْلُ فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ إِنَّهُمْ كَانُوا خَاسِرِينَ) فصلت ٢٥

لێرەدا ئاماژە بە سەرگوزشتەی هاورێیەكم دەكەم كە دانیشتوی گەرەكەكەمانە، ناوبراو نوێژی نەدەكرد ئەوكاتانەی لای من بوو لە شەرماندا نوێژی دەكرد، نەك لە ترسی خوای گەورە،

بەڵام كاتێك لەماڵەوە دەبوو بە ئارەزووی خۆی نوێژی دەكرد، ژیانی بەشێوەیەك بوو بەرۆژ دەنوستو شەوانیش شەونخونی دەكرد بەدیار فلیم و بەرنامەو درامای حەرامەوە.

جارێكیان تا بەرەبەیان نەنووست بە دیار گۆرانی بێژە بژاردەكەیەوە، ناوبراو نەدەنوست تا گوێی لە گۆرانیەكانی ئەو گۆرانی بێژە نەبوایە.

ناوبراو وتی: كاتێك چاوەكانم داخست دەنگێكی گەورە پڕاوپڕی ئەو شوێنە بڵاوبۆوە هەستم كرد دەنگی بانگە، هەستم كرد بانگەكە زۆر درێژەی كێشا، زمانم هەڵەی كردو وتم ئێستا كەی كاتی ئەم وەرس كردنەیە، خۆزگە زمانم ئەم هەڵەو لادانەی نەكردایە، چونكە باجی ئەم قسەیەمدا، نرخەكەی زۆر گران كەوت لەسەرم، وتی: دوای ئەوە هەستم بە شتێك كرد لە گوێمدا، بایەخم پێنەدا، نوستمو نوێژەكانم نەكرد، بەڵام ئەوكەسەی گوێی لێم بوو هەرگیز نانوێت (أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَاهُمْ بَلَىٰ وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ) الزخرف ٨٠.

وتی: كاتێك لەخەو هەستام و چوم بۆلای كەسوكارەكەم بینیم پێكەوە قسە دەكەن، بەڵام هیچ گوێم لە قسەكانیان نەبوو پێم وتن: بۆچی دەنگتان بەرز ناكەنەوە، وتی: نەمدەزانی خوای گەورە لە ئاسمانەوە بڕیاری داوەو توشی كەڕی بومەو دوای ئەو بانگە گوێم لە هیچ ورتەو قسەیەكی تر نەبوو.

ناوبراو هات بۆ لامو چەند نوسراوێكی پێبوو، راپۆرتێكی پزیشكی پیشان دام كە باس لەوە دەكات كە دەزگای بیستنی لەدەستداوەو هیچ ئومێدێكی نیە بۆ بیستن مەگەر ویستی خوای گەورەی لەسەر بێت بە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەكی گوێ بۆی، ئەم نەشتەرگەریەش تێچووەكەی سەد هەزار ریاڵ دەبێت.

هاورێكەم ئازار و نیگەرانیەكانی خۆی لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا بۆ گێڕامەوەو دەیوت بەخودا سەرجەم هاورێكانم وازیان لێ هێنام، دامان نابوو هەبوو پێكەوە گەشت بكەین، بەڵام وازیان لێ هێنامو وام لێهات بە تەنها لە ماڵەوە دادەنیشتم، لەو ماوەیەدا هەستم بەناخۆشیو نارەحەتیو تەنگەتاوییەكی ئەوتۆ دەكرد مەگەر هەر خوا بزانێت

چەندە، خەمو پەژارەکانم بە ئەندازەیەك بوو بیرم لە خۆکوشتن دەکردەوە.

دەیوت: بڕوا بکە خۆزگەم دەخواست هەر بەکەڕی لەدایك بومایە هەر نەبێت هاوڕێیانێکم دەبوو بە زمانی ئاماژەکردن لێیان تێدەگەیشتمو لێم تێدەگەیشتن.

هاوڕێیانی زێدە ئازیز کەی هەست دەکەین بە نیعمەتو بەخششەکانی خوای گەورە بەسەرمانەوە، ئەم بەڕێزە تەنها یەکێك لە هەستەوەرەکانی لەدەستدابوو ئاوها توشی خەم و پەژارەو ناڕەحەتی بوو (إِنَّ الْإِنْسَانَ خُلِقَ هَلُوعاً * إِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ جَزُوعاً * وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعاً * إِلَّا الْمُصَلِّينَ *) المعارج ١٩-٢٢.

بەڕێزانم بگەڕێ بەدوی هاوەڵەکانداو لەسەر بنەمای خواناسیو ڕەوشت بەرزی هەڵیان بژێرە، گەر هاوەڵەکانت یارمەتی دەر بوون بۆ خواپەرستی و کردووەی چاك و دورکەوتنەوە لە گوناهو تاوان و خراپەکاری ئەوا چاکترین جۆری هاوڕێیەتیە کە بەرەو بەهەشتی بەرینت دەبات بە ویستی خوای گەورە، گەر هاوڕێکانت تاوان و لادان و خراپەکاریت لا شیرین بکەن و برازێننەوە، خوا پەرستیت لا قورس و گران بکەن ئەوا خراپترین جۆری هاوڕێیەتیە کە بەرەو دۆزەخ و خەشم و تورەیی خوا ڕاپێچت دەکەن، خوای گەورەش لەم بارەیەوە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی:

(الْأَخِلَّاءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ)الزخرف ٦٧

(وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ يَا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلًا، ياويلتي ليتني لم أتخذ فلانا خليلا، لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءَنِي وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلْإِنْسَانِ خَذُولًا) الفرقان ٢٧- ٢٩



# ئایا ژن جوانترە لە مانگ

بۆ ئیمامی مالیك هەڵەی کردو قسەکەی ئیمامی شافیعی ڕاست بوو.

پیاوێك هاتە خزمەت ئیمامی مالیك و پێی وت: ئەی ئیمام من وتومە بەژنەکەم ئەگەر لەمانگ جوانتر نەبێت ئەوا بڕۆ تەڵاقم دایت. ئێستا تەڵاقەکەم کەوتووە یان نا؟! ئیمامی مالیك پێی وت: تەڵاقەکەت کەوتووە، چونکە ژنەکەت لەمانگ جوانتر نیە. پیاوەکە بەغەمباری گەڕایەوە، ئیمامی شافیعی کەزۆر حەزی دەکرد لەفەتواکانی ئیمامی مالیك ئاگادار بێت هاتە سەر ڕێی و لێی پرسی: چیت لەئیمامی مالیك پرسیو ئەویش چی وەڵامی دایتەوە؟ پیاوەکەش بەسەرهاتەکەت بۆ گێڕایەوە، ئیمامی شافیعی پێی وت: ژنەکەی تۆ لەمانگ جوانترە.

پیاوەکە ناوچاوی گرژ کردو وتی: تۆ ژنەکەی منت بینیوە؟! ئیمامی شافیعی وتی: نەخێر نەمبینیوە، بەڵام خوای گەورە دەفەرموێت: (لقد خلقنا الانسان في احسن تقويم) واتە: مرۆڤمان لەجوانترین شێوەدا دروستکردوە. کەوا بوو مرۆڤ لەمانگ جوانترە. پیاوەکە گەڕایەوە بۆ لای ئیمامی مالیك و قسەکەی ئیمامی شافیعی بۆ گێڕایەوە. ئیمامی مالیك وتی: (والحق احق ان يتبع، اخطا مالك واصاب الشافعي) ڕاستی لەپێشترە پەیڕەو بکرێت، مالیك هەڵەی کردو شافیعی پێکای.

ئەمە لەکاتێکدا بوو کە ئیمامی شافیعی قوتابی ئیمامی مالیك بوو.



# چاوەڕوانی هیوا بەخشە

سۆزان ئەحمەد

ڕەوتی ژیان وەهایە نەوە لە دوای نەوە دێت و سـەدەو سەردەمەکان تێ دەپەڕن ساڵ دوای ساڵو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پڕۆسـەی ژیان لەسەر ڕووی ئەم زەمینە بەردەوامی هەیە.

ژیانـی هـەر یەكێك لـە ئێمەی مرۆڤیش چەند تەمـەنو قۆناغێکە، لـە هەر کام لەم قۆناغ و تەمەنانەش چەندیـن خولیاو هیـواو چاوەڕوانی هەیـە بەجۆرێك هەتا سـاتی مردنو دوایی هاتنی ژیانو چرکەسـاتەکانی تەمەنمان ئـەو خولیاو چاوەڕوانیانە بونیـان هەیـە، بـە واتایەکـی تـر ژیانـی هەریەکێك لـە ئێمەی مرۆڤ بریتیـیە لە چاوەڕوانـی، چونکە لە هەر تەمەنێك چاوەڕوانی گۆڕانکاریو خولیاو ئاواتی هەمەچەشنەین کە لە ساتەکانی داهاتووی تەمەنمان بێنەدی، لـە منداڵـی دا حەزو خولیـای زۆرو جۆراوجۆرمان هەیە لەگەڵ ئەوەشـدا زۆر حـەز بـە گەورەبوونـی خۆمان دەکەیـنو خـەون بـە گەورەبونەوە دەبینیـن، زۆربەی کات بـە خەیاڵی گەورەبوونـی خۆمـان تەمەنـی منداڵیمان بـەڕێ دەکەین، کاتێکیش گەورەبووین چەندین خۆزگەو حەزی تر چاوەڕێ دەکەینو لەگەڵمان دەژین، دواجار دەبنە بەشێك لە ژیانمان.

ئەمڕۆمـان بـەڕێ دەکەیـنو چاوەڕوانی بەیانـی دەبین، هەربۆیە ئەمـڕۆ هیوامـان بـە سـبەینێ یە.. ڕەنگە ئەگەر چاوەڕوانی نەبێت ژیان زۆر بێماناو بێچێژ بێت!

ئێمـە لە ژیاندا بـە هیچ ناگەین تـا ئـەوەی ئامانجێکمـان هەبێـتو چاوەڕوانـی بەدی هاتنی بین، دەکرێ بژیـن بـێ ئـەوەی چـاوەڕوان بین بەڵام ژیانێکی بـێ ئامانجو بێ هیوا، چاوەڕوانی هیواو ئاوات دروستدەکاتو هۆکارێکیشـە بۆ گەیشـتنمان پێیان، چونکە بـە بێ چاوەڕوانـی ژیانیش مانـای نابێـت، ئەگـەر تـۆ ئێسـتا هەموو شـتێکت بە دەست هێنابێتو بـە هەمـوو خۆزگەو ئاواتەکانیشـت گەیشـتبیت چاوەڕوانی چی دەکەیت جگە لە مردن! بۆ ئەوەی ڕەوتی ژیان بەردەوام بێت، چاوەڕوانی بوونی هەیە کـە هەریەکە لە ئێمەی مرۆڤ ژیانی خۆی لەسەر چەندین خۆزگەو ئاوات بنیات ناوە، کەواتە چاوەڕوانی ژیانە، هیوایە، وزەو هێزە بۆ بەردەوامبوونو هەنگاونـان بۆ سـەرکەوتن بەسـەر پلیکانەکانـی تەمـەن، چاوەڕوانـی یەکسانە بە بەردەوامی، بەردەوامیش ئارامگریو خۆڕاگری پێویسـتە هەتا ئەو سـاتەی دەگەیتە ئەو ئەنجامەی کە چاوەڕێی بویت.

توانای چاوەڕوانی کردنیش خودی هیوابوونـە، حەقیقەتـی نەمانی بێ هیواییە، بۆ نمونە هەر لەم سـاتەوە چاوەڕوانـی ئەو شـتە بکە کە ئاواتی بۆ دەخوازی، ئیتر لێرەوە گۆڕانکاری دەسـت پێ دەکات و هیوایەك لەدایك دەبێـتو زیندوودەبیتـەوە، زۆر جار چاوەڕوانی ئازار بەخشـە بەڵام ژیان لە بێ هیوایدا زۆر بە ئازارترە.

پێویستە لە ژیاندا هێواش هێواش هەنـگاو بنێین و پەلەنەکەین تا ئەو کاتەی ئامەنجەکان بەدەست دەهێنین، نابـێ هەڵپـەی بەدەسـت هێنانـی ئاواتـەکان خـودی مەبەسـتو نرخو بەهای دەسـتکەوتەکان لەنـاو ببات، کەواتە مەبەستی ئێمە لە چاوەڕوانی پەلەنەکـردنو بوونـی خولیـاو ئاواتـی زۆرە، مانـاو مەدلولێکی تری بابەتەکەمان ئەوەیە هەرکات ئەوشتە هاتـە دی کـە ئاواتەخـوازی بویـن، نابێ چاوەڕوانی دەرفەتو گۆڕانکاری بیـن کە خۆیان سـڵاومان لێ بکەنو بۆمان بڕەخسـێن، چونکە چاوەڕوانی بوونـی هیوایە هەرکات ئـەو هیوایە هات خۆمان دەرفەت دەڕەخسـێنینو هەوڵـی گۆڕانـکاری دەدەیـن نەوەك تەنها چاوەڕێ بکەین.



# زیرەکی سۆزداری منداڵ بەرپرسیارێتی دایكو باوکە

و: هاورێ یاسین

زۆر کەس درك بەوە ناکەن کە زیرەکی سۆزداری لای منداڵ زۆر پێویستە بۆ هاوسەنگ کردنی هاوکێشەی هەستەکانی بەرامبەر بە دایكو باوکی.

لە نێو هەندێ خێزاندا مەودای پانتاییو بەربەستی گەورە هەیە لە پەیوەندی نێوان باوانو نەوەکاندا، بەجۆرێك کە دواتر سەرهەڵدەدات بۆ تۆرانی منداڵ لە دایك وباوکی.

هەندێ منداڵ هەیە کاتێك لەگەڵ دایکیدا بەرێدا دەڕوات هەست بە شەرمەزاری دەکات، چونکە دایکی کێشی زۆرەو قەڵەوە، یان منداڵی وا هەیە حەز ناکات بە تەنها لەگەڵ باوکیدا بێت، چونکە دەزانێت باوکی هاوارو قیژەی بەسەردا دەکات، لە کاتێکدا منداڵەکە هەڵسوکەوتێك دەکات کە سروشتیە بۆ تەمەنەکەی. منداڵی وا هەیە دایکی زیاتر خۆشتر دەوێ لە باوکی، چونکە بە نەرمو نیانی هەڵسەکەوتی لەگەڵدا دەکات، بە پێچەوانەشەوە منداڵی وا هەیە باوکی خۆشتر دەوێ لە دایکی چونکە باوکی بەخشندە ترە لە کڕینی ئەو شتانەی کە داوای دەکات.

دروست بونی پەیوەندی نێوان باوان و نەوەکان لە سەرەتای تەمەنی منداڵەوە زۆر گرنگە بۆ گەشەپێدانی زیرەکی سۆزداری، بۆ بەجێهێنانی هاوسەنگی ئەم پەیوەندیە پێویستە ئاگاداری منداڵەکە بن.

## زیرەکی سۆزداری چیە؟

زیرەکی سۆزداری منداڵ بە مانای توانای دروستکردنی هاوسەنگی هەستو سۆزی منداڵ دێت بەرامبەر بە دایكو باوکی، بە جۆرێك پاش ماوەیەك هەست بە تاوان نەکات کاتێك بیری کەوتەوە کە دایکە قەڵەوەکەو باوکە توڕەو زبرەکەی خۆش نەویستووە.

هەندێ منداڵ هەیە هەست بە ئاسودەییەکی زۆر دەکەن کاتێك کە هاورێکانیان سەردانیان دەکەن، بەڵام دواتر نیگەران دەبن کاتێك باوکیان یان دایکیان دەبینن هیچ گرنگیەك بە میوانەکانی نادەن.

ئەم کارانە زۆر گرنگن بۆ منداڵ و یارمەتی دەدات بۆ گەشەکردنی زیرەکی سۆزداریان کاتێك دەبینن باوکیان بە نەرمو نیانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات، بە هەمان شێوەش کاتێك کە سەردانی هاورێکانی دەکات.

دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی منداڵ دەبێتە هۆی دورکەوتنەوەی منداڵ لە گێلی سۆزداری، منداڵی وا هەیە لە ماڵانی تردا زۆر چاوچنۆکە لە خواردندا، وا هەست دەکەن کە خواردنێکی

زۆرخۆشیان دۆزیوەتەوە لەماڵێ خۆیاندا نەیانخواردوە، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تەمەڵی دایکی لە ئامادەکردنی خواردن بە گوێرەی حەزوو ئارەزووی منداڵەکەی.

هەروەها بابەتی گرنگی دانی منداڵ بە کەرەستەی یاری منداڵانی تر، چونکە باوکیان نازانن ئەو جۆرە یارییانەیان بۆ هەڵبژێرن کە منداڵەکانیان حەزیان لێیەو کۆمەڵێك یاری دەسەپێنن بەسەریاندا کە حەزیان لێی نیە .

هەندێك جار ئەو شتانەی کە منداڵ لە ماڵەوە نیەتی وەکو گەوهەرێك دەستی دەکەوێت لە ماڵانی تردا کە زۆر جار رەنگە ئەو شتە شتێکی بێ نرخ بێت.

لە ئەنجامی ئەمەشدا زیرەکی سۆزداری منداڵ توشی خەلەل دەبێت و وا هەست دەکات کە دایك و باوکی هیچ گرنگیەك بە حەز و پێویستیەکانی نادەن.

زیرەکی سۆزداری منداڵ دادەنرێت بە کاریگی گرنگ لە گەشەکردنی زەوق و سەلیقەی منداڵ لە داهاتوودا، ئەو منداڵەی کە لە ژینگەیەکدا دەژین کە هەستی هەڵبژاردنێکی دروستیان نیە بۆدیاری کردنی پێداویستیەکانیان، ئەوا دەبێتە هۆی نەمانی هەستی سۆزداری منداڵەکە بۆ زانینی ئەو شتانەی کە پێویستێتی تا وای لێدێت بژاردەکانی هەڵە دەبێت جا لە نێو ماڵدا بێت یان لە قوتابخانەدا بێت.

باشترین نموونە لەسەر ئەمە ڕۆشتنی منداڵە بۆ قوتابخانە بە جلوبەرگێك کە نارێك و پیسە لەچاو جلوبەرگی هاوڕێکانی، ئەمەش دەبێتە هۆی گاڵتەپێکردنی لەلایەن هاوڕێکانیەوە، ئەمەش هۆکارەکەی تەمەڵی و گرنگی پێنەدانی دایکێتی لە ڕێکخستنی منداڵەکە بۆ قوتابخانە. ئەم کارەش منداڵەکە دەکاتە منداڵێکی فەوزەوی و بێ زەوق لە ئایندەدا، ئەمەش وا دەکات کە سەرسام بێت و هەمیشە پرسیار لە خۆی بکات ئایا کەسوکارەکەی هەڵەن یان کەسانی تر زێدەڕەوی دەکەن.

زیرەکی سۆزداری و خۆشەویستی دایك وباوك:

یەکێك لە گرنگترین لایەنەکانی زیرەکی سۆزداری لای منداڵ ئەوەیە کە فێر بکرێت کە چۆن بە شێوەیەکی یەکسان دایك و باوکی خۆشبوێت .

لێرەشدا هەندێك ئامۆژگاری گرنگ دەخەینە ڕوو کە گرنگە بۆ گەشەکردنی زیرەکی سۆزداری لای منداڵ کە بریتین لە:

دایك و باوك بە خراپە باسی یەکدی نەکەن لای منداڵەکانیان، کاتێك کە دایك و باوك یەکێکیان کێشەیەکیان هەیە پێویستە ئەوی تریان گەورەی نەکات، هەروەها پێویستە دایك و باوك شەڕ و دەمەقاڵێ نەکەن لەبەرچاوی منداڵەکانیان، چونکە دەبێتە مایەی لەناوبردنی زیرەکی سۆزداری منداڵەکانیان.

پێویستە منداڵ فێری ئەوە بکرێت کە چۆن هەست بە بەختەوەری بکات چونکە ئەمە یارمەتیدەرێتی بۆ بەدەستهێنانی زیرەکی سۆزداری و هاوسەنگیەك لای منداڵ درووست دەکات، ئەمەش وا لە منداڵەکە دەکات بیر لە لایەنە ئەرێنیەکانی ژیان بکاتەوە پێش لایەنە نەرێنیەکان.

فێرکردنی منداڵ بەوەی کە لەژیاندا پوختی و تەواوی نیە و مرۆڤ هەمیشە لەوانەیە بکەوێتەوە هەڵەوە، بەڵام گرنگ بەردەوام نەبونە لەسەر هەمان هەڵە و کەمووکورتی.

لەکاتی دروستبونی کێشە لە نێوان دایك و باوکدا پێویستە خۆیان بەدوور بگرن لە باسی تەڵاق و جیابونەوە لای منداڵەکانیان، چونکە باسکردنی دەبێتە مایەی لەناوبردنی تەبایی نێو خێزان.

ستایشکردنی باوك لە لایەن دایکەوەو، بەپێچەوانەوە ستایشکردنی دایك لە لایەن باوکەوە لە بەردەم منداڵەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ هاوسەنگ بێت لە بڕیاردان لەسەر کەسانی تر . ڕێزگرتنی میوانەکانی منداڵ لەلایەن دایك و باوکەوە وا لە منداڵ دەکات کە هەست بەوە بکات کە ئەندامێکی گرنگی نێو خێزانەکەیەتی و ئەمەش یارمەتی دەری دەبێت لە داهاتوودا ڕێز لەهەموو کەسێك بگرێت.

هاندانی منداڵ بۆ دەربڕینی بۆچونەکانی لە بەردەم خەڵێکداو دورکەوتنەوە لە بێدەنگکرددنی منداڵ کاتێك کە دەیەوێت بۆچونەکانی دەرببڕێت.

وا لە منداڵەکەت مەکە کە دابڕاو بێت و تێکەڵی خەڵکی نەبێت، چونکە دەبێتە مایەی لەناوبردنی ئارەزووی فێربون لە کەسانی تروە .

فێرکردنی منداڵ بەوەی کە هیچ مامەڵەیەکی جیاواز نەکات لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا ، هاندانی منداڵ بەوەی کە کۆمەڵگا لەو دوو ڕەگەزە پێك دێت.

ئەو ئامۆژگاریانەی کە باسمان کرد بە ڕەچەتەیەکی تەواو دادەنرێت بۆ گەشەکردنی زیرەکی سۆزداری منداڵ بە جۆرێك وای لێدەکات کە توانای پیشاندانی هەستەکانی هەبێت بەشێوەیەکی یەکسانو دوور لە گرێی دەرونی.

نەبونی زیرەکی سۆزداری لای منداڵ بەیەکێك لە هۆکارەکانی دروست بونی گرێی دەرونی دادەنرێت.

گرنگترین شت بۆ بەدیهێنانی زیرەکی سۆزداری لای منداڵ ئەوەیە، هەر لە بچوکیەوە فێربکرێت، کە چۆن دایك و باوکی خۆشبوێت، چونکە دایك و باوك وەك دووتای تەرازوویەك وان بۆ هاوسەنگ کردنی کەسایەتی منداڵ..



# ناڵەشکێنە ٤

تۆفیق کریم صالح

## کە تیغت دڵ دەکا دوو قەد، دەدا تەبشیری (قد افلح) دەنوسێنن لە صەفحەی سینە تەفسیری (الم نشرح)

به بۆچونی (مەحوی) و زۆرێك لە خواناسانی مەشرەب سۆفی، مرۆڤ چەندە هەوڵبدات و چاکەکار بێت، لەوە لاوازترە بە تەنها خۆی زاڵبێت بەسەر دڵ و دەرونیدا، لە فەرمودەشدا هاتوە (اللهم لا تكلني الي نفسي طرفة عين) پەروەردگارا هێندەی چاو تروکانێك بە دەرونم مەسپێرە، کەواتە مرۆڤەکان بە هەموو هەوڵو کۆششەکیانەوە پێویستیان بە خۆشەویستەکەیانە کە بەهانایانەوە بێتو لەو زۆرانبازیەی نێوان خۆیانو دەرونیاندایە سەریان بخات.

ئەو بە هاناوە چونەش بۆ کەم کەس رێکدەکەوێت، ئەوەی کارێکی وای بۆ رێکدەکەوێت و خۆشەویستی خۆشەویستەکەی هێندە دڵی پڕ دەکات، ئیتر جێگەیەك بۆ خراپەی دەرون نامێنێتەوە (کە تیغت دڵ دەکا دوو قەد) جا هەر کەسێك گەیشتە ئەو پلە بەرزەو خۆشەویستەکەی ئەوەندە لوتفی لەگەڵ کرد (دەدا تەبشیری (قد افلح).

ئەو کاتە مژدەی دەداتێ کە ئیتر بەسەر دەرونیدا زاڵ بووە وەك قورئان دەفەرموێت (قد افلح من زكاها) کەواتە ئەمە مژدەی سەرکەوتنە، یان مژدەی دەداتێ کە ئیتر هەموو خەسڵەتە جوانەکانت تێدا کۆبوەتەوە ئەوانیش پوختی کراونەتەوە لەو دە خەسڵەتەی کە قورئان موژدە دەدات بەوانەی تیایاندایە (قد افلح المؤمنون، الذين هم في صلاتهم خاشعون والذين هم عن اللغو معرضون .....)

کەواتە (قد افلح) ی شیعرەکە دروستە بۆ هەردوو ئایەتە پیرۆزەکە ئاماژە بێت، جا هەر کەسێك بەختەوەر بوو بەو پلەوپایە بەرزە ئەو کەسە ئیدی لە دڵی مۆری خۆشەویستی لێی دەنوسرێت و پێی خەتم دەکرێت کە ئیتر ترسی زاڵبونی نەفسی نامێنێت (دەنوسێنن لە صەفحەی سینە تەفسیری (الم نشرح) ئاماژەکە رونە باسی روداوی لەتکردنی سنگی پێغەمبەری خوا دەکات (د.خ) ئایەتی (الم نشرح لك صدرك) ی کردوە بە بەڵگە جا لەتکردنەکە مادی و بەرجەستە بوبێت، یان لەتکردنێکی مەعنەوی، گرنگ لای (مەحوی) ئەوەیە ئەو دەروونە لە دوای روداوەکەوە ئیدی جێگەی جگە لە خۆشەویستی تێدا نەماوەتەوەو بۆ ئەو یەکلابۆتەوە .

بێگومان (دڵ) هەر بە گوشراوی و تەنگیەوە دەمێنێتەوە، هەتا وەکو لوتفی خۆشەویستی بۆ دەکەوێتە کار و گوشادی دەکات ، کە بۆچونی مەحوی ئەم گوشاد کردنە شەرحکردنێکی مەعنەویە، (تیغ) (برەرەکەش) هەر تێغێکی مەعنەوی بووە، بۆیە ئەمیش بۆی دەپارێتەوە داوا لە خۆشەویستەکەی دەکات کە لە منیشدا دوبارە بێتەوە بەڵگەکەشی دەقی قورئانە:

دڵی مەحوی لەسینەی تەنگیا
هەر ما بە دڵتەنگی
بەجاهی موسەوی بۆ مەش
وەکو بۆ ئەو بوو (رب اشرح)

من وا دەزانم مەحوی لە بەیتی یەکەمدا دەڵێت هەر ئەو کەسانەی کە دڵیان بە خۆشەویستی خاوێن بۆتەوە (کە تیغت دڵ دەکا دوو قەد دەدا تەبشیری (قد افلح) هەر ئەوانە بە تەواوی لە مانای دڵ گوشاد کردن تێدەگەن کە دڵ گوشاد کردنێکی مەعنەویە نەك مادی، (دەنوسێنن لە صەفحەی سینە تەفسیری (الم نشرح).



# بەختەوەری ڕاستەقینە لەچیدایە!

بەختەوەری وشەیەکی سوكو سانایە لەسەر زمان و دڵ و دەروونی هەر مرۆڤێکدا، هەستێکی ناوەکیەو مرۆڤ هەستی پێدەکات، خۆی لە دڵ ئارامی ناخوو دڵنیایی دڵ دەروونو سنگفراوانیو حەسانەوەی ویژداندا دەبینێتەوە.

هەر مرۆڤێك هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی بەختەوەری لە ژیانیدا، زۆر کەس وا دەزانێت بەختەوەری لە ماڵو سامانو پارەو پولدایە، هەشە وای دەبینێت بەختەوەری لە خانوی جوانو ناوازەدایە، یان لە بونی منداڵو نەوەی زۆردایە، یان لە پلەوپایەو پۆستدایە، بەختەوەری لای هەندێك بریتیە لە ژیان لە نێو سروشتێکی جوانو دڵڕفێندا یان گەشتوگوزارو ناسینی خەڵکانی تر، هەندێکیش بەختەوەری لە کارو پیشەو خوێندندا دەبینێتەوە، بۆیە خەڵکی لەم بارەوە خاوەنی ڕێچکەو دیدوبۆچونی جیاوازن.

هەر مرۆڤێك مافی خۆیەتی بە خۆشیو بەختەوەری بژی، زۆرجار بەختەوەری لەبەر دەستماندیەو بەڵام سەرەنجی نادەینێو لەدەستی دەدەین، پێویستە ئەو ڕاستیە بزانین بەختەوەری سەرەتا دیاری و بەخششی پەروەردگارە بۆ مرۆڤەکان، خۆی لە بارێکی گیانیو ژیریو هەستەوەریدا دەبینێتەوە.

هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێدان خۆشی و چێژی دنیایی کاتینو کۆتاییان پێ دێت، ئەو مرۆڤانەی تەنها لە پێناوی ئەم جۆرە بەختەوەریو خۆشیانەدا بژینو هەوڵ بۆ ئەوانی تر نەدەن ئەوا تامو چێژی بەختەوەری ڕاستەقینە ناکەنو لە ڕۆژی دواییدا هیچ پشكو بەشێکیان نیە.

گەر ماڵ و سامان سەرچاوەی بەختەوەری بوایە ئەوا (قارون) زۆر بەختەوەر دەبوو، گەر پۆستو پلەو پایە مایەی بەختەوەری بوایە ئەوا (هامان) وەزیری فیرعەون بەختەوەر دەبوو.

بۆیە بەختەوەری ڕاستەقینە بریتیە لە ناسینی خوداو پەرستنیو دورکەوتنەوە لە گوناهو تاوانو قەدەغەکراوەکان، واتە وابەست بوون بە ڕێگایەکی ڕاستو ڕەوانەوە، هەروەك خوای کاربەجێ فەرموویەتی: (فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلاَ يَضِلُّ وَلاَ يَشْقَى) طه ١٢٣